# ڕاپۆرتی کارگێڕیی
# دەڤەری کەرکووک

( ماوەی ١ی کانوونی دووەم تا
٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩ )

لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانی
سەربەست کەرکووکی

بنکەی ژین
سلێمانی ٢٠٠٦

٩٥٦,٧١٤
ك ٩٢٦ کەرکووکی، سەربەست (وەرگێڕ)
ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکووک (ماوەی ١/١ تا ١٢/٣١/ ١٩١٩)/ وەرگێڕانی سەربەست کەرکووکی.- سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٦.
١٨١ل: بەڵگەنامە، (١٦,٥ × ٢٣ سم).
پاشکۆ: نەخشە، وێنە، ل (١٦٥-١٨٠).
١- کەرکووک- مێژوو ئ- ناونیشان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پێڕست و پۆلێنی ئامادە کردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ٣٦
کتێب: ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەرە کەرکووک (ماوەی ١ی کانوونی دووەم تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩)
وەرگێڕ: سەربەست کەرکووکی
تایپ: محەمەد هۆگر شاڵی
مۆنتاج: ڕێنوار
بەرگسازی: قادر میرخان
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ١٠٠٠
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان
ژمارەی سپاردن: ٢٧١ی ساڵی ٢٠٠٦

لە بڵاوکراوەکانی
**بنكەی ژین**
بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
هەرێمی کوردستانی عیراق- سلێمانی، گەڕەکی ١٠٤ ئاشتی، کۆڵانی ٣٩، ژمارەی خانوو ١٠،
(بەرامبەر بە قوتابخانەی سەرەتاییی ئەردەڵان)، سنووقی پۆست: ١٤
تەلەفۆن: ٣١٣٣١٠٥ مۆبایل: ئاسیا ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤
E.mail: bnkaizhin@ yahoo.com

# سەرەتایەکی پێویست

ئەم نووسراوە، سەبارەت بە یەکێك لەو دۆکیومەنتە هەرە گرنگانەی حکوومەتی پاشایەتی بریتانیای گەورەو، هی ئان و ساتێکی زۆر گرنگی بڕیاردانە لەسەر دواڕۆژی کوردستان بەگشتیو، کوردستان بەتایبەتی.

ئەم ڕاپۆرتە کە نوسخەیەکی کۆکپیکراوی لە ئەرشیڤی کتێبخانەی کوردستانی (مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی–لەندەن)دا، هەڵگیراوە، ئەسڵەکەی بە ژمارە 139764– 5069/.Fo. 371، لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە لەندەن پارێزراوە (بڕوانە: پەراوێزی ژمارە ١ی دەقە تەرجەمەکراوەکە).

ڕاپۆرتەکە، ڕاپۆرتی کارگێڕی و هی بابەت و ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٩یە. لەلایەن کاربەدەستانی ئەو ساتانەی دەڤەری کەرکوك و میزۆپۆتامیاوە، وەك ڕاپۆرتی ڕەسمی بۆ وەزراەتی دەرەوەی بریتانیا نووسراوە" پێك هاتووە لەم بەش و بابەتانەی خوارەوە:

(١) عەشایرو بابەتی گشتی

- سنووری دەڤەرەکە
- ڕێگەوبان و پەیوەندیەکان
- سەرژمێری خەڵکەکە
- فەرمانبەران
- عەشیرەتە ناودارەکان
- ئەنجومەنی دەڤەرەکەو شتی تر
- بابەتی گشتی

(٢) قانوون و سیستەم

(٣) لیڤی (لیوی) و پۆلیس

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٤) کشتوکاڵ

(٥) ئاودێری

(٦) کەش‌وهەوا

(٧) داهات

- داهاتی زەوی
- باجی مەڕومالاّت
- وردە داهات
- داهاتی قەرزەکانی دەوڵەتی عوسمانی
- گومرك
- پوختەی داهاتەکانی باج

(٨) تاپۆ

(٩) وەقف و ئەوقاف

(١٠) پەروەردەو خوێندن

- قوتابخانە گشتیەکان
- حوجرە (قوتابخانەی مزگەوتەکان)

www.zheen.org

(١١) سوپا

(١٢) شارەوانیەکان

(١٣) پزیشکی و تەندروستی

(١٤) بابەتی هەمەجۆر

- چاپخانە
- کۆبوونەوەکانی شارەوانی‌ی دەڤەری کەرکووك

گرنگی‌ی ئەم ڕاپۆرتە، جگە لە فراوانی و ڕاشکاوی بابەتەکانی، خۆی لەم چەند خالاّنەی خوارەوەشدا دەبینێتەوە:

١- بۆ کاروباری سنووری بەڕێوەبەرێتی‌ی دەڤەرەکە:

لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوە دراوە کە، بەپێی بڕیارەکانی دەسەلأتدارانی بریتانیا، ئەو بەڕێوەبەرێتیە ئیداریانەی کە لە وەختی عوسمانیدا هەبوون، هەلوەشێنراونەتەوەو، سەرەتاکانی ئەو نەخشە ئیدارییە دەست نیشان کراوە، کە پاشان بەناوی لیوا (ئوستان)ی کەرکووکەوە ناونراو، خرایە سەر نەخشەی تازە دەولەتی عیراق" مەبەست ئەو چوارچێوە ئیداریەیە کە تاکوو سەرەتاکانی پیلانی سیستماتیکی بەعەرەبکردنی دەڤەرەکەو، تا ١٩٦٧ هەروەك خۆی مابوو.

٢- ڕاپۆرتەکە بە باشی باسی وردەکاری و سەرەتاکانی دروستکردنی ڕێگاوبان و ئامرازە تازە باوەکانی پەیوەندی دەکات، وەك هێلی شەمەندەفەر و پۆست و تەلەگرام. ئەمەش دەکرێ ببێتە بنەماو سەرەتایەکی مێژوویی بۆ بابەتی ڕێگەوبان و هۆکارەکانی پەیوەندی، چ لەناو دەڤەرەکە خۆی و چ پەیوەندیەکانی بە دەڤەرو لیواکانی ترەوە.

٣- هەر بە هەمان شێوە دەکرێ، ئەم ڕاپۆرتە بکرێتە سەرەتای مێژووی نوێی هەموو ئەم بابەت و باسانەی خوارەوە، لە شاری کەرکووك و شارۆچکەکانی دەڤەرەکەیدا:

- سەرەتاکانی دامەزراندنی سیستەمی تازەی دادگاو دەزگاکانی دادگاییکردن.
- سەرەتاکانی دامەزراندنی سیستەم و دامەزراوەکانی هێزی پۆلیسی حکوومەتی.
- مێژووی لێکۆلینەوە لە شێوازو جۆرەکانی وەرگرتنی باج و گومرك و تاپۆ.
- دامەزراندنی سیستەمی نوێی پەروەردەو قوتابخانەکانی خوێندن و، مێژووی ئەو جۆرە قوتابخانە نوێیانە، چ لە کەرکووك و چ لە شارۆچکەکانی دەڤەرەکە.
- بۆ ناسینی سەرەتاکانی سیستەمی تازەی پزیشکی و خەستەخانەو دامودەزگا تەندروستیەکان لە کەرکووك و دەڤەرەکەدا.
- بۆ ئاگاداری لە هەولە سەرەتاییەکانی ڕۆژنامەوانی لە شاری کەرکووك.
- بۆ هۆشداری لە چۆنیەتی گۆڕانی ئەرك و دەسەلأتەکانی شارەوانیەکان، لە حکوومەتێکی ئۆتوکراتی عوسمانیيەوە، بەرەو دەولەتێکی عیلمانیی ڕۆژاوایی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٤- ڕاپۆرتەکە سەبارەت بە ژمارەو، سەرژمێری دەڤەرەکە، جۆرە زانیارییەکی تاڕادەیەك مامناوەندی دەداتە دەستەوە.

٥- هەروەها ڕاپۆرتەکە، چەندین بەڵگەی بەسوودو حاشاهەڵنەگر دەخاتە بەردەستی مێژوونووسانی بابەتی هاوچەرخی کوردستان، کە چۆن بریتانیا، هەر لەسەرەتاوە وەك دەسەلاّت و بۆچوونی ئیستیعماری، هەوڵی داوەو ویستوویەتی داوا نەتەوەییەکانی کورد پشتگوێ بخاتو، هەموو چاوەڕوانیە سیاسی و ئاکامەکانیو، سەرتاپای ژیانی کۆمەلاّیەتی و ئابووری و بازرگانی و عەسکەری و ئیداریی ناوچە کوردنشینەکانی ویلایەتی مووسڵ (واتە باشووری کوردستان) یەکسەر و بەبێ پرسی گەلی کورد بە بەغدادوە بلکێنێو، پیلانەکانی خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی عەرەبی، وردە وردە سەربخات و بیکاتە حوکمی واقیع، بەسەر ئەو سێ ویلایەتەدا کە پێشتر بەناوی میزوپۆتامیاو پاشانیش عیراقەوە هەر خۆی ناوزەدی کردن.

لەمەشەوە، ئەم هەقیقەتە تاڵە، ئەو وانەیە بە کورد بەگشتی و بە سیاسەتوانی کوردو هەروەها بە مێژوونووسانمان پیشان دەدات، کە لەمەبەدوا هێڵی جیاوازیی نێوان قسەو بۆچوونی کەسێتیەکانی ئینگلیزی ئەو سەردەمە لە ڕاپۆرتە ڕەسمیەکانیانەوە بە ڕوونی و ئاشکرا ببینن. بزانن ئەوانەی لە ڕاپۆرتە ڕەسمیەکاندا هاتوون (بۆ ئێستاش ئەوانەی کە لە ڕاپۆرتە ڕەسمیەکاندا دەشاردرێنەوە) دەقی ویست و پیلانە جێبەجێکراوەکانی بریتانیا بوون.

ئەوانەیش کە لە دووتوێی کتێبی نووسەرەکانیاندا هاتووە، وەك هی لونگریك، مێجەر سۆن، نۆئێل و ... هتد، هەر هەموو بۆچوونی شەخسی بوون و بێبرەوو لە ڕەوی کیسەڵ بێهەنگاوتر بوون.

بۆ ئەوەی خوێنەر چاك لەم بۆچوونانەمو، بە دروستی لە ڕاپۆرتەکە خۆی تێبگات، چاکە ئەگەر بێتو لەپێشدا خۆی بخاتە ناو چوارچێوەیەکی مێژووی ڕووداوە سەرەکیەکانی ئەو چەند ساڵانەی ١٩١٨- ١٩١٩، ١٩٢٠، ئەوجا بەراوردێك لەنێوان ویست و هەڵەکانی کوردو بۆچوون و پیلانەکانی ئینگلیزدا

بکات، تا بەتەواوەتی تێبگات ئینگلیز چ جۆرە گۆبەندێکی بۆ کورد نایەوەو، چ بناغەیەکی پڕ لەعنەتی بۆ کارەسات و نەهامەتیەکانی سەدەی بیستی مێژووی نەتەوەی کورد دانا.

## ڕووداوە سەرەکی و دیارەکانی ئەو چەند ساڵانە:

- سوپای ئینگلیز لە ١٩١٧/٣/١١دا، بەغدای داگیرکرد.

- لە ١٩١٨/١١/٧دا، ڕێککەوتنێك لەنێوان جەنڕاڵ "مارشاڵ"ی ئینگلیز و فەریق "عەلی ئیحسان پاشا"ی عوسمانیدا مۆرکرا. بەپێی ڕێککەوتنەکە لەپاش (١٠) ڕۆژ، عەلی ئیحسان پاشا خۆی و سوپاکەی شاری (مووسڵ)یان بەجێهێشت و بە ڕەسمی باشووری کوردستان پاك کرایەوە لە لەشکری عوسمانی. ئەم ڕێککەوتنە وەك جێبەجێکردنی ماددەکانی ئاگربەسی مۆدرۆس بوو.

- لە ١٩١٨/١١/١١دا، لە (مارسێل) مەرجەکانی ئاشتی مۆرکرانو، کۆتایی بە یەکەم شەڕی جیهانی هێنرا*.

بنکەی ژین
www.zheen.org

"ودرۆ وێلسن"ی سەرۆکی ئەمریکا، پاش ئەوەی ڕەزامەندی کۆنگرێسی ئەمریکیی وەدەست هێنا، لە ١٩١٨/١٢/٨دا، لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریسدا، پرۆژەی ١٤ مادەیی خۆی بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی پێشکەش بە ئامادەبوانی کۆنفرانسەکە کرد. شایانی باسە، ماددەی دوانزەی ئەو پرۆژەیە ڕۆڵێکی مەزن و کاریگەری هەبوو، لە: خەملاندنی ئۆمێدی گەلانی چەوساوە بە ڕۆژی ئازادی و سەرفرازی. یەکێ لەو میللەتانەش کە ئەم پرۆژەیە هاندەرێکی تری هەڵسان و هۆشیاری و شۆڕشیان بوو، نەتەوەی کورد بوو، بووە هۆی هەڵوێستەیەکی مەزن بەرامبەر بە پیلانە

* (مارسیللا)، یا ڕێککەوتنی مارسیللا، ناوی بەکارهاتووی مێژوونووسانە بۆ ئەو کۆنفرانسەی لە مێژوودا، بەتایبەت لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە، بە کۆنفرانسی (ئاشتی پاریس) بەناوبانگە. ئەم کۆنفرانسە، دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، لەنێوان بریتانیاو فەڕەنساو ئیتاڵیاو ئەمریکادا بەسترا.

ئیستیعماریەکانی دەوڵەتانی وەك بریتانیا، تاماوەیەك و تاڕادەیەك گۆڕانکارییەکی لە بۆچوونەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا دروست کرد.

لە ماددەی دوانزەدا، "ویلسن" دەڵێت: ئیمپڕاتوریەتی عوسمانی تەنیا لەناو ئەو چوارچێوەیەدا دەمێنێتەوە کە تەنیا خاکی نەتەوەی تورکە (واتا تورکیا)، نەتەوەکانی غەیرە تورکی دەوڵەتی عوسمانی دەبێ سەربەخۆیی خۆیان وەربگرن.

جێی وتنە، ئەم پرۆژەیە کە بەناوی "ئاشتیی ئەمریکی"یەوە، بڵاوکرایەوە، بووە بناغەیەکی بنەڕەتی بۆ ماف چارەی خۆنووسینی نەتەوە ژێردەستەکان و، پاشانیش بۆ دامەزراندنی (عوصبەی ئومەم–کۆمەڵەی نەتەوەکان).

– لە ١٩٢٠/١/٢٠دا، بەگوێرەی پەیماننامەی میللیی تورك (ترك ملی میثاقی) دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری دا، دەست هەڵبگرێ لە هەموو ئەو جێگەو شوێنانەی کە دانیشتوانی عەرەبن، بەلاَم شوێنێکی تر نا !!

– ڕێککەوتنامەی سیڤەر Sever's peace Treaty، لە ١٩٢٠/٨/١٠دا، لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا بەسترا؛ بەپێی ماددەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ی ئەم ڕێککەوتنامەیە، ماف نەتەوایەتیی دامەزراندنی دەوڵەت بۆ گەلی کورد بە ڕەوا بینرا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بە خوێندنەوەیەکی ساکاری ئەم کرۆنۆلۆژییەو زانینی ڕووداوە سیاسی و عەسکەریەکان و هەوڵەکانی گەلی کورد، یا با بڵێین هەوڵەکانی سەرانی گەلی کورد لەو ساڵانەدا، مرۆڤ دەتوانێ چوارچێوەو نەخشەیەکی گشتیی بارودۆخی فاکتەرەکانی ناوچەکەو کوردستان لەبەرچاو بگرێ.

بۆیە چاکە لەمەوە، لەسەر سەکۆی ئەم تێگەیشتنەوە، بۆ زیاتر سوود بینین لە خوێندنەوەی وەرگێڕاوەکەی ئەم ڕاپۆرتە ڕەسمییەی ئینگلیز، هەندێ قووڵتر سەرنجی بارودۆخ و بۆچوونە ڕاستەقینەکانی ئینگلیز بدەین، سەبارەت بە تەوەری سەرەکی بۆچوونی ڕەسمییان، بەرامبەر بە دەستنیشانکردنی ئاکامی دواڕۆژی سیاسی و کۆمەلاَیەتی و ئابووریی کوردستان و، باشووری کوردستان بەتایبەتی.

## نامە و هەوڵە هێمنەکانی کورد:

– هەر لە ١٩١٩/٣/٢٢ ەوە شەریف پاشای خەندان، بیرخەرەوەیەکی دۆستانەی پێشکەش بە ئەنجومەنی هاوپەیمانان کرد. داوای سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتوویی نەتەوەی کوردی هاوپەیمانی هاوپەیمانانی تێدا کرد.

– هەر لەگەڵ گەیشتنی لەشکری ئینگلیز بە ناوچەکانی دامێنی باشووری کوردستان، واتە هەر لەگەڵ گەیشتنی ئینگلیز بە کفری و کەرکووك، شێخ مەحمووی حەفید، وەك سەرکردەیەکی بەدەسەڵات و بەرپرس و هەرە ناوداری (کوردستانی جنووبی)، دەموەدەست بۆ پیشاندانی دۆستایەتی، بۆ قۆستنەوەی هەلی تازەی گۆڕانکاریە سیاسیەکان و هاوسەنگیە عەسکەریەکان، دوو نامەی دۆستانەی لەم مێژوانەو بەم کەسانەدا هەنارد بۆ بەرپرسانی ئینگلیز:

– لەپاش گرتنی شارۆچکەی کفری، لە ١٩١٨/٤/٢٨دا، بە سەید موحسین ئاغادا نامەی یەکەمی نارد.

– لەپاش گرتنی شاری کەرکووکیش لە ١٩١٨/٥/٧دا، بەرێگەی کەسێکی دژە کورد "عەبدوڵلا صافی یەعقووبی" نامەی دووەمی نارد. لەم نامەیەدا "ئەحمەدی خواجە" وەك بیرەوەری، واتاکەی نەك دەقەکەی، بەم شێوەیە بە ئێمە گەیاندووە: ((چەرخی گەردوون ئێوەی بە سەرکەوتوویی گەیاندە نیشتمانی کورد لە کوردستان. کورد هیچ بەهرەیەکی لە عوسمانیەکان وەرنەگرت. ئێوە ئەزانن کە هەزاران ساڵە ئەمە خاك و نیشتمانی کوردە. لە ئادەمیزادپەروەریتان ئومێد ئەکەین کە ئێوە مافی کورد بدەن و ئازادی و سەربەستی لە کوردستاندا بلأوبکەنەوەو ماوەی ئەوە نەدرێ کورد بە چەك داوای مافی خۆی بکات))، بێشك لەم نامەیەی شێخی حەفیدا بە ڕوونی ڕۆحی ئومێد، ئارەزووی خێر، ڕەنگی دڵپاکی و ئامادەیی هاوکاری، دیارن.

– مانگی شەشی ١٩١٩، بۆ مەسەلەی دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە باشووری کوردستاندا، شەریف پاشای خەندان، کۆبوونەوەیەکی دۆستانەی لەگەڵ یەکێك لە سەرانی ئینگلیز Sir percy cox دا لە شاری مارسێللا، کرد.

– لە گەرمەی شەڕی ئینگلیزدا، دژ بە شۆڕشگێڕانی باشووری کوردستان، وەك هەوڵێکی تری نیازپاکی و دۆزینەوەی چارەسەر، ٢٩ی تەمووزی ١٩١٩، شەریف پاشای خەندان نامەی ئاڕاستەی سەفیری بریتانی لە پاریس و نوێنەرانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی بەشداری کۆنفرانسی ئاشتی کرد.

– دەوروبەری مانگی ئاب، سەید تەهای شەمزینی وەك سەرۆکێکی تری ناوداری کورد، چووە بەغداو، لەگەڵ ئینگلیزدا کەوتە گفتوگۆ. سەید تەها، بەڕاشکاوی و بەبێ پێچ وپەنا داوای لێکردن ((کورد بە چاودێری بریتانیا، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی یەکپارچەی خۆی دەوێ)).

– هەروەها زۆربەی هەرەزۆری عەشیرەتە کوردەکان، لەو ئومێدەدا بوون کە پاش نەمانی چەوساندنەوەو تاڵوتفتی و ژێردەستیەکانی دەوڵەتی عوسمانی، دەرگای بەختیان بۆ کرابێتەوەو، بتوانن بە پشتیوانی و هاوکاری و هاودەستی ئینگلیز، ئارامی و سەرفرازی وەدەست بێنن. لە سەرووی هەموو ئەو عەشیرەتانەشەوە، لە ناوەندەکانی گەرمیان، هەمەوەند و جاف و تاڵەبانی بوون. ئەمانە چاوەڕوانی و تێڕوانینی گەلی کورد بەگشتی و ڕێبەرو سەرۆك عەشیرەتەکانیان بوون بەتایبەتی. بەڵام با بزانین هەقیقەتی هەڵوێستی نوێنەرانی ئینگلیز و پیلانەکانی حکوومەتی پاشایەتیی بریتانیا لە میزۆپۆتامیا بەرامبەر بە کورد و داڕۆژی کوردستان چۆن بوون.

– ئەوان، هەر لە یەکەم هەنگاوەکانیانەوە، لەسەرەتاوە:

– لە چۆنیەتی داگیرکردنی مووسڵی ویلایەت بەگشتی و مووسڵی شاردا بەتایبەتی.

– لە ئانوساتی دامەزراندنی دەڤەر (لیوا)ی کەرکووك و چۆنیەتی سنوور بۆ دانانیدا، لە لکاندنی هەموو بەڕێوەبەرایەتی و دامودەزگا خزمەتگوزاریەکاندا بە بەغداوە، لە کۆنترۆڵکردنی کارمەندو فەرمانبەرانی دەڤەرەکە بۆ ڕاهێنان و فێربوون لە بەغدا.

– هەروەها لە ناردنی چاودێرانی دەزگا خزمەتگوزاریەکانی بەغدا بۆ سەرپەرشتی و پشکنینی دەزگاکانی دەڤەرەکە ... هتد.

– لەمانەدا بەگشتی، سەرەتاکانی پیلان و بۆچوونی لکاندنی کوردستان بە بەغداوە ئاشکراو ڕوون بوون.

– لە باری سیاسیشەوە، هەر لەسەرەتاوە بەم ڕاستیانەی خوارەوەیان دەزانی، بەڵام سوور بوون و بریاڕیان دابوو گرنگییەکی ئەوتۆیان نەدەنێ.

١- لەگەڵ ئەوەی بەپێی ڕاستیە ئەتنۆگرافیەکانی ناوچەکانی ویلایەتی مووسڵ، کە لە لێکۆڵینەوەکانی "مەسەلەی مووسڵ" و پرسی سنووری نێوان تورکیاو عیراقدا،Quastion of the frontier between Turkey and Iraq هاتوون، دەیانزانی ڕێژەی کوردەکان بە کوردە ئێزدیەکانەوە، حەوت لەسەر هەشتی دانیشتوانی ویلایەتەکەیە.

٢- لەگەڵ ئەوەی، بەپێی ڕاسپاردەی "وێلسن"ی حاکمی مەدەنی، مێجەر نۆئێل و وەفدی ئینگلیز لە ڕۆژی ١٩١٨/١١/١دا، بەڕەسمی لە بەردەرکی سەرای شاری سلیمانیدا، شێخ مەحموودی حەفیدیان کردە حوکمداری کوردستانی جنووبی.

٣- لەگەڵ ئەوەی کەرکووك و سلێمانی و زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان موبایەعەی دانانی دەوڵەتی عیراق و پاشای عەرەبیان نەکردو، ئامادەش نەبوون ئەو کارە بکەن.

٤- لەگەڵ ئەوەی لە بەڵگە ڕەسمییەکانی خۆیاندا، وەك نامەو ڕاپۆرتە ئیستخباراتیەکان، ئەوەیان دەزانی کە کورد وەك نەتەوەکانی تری ناوچەکە، هەستی نەتەوەییان بەهێزەو لەگەڵ هەموو کێشەو ململانێیەکی ناو خۆشیاندا، هەر هەموو بڕوایان بە کەسایەتیی نەتەوەیی خۆیان هەیە.

٥- لەگەڵ ئەوەی زۆر بە چاکی، دەیانزانی کارێکی مەحاڵە عەشایەری عەرەبی میزۆپۆتامیا یەکگرتوو بن لەسەر هەڵبژاردنی شازادەیەکی عەرەب، بۆ ئەوەی ببێتە پاشای دەوڵەتی چاوەڕوانکراوی دەستکردی ئیستیعمار.

٦- لەگەڵ ئەوەی چەند کەسانێکی کاربەدەستی ژیرو دڵسۆزی ئەو ساتانەیان، وەك مێجەر نوئێل، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی سیاسیی گشتیی بریتانیا لەو ناوچەیەدا وایان بەباش زانی کە دەبێ:

ئـ- تورك له كوردستاندا دەربكرێ.

ب- كوردستان دەبێ دابەش بكرێو، سنوورەكانی دەوڵەتی كوردی تا بكرێ ئەو سنورانە بن كە دەبنە هۆی جوداكردنەوەی هێڵی نێوان تورك و عەرەب (بڕوانە: جلال الطالباني، كردستان و الحركة القومية الكردية، ل ٢٠٧).

بەڵام ئەوان، بریتانیەكان هەڵسان بە بەڕێوەبردنی پیلانەكانی خۆیان و جێبەجێكردنی خەونی دێرینەیان، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی عەرەبی ژێر كۆنترۆڵی خۆیان بەناوی دەوڵەتی عیراقەوە. بۆیە لەگەڵ ئەوەی Anglo-French Declaration فەرزی كردە سەر "ئەرنۆڵد وێلسن"ی حاكمی گشتی كە دەبێ ڕاپرسی لەناو ویلایەتەكانی میزۆپۆتامیادا بكات، بەڵام چونكە دامەزراندنی دەوڵەتێكی عەرەبیی مەبەست بوو، ئەم سێ پرسیارەی سەرەوەی بۆ ڕاپرسیەكەی ئامادەكرد:

Was there approval for a single Arab state for Iraq, including Mosul, under British tutelage ?

١. ئایا ڕەزامەندی هەبوو لەسەر دانانی دەوڵەتێكی عەرەبی یەكگرتوو، بە ویلایەتی مووسڵیشەوە، بە سەرپەرشتی بریتانیا ؟

بەبێ چاوەڕوانی وەڵامی بەڵێ یا نەخێر، یەكسەر پرسیاری دووەمی ئەوە بوو، كە :

Should it be ruled by an Arab titular head ?

٢. ئەو دەوڵەتە دەبێ چ سەرۆكێكی عەرەبی حوكمی بكات ؟

پاشان لەگەڵ ئەوەی هیچ (میر)ێكی عەرەب، لە سەرتاسەری ئەوسای دوو ویلایەتەكەدا نەبوو، كەچی دەپرسێ:

Who would be preffered as its Amir ?

واتە كێ باشە بكرێتە ئەمیری ؟

- كەوتنە گژی گەلی كوردو سەركردە ناودارەكانی، وەك شێخ مەحموودی حەفید، كە لە دادگای عەسكەرییاندا بە كوشتن مەحكوومیان كرد، بە تۆمەتی ئەوەی گوایە:

- بەیداخی بریتانیای گەورەی دڕاندووەو،
- لە جێی ئەو بەیداخی كوردستانی هەڵكردووە.

وەك لە تەلگرامێکی حاکمی سیاسیی بریتانیدا لە بەغدا، لە ١٩١٩/٦/١٣دا هاتووە: ((لەبەر چەند هۆیەکی ئابووری و ستراتیجی، بۆ ئەوەی دەوڵەتی عیراق کەڵك و سوود لە ناوچە شاخاویە پڕ دارستانەکان وەربگرێ کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن، نیاز وایە سلێمانی و ڕانیەو کۆیسنجەق بخرێنە سەر میزۆپۆتامیا و، پێویستە هەولێر لە کوردستان جیابکرێتەوەو، دەبێ دهۆك و زاخۆش بخرێتە سەر میزۆپۆتامیا...)).

واتە بریتانیا هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستی نەگۆڕی هەبوو، بۆ ئەو پیلانەی کە بۆ میزۆپۆتامیا دایتابوو. ئەوەش دەقاودەق وەك بۆچوونی "ئەرنوڵد ویڵسن"ی حاکمی گشتی هاتەوە کە گوتوویەتی ((سێ ویلایەتی مووسڵ‌و بەسرەو بەغدا، دەبێ بکرێنە دەوڵەتێکی عەرەبی لەژێر چاودێریی حکوومەتی بریتانیادا)) **.

سەبارەت بە هەموو هەوڵی دیپلۆماسی و ئاشتیخوازانەی نوێنەرانی نەتەوەی کورد، وەك لە دۆکیۆمەنتێکی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا ئاشکرایە، بۆ خاپاندنی خۆیان و حکوومەتەکەیان و گەلی کورد، وایان پیشان داوە کە ((هەندێ کوردی خوێندەوار لە دەرەوەی کوردستان، بیرۆکەی جوداخوازی هەڵدەگرن، ئەم بیرانەش ڕەنگدانەوەی جۆری بیرکردنەوەو بەرژەوەندی کەسی خۆیانن)) ***.

لە هەموو ئەم هەوڵ و پیلانەیاندا، مەبەستی سەرەکییان لکاندنی دەڤەری کەرکووك بوو بەو دەوڵەتەوە کە نیازیان بووە دایمەزرێنن.

بۆ سەلماندنی هەموو ئەم بۆچوونانەو ڕاستیە مێژووییەکان، من نەمویستووە دەقێکی تەرجەمەکراو پێشکەش بە خوێنەران بکەم، بەڵکوو زیاتر مەبەستم بووە دەقی ڕاپۆرتەکە لە چوارچێوەی ڕاستیە مێژوویەکاندا بخوێننەوەو، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە تێی بڕوانن و لێی تێبگەن. بۆ ئەمەش، جگە لە دەقەکە خۆی، پشتم بە کۆمەڵێ پەراوێز بەستووەو، هەر هەموو پەراوێزەکان، لە دەقە ئینگلیزیەکەدا نین. بۆ پتەوی‌و ڕاستیی زانیاریەکانی ئەو پەراوێزانەش، هانام

---

** بڕوانە: كردستان والحركة القومية الكردية، ل٢٠٧.

*** بڕوانە: دۆکیۆمەنتی ژمارە **E2432/192 Eastren Turkey**.

بردووه بۆ کومەڵێ سەرچاوەی ئینگلیزی و کوردی. ئەمانەی خوارەوە سەرچاوەی سەرەکی ی ئەم کارەن:

Stephen Hemsley Longrigg, Iraq 1900-1959; A Political, Social & Economic History, Oxford University Press, London, 1953.
-Review of the Civil Administration of Mesopotamia: Prepared by: Miss Gertrude L. Bell, India office-3rd December 1920.
- A.. T. Wilson, Mesopotamia 1917-1920 A Clash of Loyalities:A personal and Historical Record, London, 1930.

– رفیق حلمی، یادداشت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٨.

– احمد خواجە، چیم دی، شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی مەزن، بەرگی یەکەم– بەشی یەکەم.

ئەو سەرچاوانەی کە یارمەتیدەری بەشێ یان دوان بوون، گرنگترینیان ئەمانەن:

-H. V. F. Winstone;Gertrude Bell, London, Jonathon Cape, 1978.

- Director of Military Intelligence Report to F. O:،

F.O. 371/4192, 3rd September 1919.

– د. کمال مظهر احمد، کرکوك وتوابعها حکم التأریخ والضمیر، دراسة وثائقیة عن القضیة الکردیة في العراق، الجزء الاول، ٢٠٠٣.

– د. نوري طالباني، منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، الطبعة الثانية.

– محمد رسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠.

لە کۆتاییی ئەم پێشەکییەدا، پێویستە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە بکەم، کە هاندەرم بوون لەم کارەدا. هەروەها ئەو ماندوویینەناسانەی هاوکاری و ڕێنماییان کردم لە ڕێکوپێکی و سەرخستن و دەرهێنانی ئەم بەرهەمەدا، بەتایبەت بەڕێزان ئەنوەری سوڵتانی، نەجاتی عەبدوڵلا، عەتا موفتی و گەردوون ئاغا. هیوادارم، بەم بەرهەمە بچووکە، توانیبێتم خزمەتێکی بچووك بگەیەنم بە چەقی کێشە گەورەکەی نەتەوەکەم، کە ئەویش کێشەی کەرکووکە.

# ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکووک

## ماوەی ١ی کانوونی دووەم تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩

(١)

### عەشایر و بابەتی گشتی

ڕاپۆرتە کارگێڕیەکانی ساڵی ١٩١٨ی ناوچە (مەڵبەند)ەکانی کەرکووک، لە سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩١٩دا، لەلایەن یارمەتیدەرانی ئەفسەرە سیاسیەکانەوە پێشکەش کران[(١)].

Administration report of Kirkuk Division

لەوکاتەدا یەکبوونی ئەو دوو مەڵبەند (ناوچە)ە لە دەڤەرێکدا بڕیار درابوو، بەڵام یەکبوونەکە لەسەر بناغەی لێپرسراوێتی‌ی دەڤەریی ئەفسەرە سیاسیەکان دانرابوو. بۆیە یارمەتیدەری ئەفسەرە سیاسیەکان [A.P.O] نامە گۆڕینەوەیان یەکڕاست لەگەڵ Civil Commissioner حاکمی مەدەنی‌ی گشتیدا بوو[(٢)].

www.sheen.org

---

(١) ئەم ڕاپۆرتە، یەکیکە لەو دۆکیومەنتە گرنکانەی ئەرشیڤی وەزارتی دەرەوەی بریتانیا، تۆمارگەی گشتی برتانیا Public Record Office ی لەندەن، کە بە ژمارە Fo. 371 /5069 لە ئەرشیڤی تۆمارگەکەدا پارێزراوە و کۆپییەکی لە ئەرشیڤی دەوڵەمەندی کتێبخانەی کوردستانی سەر بە مەڵبندی ڕۆشنبیری کوردی – لەندەندا هەیە. دۆکیومەنتەکە بەگشتی ٢٤ لاپەڕەی A3 یە، بە ئەندازەی (29.8cm 41cm). لەم ڕاپۆرتەدا بۆ وشەی Division، من وشەی دەڤەرم بە چاك زانیوە، هەروەها بۆ District دوو وشەی ناوچە یا مەڵبەندم بەکارهێناوە. یارمەتیدەری ئەفسەرە سیاسیەکان، لە نووسینی ئێمەدا هەر بە یاریدەدەری حاکمی سیاسی هاتووە، بۆیە هەوڵ دەدەم هەر ئەو ناوە مێژووییە بەکاربهێنم .

(٢) لەڕاستیدا لێپرسراوێتی‌ی سەرەکی‌ی ویلایەتەکانی میزۆپوتامیا، کە دواجار ئینگلیز پێی چاك بوو ناوی عیراقی لێ بنێ، تا مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ ئەرکی فەرمانەدەی گشتی

ئەم شێوازی کارە تا مانگی ئازار بەردەوام بوو، تا حاکمی مەدەنیی گشتیC.C، حاکمی سیاسیی Political Officer-po بۆ دەڤەری کەرکووك دانا و گۆڕینی گەورەی لە ئاڕاستەی لێپرسراوێتیی کارگێڕیدا دروست کرد (٣).

---

هێزەکانی بریتانیا بوو. ئەم ئەرکەش لەلایەن Sir Percy Cox ـەوە درابوو بە جێگیرەکەی، واتە درابوو بەو بەرپرسەی کە بەناوی Civil Commissioner حاکمی سیاسی [حاکمی مەدەنی ]یەوە سەرپەرشتیی دەکرد. شایانی باسە، تا مانگی مایسی ١٩١٨ سێر پێرسی کۆکس خۆی بەم کارە هەڵدەستا، پاشان کردیە ئەرکی جێگرەکەی Lieutenant-Colonel Arnold Wilson ئارنۆڵد وێلسنو، یەکڕاست خۆی بووە حاکمی مەدەنی (Civil Commissioner)، کە لەڕاستیدا خۆی گەورەترین دەسەڵاتی ئیستیعماری بریتانی بوو لە هەموو ناوچەکانی میزۆپۆتامیادا.

بڕوانە:

Stephen Hemesley Lorgrigg, IRAQ1900-1950 A political, Social & Economic History, 1953, P107.

(٣) کاتێ کەرکووك داگیرکرایەوە، هەروەك د. کەمال مەزهەر ئاماژەی بۆ کردووە، ویلسن، مێجەر "نۆئیل"ی بە حاکمی سیاسی لە کەرکووك دەستنیشان کرد. سنووری ئیداریی دەڤەرەکەشی دەستنیشان کردووە و، ئەم فەرمانەی ئاڕاستەی نۆئێل کردووە: (( ئێوە لە یەکی تەشرینی دووەمی ١٩١٨ ەوە وەك حاکمی سیاسی دەست نیشان کران بۆ دەڤەری کەرکووك، ئەم دەڤەرەش لە زێی بچووکەوە تا (دیالی) و لە سەرووی ڕۆژهەڵاتەوە تا سنووری تورکی-ئێرانییەو، ئەو ناوچەیە بەشێکە لە ویلایەتی مووسڵ، کە حکوومەتی خاوەندشکۆ ئاکامەکەی دەستنیشان دەکات ( بڕوانە: ل٩ی کرکوك وتوابعها حکم التاريخ و الضمير، الجزء الاول).

سوپای بریتانیا دوو جار کەرکووکیان داگیرکردووە. یەکەم جاریان وەك مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێت: ((لەکاتێکا لەشکری ئینگلیز بەرەو کەرکووك هاتن، سوپای عوسمانی لێی دەرچووبوون، بۆیە ڕۆژی ١٩١٨/٥/٧ بەئاسانی هاتنە ناو کەرکووك و داگیریان کرد (بڕوانە: کرکوك في عهد الاستعمار البرطاني والعهود التالية، الملا جميل روژبياني، ترجمة أنور مندلاوي، مجلة "سردم العربي"، العدد الثاني، ٢٠٠٣).

ستێفن هیمزلی لۆنگریگ Stephen Hemsley Longrigg یش لە لاپەرە ٩١ی کتێبەکەیدا تەئکید لەم مێژوە دەکات و دەڵێت: بەپێی بڕیارەکانی وەزارەتی جەنگی بریتانیا، سوپاکەمان لە ١٩١٨/٥/٧ دا شاری کەرکووکی داگیر کرد ( بڕوانە:

IRAQ 19500-1950…, p91.)

بەڵام پێش گرتنی کەرکووك، بریتانیا لە ١٩١٨/٤/٢٨دا شاری کفری و ١٩١٨/٤/٢٩ شارۆچکەی تووزی داگیر کرد (بڕوانە: ل٩١ی کتێبەکەی ستیڤن هیمزلی لۆنگریگ).

شایانی باسە، وەك هەواڵەكانی ئەوساتانە تەئكیدی لیٚ دەكەن، سوپای تورك لە پرۆسەی دۆڕان و پاشەكشەكانی خۆیدا، بەتایبەتی لەكوردستاندا، هەرچی خراپە هەیە بە خەڵك و ماڵ و موڵكیانی كردووە. ئەوەتا مس بیلْ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٠ی دەڵیٚ: ((... ئەوان– مەبەستی توركەكانە– بە شیوٚەیەكی زۆر توند وەڵامی دانیشتوانی (قزلڕەبات) و خانەقینیان داوەتەوە، تا ئەو ئەندازەیەی كە لە سلیٚمانی كاتی پاشەكشەكردنیان چەندین زەلامیان ئیعدام كردووە...)).
بڕوانە:
Review of the Civil Administration of Mesopotamia, p46.
بۆ سەلماندنی ئەم حاڵەتی دژە ئینسانیەی لەشكری تورك، مەلا جمیل ڕۆژبەیانی دەڵیت:((ئەوەبوو خەڵكانی شار و گوندەكان كەوتنە هیٚرش و تالاٚنكردنی لەشكری عوسمانی و، ئەمەش بوو بەهۆی برسیٚتی و قڕوقاتی و مردنی سەدان كەس (كركوك فى عهد الاستعمار البرطاني والعهود التالية).
هەروەها"دانا"ی نوسەریش لە وتاری (میٚژووی بلاٚوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە ناوچەی كەركووكدا، گۆڤاری "هەزارمیٚر" ژمارە ١٦) دەڵیت: كاتی كشانەوەی عوسمانیەكان لە كەركووك لەكاتی بەربەرەكانیدا لەگەڵ ئینگلیزەكاندا، كەوتنە تەقاندنەوەی (كڵێسە سوور)ە كەی كەركووك ..)).
كڵێسە سوور: ((هەمان كڵێسەیە كە ساڵی ٤٧٠ ز مار مارۆن "یۆحەنا"ی سێیەم بەناوی (كڵێسەی ماتەهماز كورد)ەوە دروستی كرد. ئینگلیزەكان وای بۆ چووبوون كە خەڵكەكە بە هاتنو سەركەوتنی ئەمان خۆشحاڵن، بۆیە مس بیٚلْ لە ڕاپۆرتی ئاماژە پیٚكراوی سەرەوەدا، لە ل٤٧ دا دەڵیت: (( بە سەركەوتوویی لە كفری و توز، كە كەركووك داگیر كرا، هیٚزەكەمان لەلایەن خەڵكەوە بەگەرمی پیٚشوازیی لیٚكرا)).
لەلای كوردیشەوە، هەندیٚ بەڵگەی ئەو پیٚشوازی لیٚكردنە پیشان درابوو. بۆ نموونە، ئەحمەد خواجە، لە (چیم دی)یەكەیدا ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە شیٚخ مەحموود بۆ ڕزگاركردنی نەتەوەی كورد لە جەوری توركان، هەر لەگەڵ داگیركردنی كەركووكا لەلایەن سوپای ئینگلیزەوە، بە كەسیٚكی وەك "عەبدوڵلا صافی یەعقووبی"ی لایەنگری ئینگلیزدا نامەیەكی پشتیوانی ناردووە بۆ جەنڕاڵ مارشاڵی سەركۆماندەی لەشكری ئینگلیز. مەلا جەمیل ڕۆژبیانی لە (كركوك في عهدالاستعمار البريطاني والعهود التالية، ص٣) دا ئەم مەسەلەیەی باس كردووە و وتوویە: بەلاٚم پاش ٢٠ ڕۆژی داگیركردنی كەركووك، واتە لە ڕۆژی ١٩١٨/٥/٢٧دا، لەشكری ئینگلیز بارەگاكانی خۆیان لە كەركووك دەپیٚچنەوە و پاشەكشە دەكەن و خۆیان دەگەیەننە توزخورماتوو. بۆیە كە هەر لەوكاتەدا لەشكری عوسمانی گەڕانەوە بۆ كەركووك. عەبدوڵلا یەعقووبی تورك نەژاد پاكو پوخت نامەكەی شیٚخ مەحموودی دایە دەست سەرلەشكری تورك و، ئەمەش بووە هۆی تەهلوكەیەكی مەزن بۆ شیٚخ مەحموودی حەفید (یادداشت ب١، ل٥٢).

www.zheen.org

لێرەدا چەندین بۆچوون هەیە، بۆ هۆیەکانی کشانەوەی لەپڕی لەشکری ئینگلیز لە شاری کەرکووك و دەوروبەری، ئەگەر لێرەدا هەندێکیان باس بکەین: ستیڤن هەمزلی لۆنگریگ لە ل٩١ی کتێبەکەیدا دەڵێ: ((بەهۆی کێشەی ئازووقەوە، هێزەکانی بریتانیا نەیانتوانی بمێننەوە، هەروەها مانەوەیان بە بۆچوونی خەڵکی ناوچەکە و پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەندێ کارەساتی دروست کرد، بۆیە هێزەکان کشانەوە بەرەو توون)).

د.کەمال مەزهەر ئەحمەدیش (لە ل١٠٢ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی: کرکوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير)دا تاڕادەیەك هۆیەکەی ستیڤن هەمزلی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ئەم دەڵێ ڕۆژی ١٩١٨/٥/٢٤ لەشکری ئینگلیز لە کەرکووك پاشەکشەیان کردووە. بەهەشتی ڕەفیق حیلمی لە (یادداشت، ل٥٢) دا بۆهۆی کشانەوەکە دەڵێ: ((هۆیەکانی کشانەوەی ئینگلیز، شکستی لەشکرەکانی سوێندخۆرەکان لە جەبهەی فەڕەنساو بەتەمای ئەوەبوون لەشکرەکانیان نەك هەر لە کەرکووك، بەڵگە لە هەموو عیراقدا بکێشنەوە)). بەڵام لەڕاستیدا چەندین هۆی سەرەکی تر هەبوون کە بوونە مایەی ئەو بڕیارە لەپڕەی لەشکری ئینگلیز، کە ئەو ڕۆژانە لە چاوی خەڵکەکەدا بە شکانێکی سوپایی لەقەڵەم درابوو:

یەکەمیان، ئەوەیە کە هێشتا لەگەڵ فەڕەنسا بۆ دابەشکردنی میسۆپۆتامیاو سووریا نەگەیشتبوونە ئەو ئاکامەی کە ئینگلیز بەتەمابوو. ئینگلیز بەتەمای هەرسێ ویلایەتەکەی میسۆپۆتامیا بوو، بەڵام بەپێی دابەشکردنەکەی سایکس پیکۆ، زۆربەی ویلایەتی مووسڵ لە بەشەکەی فەڕەنسا بوو. بۆیە دەیویست بەهەوڵی دیپلۆماسی، نەك بەتێکچڕژانی بەرژەوەندیی لەشکری، بگاتە مەرامەکەی. دووەم هۆ، ئەوەبوو هەر لە یەکەم ڕۆژی داگیرکردنی کەرکووکەوە تا ماوەی دوو هەفتە، ئۆردووگا سەرەکیەکەی لەشکری بریتانیا هەموو شەوێك دەکەوتە بەر هێرشی چەکدارانی لادێیی و عەشیرەتی دەوروبەری کەرکووك. هەڵبەتە تائێستا نەمبینیوە یان نەمبیستووە هیچ نووسەرێ یان مێژوونوسێ سەبارەت بەم ڕاستییە مێژوویی‌یە شتێکی نووسیبێ. بەڵام بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی سەبارەت بەم ڕووداوانە کۆمکردۆتەوە، وا بۆ یەکەم جار لەم چەند دێڕەدا پێشکەش خوینەرانی دەکەم، بە ئومێدی ئەوەی نووسەرانی تریش لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەم ڕاستییە مێژوویی‌یە بکەن.

لە دیدارێکدا لەگەڵ "سەید خەتابی سید ئۆمەری کاکەوڵای حەسەن وەسمانی هورمزیار"ی باوکم کە شەوی ١٩٧٥/٩/٣ کردوومە، ناوبراو ساڵی ١٩٩٧ لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا ئەمری خوای کردووە، لەو دیدارەدا خواڵێخۆشبوو ئەم زانیاریانەی پێشکەش کردم و منیش وەك سەرەقەڵەم زانیاریەکانم لە دەفتەرێکدا نووسیبوەوە و، وا هەروەك خۆی پێشکەشیان دەکەم:

١- کاتیٚ ئینگلیز دەگاتە (تاوق)، سوپای شکاوی عوسمانی کەرکووك بەجیٚ دەهیٚڵیٚو بەرەو (یاروەلی)- یاروەلی گوندیٚکی ناوچەی ناوشوانەو نزیکەی ٧ کیلۆمەتر لە سەرووی کەرکووکەوەیە، وەرگیٚر- و گوندەکانی دەوروبەری دەکشیٚتەوە،

٢- سوپای عوسمانی بۆ ماوەی هەفتەیەك خۆی لە یاروەلی و دەوروبەری مۆڵ دەدات و، پاشان هەموو چەك فڕیٚدەدەن وە ئەویٚش بەجیٚدەهیٚڵن،

٣- هەر لەو حاڵەدا دەنگ بڵاودەبیٚتەوە کە ئینگلیز بەنیازە بەرەو یاروەلی بیٚت،

٤- خەڵکی یاروەلی و گوندەکانی دەوروبەری، لە ترسا دەدەنە چۆڵ و چوار ڕۆژ لە چۆڵەوانی و دامیٚنی تەپۆڵکەکاندا دەمیٚننەوە،

٥- هەر لەو ڕۆژانەدا، بۆ لەناوبردنی هەموو ئازووقە و جبەخانە کۆکراوەکانی تورك و بۆ چاوترساندنی خەڵك، فڕۆکەکانی ئینگلیز (یاروەلی) بۆردومان دەکەن !!

٦- لە بەهاری ساڵی ١٩١٨دا خورشید ئاغاو خەڵکی ناوچەکە بۆ ماوەی هەفتەییٚ تا دە ڕۆژ، هەموو شەویٚك هیٚرشیان بردۆتە سەر ئۆردووگای ئینگلیزەکان لە (قەشقە). بۆیە یەکەم هەنگاو ناچاربوون لەشکرەکەیان بیٚننە ناو شار.

٧- لەکاتی بەرەنگاریکردندا سیٚ لاوی شارەکە، کە یەکیٚکیان ناوی نەریمان و برای سەید ئۆمەری کاکەوڵا بوو، کاتی هەوڵدان بۆ بڕینی هیٚڵی تەلەگرافی لەشکری، ئینگلیز کەمینی بۆ داناون و دەستڕیٚژی لیٚ کردوون و هەرسیٚکیان دەمودەست شەهید بوون.

هەر سەبارەت بەم ڕاستیانە لە ٥ی شوباتی ٢٠٠٤دا، دیداریٚکم لەگەڵ پیرە پیاویٚکی خزممدا بەناوی "مام سەعید لەتیفی حەسەن وەسمان"ـەوە کرد، ئەویش سەبارەت بەم ڕووداوانە، ئەم زانیاریانەی خوارەوەی پیٚ بوو:

١- لە باوکم بیستووە، واتە لە "لەتیف حەسەن وەسمان هوزمزیار" ئەوانەی سەرپەرشتی ئەم هیٚرشانەیان کردووە، ئەمانە زیاتر سەرکردە یان ئازاکانیان بوون: خورشید ئاغای دووحیٚلە، کویٚخا ئەوڕەحمانی گۆگجە، حەمە کەچەڵی داڵاوی، کاکەخان ناویٚك و مەمۆ ناویٚکی کوچك نەخشینە.

٢- سەبارەت بەو نەریمان ناوەی باسمان کرد، دەڵیٚت: ((ڕاستە ئەو کەسە مامی باوکم بووە، کوڕیٚکی لاوی ١٨ساڵ بوو، وەك پیشە، کاروانچی بووە لەنیٚوان کەرکووك و سلیٚمانی و ئیٚراندا. ئەو لە کاری پیٚشمەرگایەتیدا لەگەڵ دوو لاوی تردا کوژراوە، کە بەداخەوە ناوەکانیان نازانم. ئینگلیز لاشەی ئەو سیٚ لاوەی لە ناوچەی (کولك) فڕیٚداوە !

شایانی باسە، بۆ جاری دووەم ئینگلیز لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا هاتەوە ناوی شاری کەرکووك (بڕوانە: د. ولید حمدي. الکرد وکردستان في الوثائق البريطانية، لندن، ١٩٩١، ص٤٦). د. وەلید ئەم زانیاریەی لە دۆکیومەنتەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا وەرگرتووە.

بنكەی ژین www.zheen.org

بەڵام هێژا د . نووری تاڵەباتی، لە ل٤٧ی کتێبی (منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، ١٩٩٩)دا، ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ی داناوە بەو ڕۆژەی کە ئینگلیز جارێکی تر شاری کەرکووکی داگیر کردوٚتەوە. مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیش، بۆ داگیرکردنەوەی کەرکووك ڕۆژی ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ی داناوە. ستیڤن لونگ لە ل٩١ی کتێبەکەیدا هەر ئەوەندە دەڵێ کە: لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا، جارێکی تر هێزەکانی بریتانیا کەرکووك و ئاڵتوون کۆپرییان داگیرکردوٚتەوە. بەڵام د. کەمال مەزهەر بە پشتوانیی بۆچوونەکانی "ئارنوڵد وێڵسن"ی حاکمی میسوٚپوٚتامیا، لە ل ١٠٣ی کتێبەکەیدا دەڵێ: بریپیانیەکان لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا کاپتن "نوٚئێل"یان بە حاکمی سیاسی دەستنیشان کردووە (د. كمال مظهر احمد، كركوك وتوابعها: حكم التاريخ والضمير).

بە گوێرەی گرتنی شاری مووسڵیش، د. فازیل دەمیرچی دەڵێ: (( بەپێی ڕێککەوتنی موٚدروٚس کە لە ١٩١٨/١٠/٣٠دا کرا، دەبوو هەردوو لەشکرەکە (واتە ئینگلیز و عوسمانی) لە شوێنەکانی خوٚیان بمێنەوە. بەڵام ڕۆژی ١٩١٨/١١/٣ ئینگلیز داوای لە عەلی ئیحسان پاشای سەرلەشکری ٦ی عوسمانی کرد مووسڵ بەجێبهێڵێ. ئینگلیز لە ١٩١٨/١١/٨دا مووسڵیان داگیرکرد... (بڕوانە:

Dr. Fazil Demirci , The Iraqi Turks, Yesterday and Today,
Printing Press, 1991, P.11.

د. دامیرچی دەڵێت: ماددەیەکی پەیماننامەی میللیی تورك Turk Milli Misaqi کە لە مانگی دووی ١٩٢٠دا دەرچووە، دەڵێ: ئەو ناوچانەی کە لە ١٩١٨/١٠/٣٠دا لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدا بوون لەناو سنووری نیشتمانیی ئێمەدان. د. کەمال مەزهەر تاڕادەیەك تەئکید لەو مێژوانەی د. فازیل دامیرچی دەکات و دەڵێ: کە ڕۆژی ٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩١٨ ئاگربەستی موٚدروٚس کوٚتاییی بەشەڕی هاوپەیمانان و ئیمپراتوٚریێتیی عوسمانی هێنا، هێشتا لەشکری ئینگلیز دوازەدە میلی مابوو بگاتە ناو شاری مووسڵ (بڕوانە: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٥، ل١١٢). ئەم مێژوە، ئەم ڕاستییە، لە ل٤٢٣ی کتێبی The Letters of Gertrude Bell دا تەئکیدی لێ کراوە و دەڵێ: مێجەر جەنەراڵ سیر پێرسی کوٚکس لە وتارێکیدا دەڵێ:

((We Were wiunid 12 miles of Mosul, the following day when news of Armistice reached the commander in chief, Two days later Mosul itself was 0ccupied…)).

واتە: ((ئێمە دوانزدە میل لە مووسڵ دوور بووین، کاتێ هەواڵی ئاگربەست گەیشتە سەرلەشکر. پاش دوو ڕۆژ مووسڵ خوٚیشی داگیرکرا)) (The letters of Gertrude Bell, Penguin Books, Sufflok, Britain, 1987)

www.zheen.org

# سنوورەکان

سنوورەکانی ئەم دوو ناوچە دەست نیشانکراوانە، لە ڕاپۆرتە پڕ بەهاکانی ساڵی ١٩١٨دا، ئاماژەیان پێکراوە. ئەوانەی یەکەم جار بۆ ئەم دەڤەرە ئیشارەیان پێ کراوە، دەشێ جارێکی تر بخرێنەوە بەردەست:

ڕۆژهەڵات: دەبێ ئەمانەی تێدابێ: لەك، ساڵەیی، شوان- کە لەکاتی تورکەکاندا□[مەبەستی کاتی عوسمانیەکانە، وەرگێڕ] سەر بە ناحیەیەك بوو بە هەمان ناو، شێخ بزێنی لێ دەرکرێ، لەوێوە بە سنووری کۆنەکانی نێوان کەرکووك و ناحیەی چەمچەماڵدا بڕوات، ڕۆژئاوای ئەرزەکانی جەباری و ڕۆژهەڵاتی گوندەکانی تاڵەبانی ببڕێ کە هی حەمیدن [شێخ حەمید، وەرگێڕ]. هەروەها دروست لە دوو ئاوانەی Chiazarin چیا زێڕین، ئاوی ئاقسووی ڕۆژهەڵاتی عەشیرەتی زەنگەنەوە ڕەت ببێ، لەوێوە بە هێڵێکی ڕاست، تا دەگاتە بەرامبەر بە (مەیدان)ی سەر ڕووباری سیروان.

**باشوور:** لەو خاڵەی بەرامبەر (مەیدان)ی سەر سیروانەوە تا خاڵی بەیەك گەیشتنی رووباری (نەهرین) و سیروان (دیالە).

**ڕۆژئاوا:** لەو خاڵەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، لە ڕۆژهەڵاتی (جەوەڵ حەمرین)ـەوە تا چاڵە خوێیەکانی جەوەڵ حەمرینی تێدابێ. لەوێوە، بەرەو سەروو تا لە خاڵی (تەل عەلی) خۆی لە (زاب) دەدات.

---

د. فازیل حوسەین، دەفەرموێ: ... دوای شەڕ و لەگەڵ سەرکەوتنی کەمالیەکاندا، تورکیا ئەوەی [مەبەستی مەسەلەی کاتی گرتنی مووسڵە، وەرگێڕ] کرد بە بیابوو بۆ داواکردنەوەی ویلایەتی مووسڵ (بڕوانە: مشکلة الموصل، دراسة في الدبلوماسية العراقية -الانگليزية- الترکية وفي الرأي العام، بغداد، ١٩٥٥، ص٣٣٦). گوایە بەم شێوەیە کێشەی مووسڵ لەلایەن تورکیاوە کراوەتە کێشەیەکی مێژوویی نێودەوڵەتی.

**باكوور:** **هاوتەریبی (زاب) تا (ئاڵتوون کۆپری)، ئەو شوێنەو گوندەکانی (لەك)ی تێدابێ، کە دەکەونە بەشی سەرووی ڕووباری (زاب). تا ئەو خاڵەی کە لە ڕۆژئاوای زەردك Zardik دایە، لەو شوێنەی کە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی دەڤەرەکە دەست پێ دەکەن**[٤].

[٤] وەك لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ڕوونمان کردۆتەوە، ڕاستی مێژوویی ئەوە بووە کە ئینگلیز ویستوویەتی بە هەر شێوەیەك بێ ئەو سێ ویلایەتە (بەغدا، بەسرا، مووسڵ)ی میسۆپۆتامیا، بکاتە دەوڵەتێك لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێ. بەڵام لەبەر هەندێ هۆی ناوەکی و بارودۆخی جەنگ و هاوپەیوەندی لەگەڵ فەڕەنسادا، هێندە سنووری جوگرافیی پیلانەکانیان لا ڕوون نەبوە. بۆیە دەکرێ ئەم فەرمانە کارگێڕیەی وێلسن، کە دەستکاریکردنێکی باری کارگێڕیی دەڤەرەکەیە، بە یەکەم هەنگاوی ئاشکراکردنی پیلانەکە بزانرێ . بەڵام ئایا بارودۆخی ئیداری (کارگێڕی) کەرکووك و یا کوردستانی باشوور بەگشتی، لە دوا ساڵانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا چۆن بووە و چۆن دەستکاری کراوە ؟ ئەوە پرسیارێکە ئێمە هەوڵ دەدەین زۆر بەکورتی و بەپێی ساڵ لێرەدا پێشکەشی بکەین.
لەتیف فاتیح فەرەج لە کتێبی (کەرکووك: کورتە خوێندنەوەیەکی دیرۆکیانەی کەرکووك)دا، هەندێ زانیاریی مامۆستا عەبدوڕڕقیب یووسف دووبارە دەکاتەوەو دەربارەی ویلایەتی شارەزوور دەڵێ: (( شارەزوور کە مەڵبەندەکەی کەرکووك بووە لە ٢٠ سنجەق پێك هاتووە، یەکە کارگێڕیەکانی ئەمانە بوون: (سرۆچك، هەولێر، کسنان [پێم وایە ئەمە دەبێ کەسنەزان بێ، وەرگێڕ]، شارباژێڕ، چەنگوڵە [نزیك کرماشانە]، چیای حەمرین، هەزارمێرد، گۆران، مەرگە، هەریر، ڕۆدین، ئەمیل تاری، زنجیر، عەجوز، هەورامان، باقیرنلی، پەلقاس شنۆ، قەڵای غازی...) بڕوانە: ل ٢٢ی کتێبی ناوبراو، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
دەبێ بڵێین تائێستاش هەندێ ناوی ئەم یەکە کارگێڕیانە ساغ نەبوەتەوەو، مرۆڤ ناتوانێ هەروا بە سانایی بڕوا بە هەندێ لەو ناوانە بکات. هەروەها قەد نەبیستراوە کە ویلایەتی شارەزووری عوسمانی بیست سنجەقی هەبووبێ و، ژمارەی ئەو یەکە کارگێڕیانەی کە وەك سنجەق ناویان هاتووە ١٨ سنجەق نەك بیست، بە هیچ شێوەیەك ناوی سنجەقی (سلێمانی) یا (کۆیە) یان تێدا نییە و، دەبێ ئەوەش بڵێین کە باسی ئەوساڵە یان ساڵانە نەکراوە کە ئەو بیست سنجەق (یەکە کارگێڕی)یەی عوسمانی تێدا دامەزرێنراون !
بەڵام ئەگەر ئەو ساڵە دەستنیشان نەکراوە بەجێبهێڵین، دەبینین ساڵی ١٨٧٠ "مەدحەت پاشا"ی عوسمانی، باری کارگێڕیی ویلایەتی شارەزوور (کەرکووك)ی کردۆتە ٦ قەزا" قەزاکانی کەرکووك، ئەربیل، ڕەواندوز، کفری، کۆیە، ڕانیە. پاشان بەپێی فەرمانی سیستەمی ویلایات لە

www.zheen.org

عیراقدا کە "مەدحەت پاشا"ی سەدری ئەعزەم ساڵی ١٨٧٩ لە ئەستەنبووڵ دەریکردووە، سەنجەقی شارەزوور [کەرکووك] بە خۆی و پێنج قەزاوە، سنجەقی سلێمانی بە خۆی و ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجەوە، کراون بە دوو سنجەقی سەرەکی‌ی ویلایەتی مووسڵ (بڕوانە: لیلی نامق جاف: كركوك لمحات تاريخية، منشورات "خەبات"، ١٩٩٢).

ماموٚستای قانوونناس، دکتۆر نووری تاڵەبانیش، بە پشت بەستن بە زانیاریەکانی ل١٤٧ی [دائیرەی مەعاریفی ئیسلامی– بەزمانی فەڕەنسی] دەڵێ: (ویلایەتی مووسڵ لە سێ سنجەق پێك هاتووە: مووسڵ، کەرکووك، سلێمانی. ساڵی ١٩١٨ سێ قەزای سەرووی زێی بچووك لە سنووری جوگرافی کەرکووك دابڕران و لیوای ئەربیل (هەولێر)یان لێ دروست کرا (بڕوانە: ل٣٤ی منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، الطبعة الثانية، ١٩٩٩).

شایانی باسە، دوا وێنەی ناوچە کارگێڕیەکانی (ویلایەتی مووسڵ) لە دوا ساڵانی دەسەڵاتی عوسمانیدا، بەتایبەت ساڵانی دەسەڵاتدارێتی‌ی [ئیتیحادو تەرەقی]، ١٩٠٨-١٩١٤، پێك هاتبوو لە سێ لیوا، ١٤ قەزا، ٣٣ ناحیە، ٣٢٠٧ گوند و حەوت عەشیرەت. یەکە ئیداریەکانی بەگشتی ئەمانەی خوارەوە بوون:

| لیوا | قەزا | ناحیە | گوند |
|---|---|---|---|
| مووسڵ | مووسڵ<br>عەمادییە<br>زاخۆ<br>دهۆك<br>عەقرە<br>سنجار | شێخان، عەشایری سەبعە<br>داودیە، بەرواری باڵا، بەرواری ژێری، ڕێکان، نێروە<br>مزووری<br>زێبار<br>تەلەعفەر | ٥٠٦<br>١١٠<br>٢١٥<br>١٣٢ |
| کەرکووك | کەرکووك<br>ڕەواندز<br>کۆیسنجەق<br>ڕانیە<br>ئەربیل<br>صەڵاحییە | مەڵحە، داقووق، ئاڵتوون کۆپری، گێل، شوان<br>دێرە حەریر، باڵەك، برادۆست، شێروان<br>شەقڵاوە<br>....<br>سوڵتانییە، دزەیی<br>قەرەتەپە، توزخورماتوو | ٣٤٨<br>٢٨٣<br>١٢١<br>٩٠<br>٢٣٠<br>٩١ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەو مانگانەوە کە ئەو سنوورانەی سەرەوە دەستنیشان کراون، تەنیا هەندێ دەستکارییان کراوە، لەوانە: گواستنەوەی ٥ گوندی سەر بە عەشیرەتی لەك بۆ سەر دەڤەری ئەربیل، لە ٦ گوند (کانی قرژاڵە)ی سەر بە ناحیەی (شوان)، ئەم گوندە نزیك بە چەمچەماڵە، بۆ سەر دەڤەری سلێمانی. هەڵگرتنی هێڵی سنوور، لە قوژبنی باکووری ڕۆژئاواوە، تا لەباتی ١٢میل، لە ٤ میل دووری دیجلەوە بە زابدا تێپەڕ بێ.

هەموو ئەم دەستکاریانە بە ڕەزامەندی ئەفسەرانی نزیك بەو ناوچانە کراون[٥]. سروشت و شێوازە جوگرافیەکانی ئەو ناوچەیە، ڕوون و ئاشکرا جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەوەی کە لە عیراقدایە. سەبارەت بەم بابەتە، لەوە زیاتر بەڕاشکاوی لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩١٨دا هاتووە، هیچێکی ترمان نییە و پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات.

بنکەی ژین
www.zheen.org

| | | | |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | سلێمانی | قەرەتاغ | ١٣٩ |
| | گوڵعەنبەر | ئەڵەبجە، سرۆچك، قزڵجە | ٤٧٢ |
| | مەعموورەی حەمید | قەلعەدزە، سووداش، مەرگە | ١٣٧ |
| | بازیان | قەلعەسێوکە، سەنگاو | ١٥٩و ٧ خێڵ |
| | شەهربازاڕ | سنکێ، ماوەت | |

(بڕوانە ل٤٧ی کتێبی: فیصل محمد الأرحیم، تطور العراق تحت حکم الاتحادیین ١٩٠٨-١٩١٤، الموصل، ١٩٧٥).

[٥] ئەفسەرانی سیاسی ئینکلیز، لەو ساڵانەدا وەك حاکمی گشتی ، بێگوێدانە ویستی خەڵکی ناوچەکان، بە ئارەزووی خۆیان ئەم سنوورانەیان دەگۆڕی. "ویڵسن"ی حاکمی سیاسی گشتی میسۆپۆتامیا، لە ڕاپۆرتی ئیستخباراتی تایبەت بە بابەتەکانی باشووری کوردستاندا، لە ساڵەکانی جەنگی گەورەدا، ئەوەی ئاشکرا کردووە کە حاکمە سیاسیەکان بۆیان هەبوە لەو چوارچێوە گشتییەی کە بۆیان دانرابوو، ئەو جۆرە وردە دەستکارییە کارگێرییەی ناوچانە بکەن.

(بڕوانە: دۆکیومەنتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ژمارە F.O 371/41929. 3 ی ئەیلوولی ١٩١٩، ل٩).

# ڕێگاوبانی "پەیوەندیەکان"

پەرەپێدانی ڕێگاوبان و پەیوەندیەکانی ساڵی ١٩١٩، بابەتێکە لەوانەیە زۆر قسەی لەسەر کرابێ و، زۆربەیان لەبەر پێداوستی و هۆکارە لەشکریەکان جێبەجێ کرابن. شێوازی بەکارهێنانی "کەرو بار"و بەکارهێنانی "کەڵەك" بۆ پەڕینەوە لە ڕووبارەکاندا هەروەك خۆیان ماونەتەوە.

سەفەرکردن لە کفرییەوە بۆ خانەقین، بۆ هەڵەبجە و سلێمانیە بە ڕێگەی یەکسەر و ڕاستەوخۆ، هێشتا هەروەك جاران ئەستەم و گرانن. هەر بە هەمان شێوە، لە (تاووق)ەوە بۆ چەمچەماڵ، لە کەرکووکەوە بۆ (تەقتەق) و کۆیسەنجەق، وەك خۆیان ماونەتەوە.

پەیوەندیەکانی کفری لەگەڵ خوارووودا، لەگەڵ بەغدا و (خاڵص)دا، ئێستا لەڕێگەی (قزڵربات)ەوە بەسەر پردی تۆکمەی شەمەندەفەری (قەرەخان)دا دەڕوات. ئەم ڕێگەیەی بەرەو (شارەبان) و (بەعقووبە)، لە کۆتایی پایزدا تەواو دەبێ. جادەی (جەبەل حەمرین) کە بە (قەرەتەپە) و دەربەندی (سەقەلتوتان) و (ابو هیجا)دا تێدەپەڕێ، بەتەواوەتی پشتگوێ خراوەو گرانە بشێ چاك بکرێتەوە[٦].

---

[٦] هەروەك دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێ: سەرەتا بیرکردنەوە لە ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر بەرەو بەغدا [ واتە بەرەو ناوچەکانی مسۆپۆتامیا، وەرگێڕ] دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٨٨، کاتی بەستنی دوو هێڵی نێوان ئەستەنبووڵ و بەرلین تەواو بوو، هەروەها کاتێ "ولیەم"ی ئیمپڕاتۆری ئەڵمانیا سەردانی ئەستەنبووڵی کرد و بەڵێنی ڕاکێشانی هێڵکەی بەرەو خەلیج لە سوڵتانی عوسمانی وەرگرت (بڕوانە: الطبقة العاملة العراقية التكون و بدايات التحرك، دار الرشيد-بغداد، ١٩٨٢، ص١٩).

بۆ یەکەم جار، لەگەڵ داگیرکردنی شار و شارۆچکەکانی مووسڵدا، بۆ کاروباری خۆیانو ئاسانکاری پیلانە لەشکرییەکان، ئینگلیزەکان بیریان لەوە کردەوە هێڵی شەمەندەفەر لە

جادەیەکی تازە کراوەتەوە کە (قەرەتەپە) و (قەرەخان) بەیەکتری دەبەستێتەوە، لە مانگی تشرینی دووەمدا دوو پردی بەخشت دروستکراوی سەر چۆمەکانی چارمان "charman" و نارین "narin" چاك کراونەتەوە. جادەی قەرەتەپە–دووز کە تورکەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ هاتوچۆکردنی عەرەبانە و کاریتەی لەشکریی خۆیان بەکاریان هێناوە، لەوە دەچێ بۆ هاتوچۆکردنی ئێستامان نەشێ و، تائێستا دەستکاریی نەکراوە.

ئەو دوو جادە هاوتەریبەی کە کفری و دووز بەیەکتری دەبەستێتەوەو، لەدواییدا چەمی (ئاق سوو) دەبڕێ و جاربەجارێ قسەی لەسەر دەکرێ، بارێکی زۆر خراپ و ئاڵۆزی هەیە و هەندێ جار دەگیرێ.

ئەو جادەیەی تازەخورماتوو، کە لە (بەشیر)ەوە دەڕوات و لە دەربەندی (عێنوخلە)وە دەگاتە سامەڕاو تکریت، ئوتومبێلی پێدا ڕۆیشتووە" ئێستا دانانی پلانی چاککردنەوەی پێویستە، بۆ ئەوەی بکرێت بە ئۆتۆبانێکی شیاو بۆ هاتوچۆکردنی ئامرازی تایەداری هاتوچۆکردن [7]. لە کەرکووکەوە بەرەو سلێمانی جادەی ئوتومبیل، لەلایەن دەسەڵاتدار ێتی لەشکرییەوە دروست کراوە. کاری دروستکردنەکە هاوکات بووە لەگەڵ کاروبارە سوپاییەکانی ئەم دواییە، کە پاشتر شتی لەسەر دەنووسین.

www.zheen.org

---

ناوچەکانی ویلایەتەکەدا ڕابکێشن، ئەوەبوو تا کۆتایی ساڵی ١٩٢٠، ئەم هێڵانەی خوارەوە لە ناوچەکانی کوردستاندا پێکەوە بەستران:–

– هێڵی بەغداد بەرەو خانەقین و سنووری ئێران، بە درێژی ١٣٠میل (بڕوانە: ل١١١ی کتێبەکەی ستیڤن لۆنگریك).

– هەروەها وەك مسز بیلێ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٠دا ئاماژەی پێ گردووە، هێڵێکی metre gauge لە قەرەخانەوە تا (کەنگریان)ی نزیك بە کفری، دروست ٣٣٤٦ میل بووە. ( Review of Miss Bill‹the Civil Administration, P117. ).

[7] دەبێ بزانین بەکارهێنانی ئوتومبیل بۆ گواستنەوەی گشتی هاووڵاتیانی عیراق، یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٢دا بوو. ئەو ساڵە بواردرا جادەی بەغدا– دیالە بۆ کاروباری گواستنەوەی هاووڵاتیان بەکار بهێنرێ. هەڵبەتە لە دوا ساڵانی حوکمی دەوڵەتی عوسمانی و هەروەها لە ١٩١٧، ١٩١٨و١٩١٩دا کاربەدەستانی دەوڵەت و سوپا ئامرازی ماشێن (ئۆتۆمۆبیلیان بۆ کاروباری خۆیان بەکارهێناوە.

کرێکارانی سوپا، جادەی (کەرکووک—فەتحە)یان ڕێك خستووە، کە دەگاتە سەر پردی بەلەمیی فەتحەو، لەوێوەش بۆ سەر خەتی شەمەندەفەری (بێجی)[8].
جادەی کەرکووک—ئاڵتوون کۆپری چاکتر کراوەتەوەو، ئەو جادەیەی لە ئاڵتوون کۆپرییەوە بەرەو خوارووی ڕۆخی چەپی چەمی زاب دەکشێ، هەروەك خۆی ماوەتەوەو بەکار دەهێنرێ.

دوو پردەکەی ئاڵتوون کۆپری لە سەرەتای هاویندا تەواوکران و ئێستا کراونەتەوە، هەندێ کێشەو کەموکوڕییان هەیە و وەك پێویست نین، هەڵبەتە لە بەراوردکردندا لەگەڵ ئەو دووەدا کە تورکەکان لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا ڕووخاندیان، کەرەستە و جێبەجێکردنی ئەم دوو پردە لەلایەن سوپاوە ئامادە کراون. بودجەی پڕۆژەکە ٧٦ هەزار ڕووپی بووە، ئێستا لێپرسراوێتی بەڕێوەبردنی پردەکان دراوەتە ناحیەی ئاڵتوون کۆپری.

هێڵی شەمەندەفەری جۆری metra-guage لەم هاوینەدا گەیشتە دەڤەرەکە. ئێستا پردی ئاسنینی دیالە لە ڕێگەی پردێکی کاتییەوە کە لە (قەرەخان) دانرا، لە شوێنی دانراوە. ئەم هێڵە، چڵێکە لە هێڵی بەعقووبە—خانەقین. لە ڕاپۆرتی پێشوودا ئەوە باس کراوە کە هێڵەکە گەیشتۆتە کەنگربان، کە گوندێکە کەوتۆتە چوار میلی باشووری ڕۆژئاوای کفرییەوە و ئێستاکە کۆتایی هێڵەکەیە.

هیوایەکی گەورەمان هەیە کە لە هاویندا هێڵەکە بەرەو کەرکووکو لەوێشەوە بەرەو مووسڵ ڕابکێشرێ. شایانی باسە، هەنگاوە سەرەتاییەکانی تاووتوێکردنی ئەم کارە تەواوکراوە و، دوا ئاکامی ئەم کارە پەیوەندیی بە هەندێ مەبەستی دوور و ستراتیجییەوە

(٨) دەسەڵاتدارانی ئینگلیز، کاروباری تاقەت هەڵنەگری ئەم جادەو ڕێگاو بانەیان بە کرێکارانی ناوچەکە جێبەجێدەکرد. لەو ساڵانەدا بە کرێکاری کورد ڕۆژانەی ڕووپێیەك و دوو عانە و بە کرێکاری عەرەب ١٤ عانەیان دەدا. شایانی باسە، ڕوپێیەك دەیکردە ٧٥ فلس، هەر عانەیەك بەرامبەر بە ٤ فلس بوو (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ل٤٥ و ٤٧ی کتێبی الطبقة العاملة العراقية).

**هەیە، لە باری نادیاریدایە و ئێستا زۆر زووە کە گرنگی بەم شتانە بدرێ. ئۆفیسەکانی تەلەگراف لە ئاڵتوون کۆپری، کەرکووک، تاووق، تووز و کفری کراونەتەوە[٩].**

بنكەی ژین
www.zheen.org

**[٩] دەبێ بوترێ، ناوچەکانی هەرسێ ویلایەتەکەی میسۆپۆتامیا، ساڵی ١٨٦٨ بۆ یەکەم جار ئۆفیس یا بەڕێوەبەرێتی شێوازی نوێی کاروباری پۆستیان بەناوی (بەڕێوەبەرێتی پۆستی هیندی)یەوە بەخۆوە بینیوە. ئینگلیزیش هەر لە سەرەتای هاتنە ناو کوردستان (ویلایەتی مووسڵ)ـەوە، لە بەغدادەوە سەرپەرشتی هەموو کاروبارەکانی دەکرد. بۆیە ساڵی ١٩١٨ بەڕێوەبەرێتییەکی بۆ کاروباری پۆست بە سەرپەرشتی ئی. کلیریسی E. Clerici و بەڕێوەبەرێتییەکی بۆ کاروباری تەلەگراف بە سەرپەرشتی دی. سمدت G. E. De Smidt دامەزراند. پاشان بەرپرسیارێتی هەردوو بەشەکەی خستە ئەستۆی ب. دەبلیو. گەمبلی B. W. Gumbley (بڕوانە: ل٣٤ و ١٠٨ی کێبەکەی ستیڤن همزلی لۆنگریك).**

**لە پاییزیشدا بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی گشتی لە بەغدا، بۆ یەکەم جار قبووڵی کرد ئاسانکاری هاوپەیوەندی بکرێ، چونکە نەبوونی ئەو پێوەندییە لە ڕابردوودا ببووە هۆی کۆمەڵێ شکات و شکایەتکاری.**

# سەرژمێریی خەڵکەکە

لە مانگی تشرینی یەکەمدا، سەرژمێرییەکی ناتەواو لە گوندەکان و ناو عەشایرەکاندا تەواوکرا. دەکرێ سەرەنجامەکەی لە خشتەیەکی وادا پیشان بدرێ[10].

---

(10) بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، ئەم سەرژمێرییە بە ناتەواو ناوزەد کراوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم سەرژمێرییەی کە دەسەڵاتدارانی بریتانیا کردوویانە، تەنیا ئامار وەرگرتنی مەزەندەو خەملاندن بووە. بۆیە دەبینین کەسێکی وەك Roger Owen لە کتێبی The Middle East in the World Economy یدا، دان بەو ڕاستییەدا دەنێت و دەڵێت: (یەکەم سەرژمێری خەملاندن و تەقریبی لەلایەن بریتانیاوە کرابێ، لە ساڵی ١٩١٩دا بووە....). کاتێ ویلایەتی مووسڵ هێنرایە ژێر کۆنترۆڵی بریتانیا، ژمارەی خەڵکەکە بەپێی ئەو مەزەندەو خەملاندەنە ٥٤٨٣٧٨ کەس بووە (بڕوانە: ل٢٧٣ی کتێبی ناوبراو کە ساڵی ١٩٩٣ لەندەن و لە نیویۆرك چاپ کراوە).

هەڵبەتە ئەم سەرژمێرییەی ١٩١٩ی کەرکووك و دەروبەریشی، هەر بە شێوازی خەملاندن کراوە بەڵام لەوە دەچێ ئەوانەی ڕاپۆرتەکەیان ئامادە کردووە لە واقیعی حاڵەتەکەیان زانیبێ و بۆ پۆشینی سنوورداری دەسەڵاتی ئەوکاتەیان، وایان بە چاك زانیبێ لەباتی وشەی [خەملاندن] و [مەزەندەکردن] وشەی (سەرژمێری) و (ناتەواوی) بەکاربهێنین. دەشێ کاری خەملاندن یا مەزەندەکردن، لەناو چوارچێوەی ئۆفیسێکدا بکرێ، بەڵام پشتگوێ خستنی وشەی (سەرژمێری) و ئاماژەکردنی (ناتەواوی)، ئەو واتەیە دەداتە خوێنەر کە گوایە کاری سەرژمێریەکە بە ڕاستی کراوە و هەندێ کەم وکەسری و ناتەواویی تێدا هەبوە !! گومان لەوەدا نییە کە نەك ساڵی ١٩١٩، بەڵکوو هەتا لە سەرژمێری ١٩٥٧یشدا، هەندێ هۆکار هەبوە کە کاریگەرییان لەسەر زۆری یا کەمی—یا ڕاستتر بڵێین لەسەر نەپێکانی تەواوی ڕاستی سەرژمێرییەکە داناوە، وەك:

١- بە هیچ کلۆجێ نەکراوەو نەشیاوە لەو ساڵەدا (١٩١٩) سەرژمێری ئافرەت کرابێ، ئینجا چ جای ئەوەی کە ئەو ژمارەیە لە سەرجەمی دەڤەر (لیوا)ی کەرکووکدا ٦٣٥٥١ ئافرەت هەبووبێ

٢- واتەی سەرژمێری لەکاتی عوسمانیدا بۆ خەڵکەکە، ئەم واتانەی داوەتە دەستەوە،

- بۆ وەرگرتنی باج و سەرانە بووە،
- بۆ گرتن و ڕەوانەکردنی لاوان بووە بەرەو بەرەکانی شەڕو جەنگە زۆرەکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی.

بۆیە هەتا لە سەرژمێری ١٩٥٧یشدا، زۆربەی عەشایری کورد، یا بەگشتی خۆیان دزیوەتەوە لە سەرژمێری، یا هەر هیچ نەبێ منداڵ و گەنجەکانیان ناونووس نەکردووە. بەڵام لەوە دەچێ دەردە مەزندە و خەمڵاندن، هەر لە ڕاپۆرتەکاندا نەبووبێ، بەڵکوو بووبێتە سەرچاوەی بڕواپێکراویش بۆ ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەو نووسینیان هەبوە لەسەر ویلایەتی مووسڵ و شار و لیوای کەرکووك .

ئەوەتا ئەدمۆندز لە ل٢٤١ی کتێبەکەیدا، کە مامۆستا جرجیس فتح الله تەرجەمەی عەرەبیی کردووە، ژمارەی خەڵکەکانی شاری کەرکووکی لەوەش کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە، کەمتر کردووە و ژمارەی ٢٥ هەزاری تۆمارکردووە ، بەبێ ئەوەی ڕوونی کردبێتەوە کە ئایا ئەو ژمارەیەی لە چ سەرژمێرییەکەوە هێناوە ( سي.جي. أدموندس. كرد وترك وعرب، ترجمة جرجيس فتح الله المحامي، بغداد، ١٩٧١).

W. R. Hayی ئەفسەریش کە ساڵانی ١٩١٨ تا ١٩٢٠ کاری ئەفسەری سیاسی کردووە لە کوردستان، بەبێبەڵگە و بێئاماژەکردن بە سەرچاوەیەك، ژمارەی خەڵکانی شاری کەرکووکی بە ٣٠ هەزار کەس قەبڵاندووە ( Hay W.R, Two years in Kurdistan, Expriens of a political officer 1918-1920, London, 1922.). لەوەش زیاتر هەتا دەسەڵاتە نێودەوڵەتیەکانیش، کە مەسەلەی لێکۆڵینەوەو چارەسەری کێشە گرنگەکانی سەرەتای ئەو سەدەیەیان پێسپێردراوە، بەداخەوە هەمان خەمڵاندن و قەبڵاندن و مەزەندەکارییان کردوّتە ئامرازی کارەکانیان، نەشیان توانیوە لەژێر کاریگەری یەکەم سەرژمێردا– واتە قەبڵاندنەکەی ١٩١٩ بریتانیا، دەربچن.

www.zheen.org

ئەوەتا د. نووری تاڵەبانیش لە کتێبی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، چاپی دووەم، ١٩٩٩دا، پشتی بەستووە بە یەکێك لەو خەمڵاندنانەی ژمارەی خەڵکانی لیواکانی کەرکووك و سلێمانی و هەولێر لە ساڵی ١٩٢١دا. بەڵام ئەو بە ڕەوانی نووسیویەتی ئەم ژمارانە مەزندەن و لە ئەرشیڤی تۆمارکراوەکانی کتێبخانەی ستۆکهۆڵم وەریگرتوون. هەڵبەتە سوید ئەو دەوڵەتەیە کە ڕۆڵی سەرەکی هەبوە لە لێکۆڵینەوەکانی (عصبةالامم)دا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی مووسڵ:

| لیوا | عەرەب | تورك | کورد | کلدان | جوو | گشتی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ئەربیل | ٥١٠٠ | ١٥٠٠٠ | ٧٧٠٠٠ | ٤١٠٠ | ٤٨٠٠ | ١٠٦٠٠٠ |
| کەرکووك | ١٠٠٠٠ | ٣٥٠٠٠ | ٧٥٠٠٠ | ٦٠٠ | ١٤٠٠ | ٩٢٠٠٠ ( ١٢٢٠٠ وەرگێڕ ) |
| سلێمانی | .... | ١٠٠٠ | ١٥٢٠٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٥٥٠٠ ( ١٥٥١٠٠ وەرگێڕ ) |
| سەرجەم | ١٥١٠٠ | ٥١٠٠٠ | ٣٠٤٠٠٠ | ٤٨٠٠ | ٧٢٠٠ | ٣٨٢١٠٠ |

| شوێن | ژمارەی پیاوان | ژمارەی گشتی |
| --- | --- | --- |
| **شاری کەرکووک** | ٨٩٠،٦ | ٨٣٩،١٨ |
| **بەشەکانی تری ناوچەکە** | ١٠.٥٦٠ | ٣٩.٦٣٦ |
| **شاری کفری** | ١.١٨٢ | ٤.١٤٥ |
| **بەشەکانی تری ناوچەکە** | ٩.٠٤٦ | ٢٩.٦١٠ |
| **ژمارەی گشتی** | ٢٧.٦٧٨ | ٩١.٢٢٩ |

*** ئەم خشتەیە عەشایری جافی تێدا نییە، کە گەرمەسێریان لە هەڵەبجەوە بەرەو ناوچەکانی کفری لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولدا دەست پێدەکات. لەماوەی ئەم ڕاپۆرتەدا ، مەزەندەی ئەوە کراوە کە ژمارەی خەڵکی ناوچەکە لە ١٠٪ بۆ ٢٠٪ زیادی کردبێ، هەڵبەتە لەبەر سێ هۆ:**

- **مەرخەسی کرێکارانی کاروباری ڕەزەوانی، گەڕانەوەیان بۆ ناوماڵیان،**
- **گەڕانەوەی یەخسیرەکانی جەنگ،**
- **گەڕانەوەی پەنابەران و کۆچکردوان لە بەغداد و عیراقەوە.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

(بڕوانە: ل٣٦ی منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي).

هەڵبەتە ئەم خشتەیەی کە د. نووری تاڵەبانی لە سوید وەریگرتووە، زۆر چاك ئەو بۆچوونەی من دەسەلمێنێ. سەرژمێری مەزەندەکراوی ساڵی ١٩١٩ی بەریتانیاکان بۆتە سەرچاوە بۆ زۆربەی ئەو مەزەندانەی کە بەناوی سەرژمێرییەوە بلاوکراونەتەوە. هەتا د. نووریش بە چاکی سەرنجی ئەوەی نەداوە کە دانەرانی ئەم خشتەیە لەبەر کۆپیکردنی ژمارەکانی ساڵی ١٩١٩ بیری ئەوەیان نەبوە یا ئەوەیان بەگرنگ نەزانیوە کە ژمارەی گشتی کەرکووك بەو پێیە لە خشتەکەدا هاتووە دەکاتە ١٢٢٠٠٠ نەك ٩٢٠٠٠ کەس لەپاش ساڵی داگیرکردنی دەڤەری کەرکووکیشەوە، بەپێی ئەو ژمارانە، ڕێژەی نەتەوەکانی لیواکە بەم شێوەیە بووە:

کورد: ٦١,٤٪، تورکمان: ٢٨,٦٪

عەرەب: ٨,١٪، جوو: ١,١٪

کلدان: ٥,٠٪، ئەوانەی تر: ٣,٠٪

لەماوەی سالێکدا، ژمارەی دوکانەکان لە کەرکووك، دوو قات بوون (ئێستا ژمارەیان ١٤٠٠ دوکانە). دەکرێ بوترێ هەموو مالێکی هەر گوندێك، پڕبووە لە خەلك و هەتا خانوە ڕماوەکانیش چاك کراونەتەوە.

جۆرە کۆچکردنێکی ئاشکرا لە ناوچەو دەڤەرەکەوە (زیاتر لە شاری کەرکووك خۆیەوە) دەستی پێکردووە، وەك هۆکاری سیاسی کەم بایەخ نین — ئەویش کۆچکردنی فەرمانبەران و ئەفسەرانی تورکە. بەم کارەیان خەرجی خانەنشینییان لەم ئانوساتە سەختەدا کەم کردوتەوە. ئەوانە بەرەو سنوورەکانی تورکیا هەلکشاون بۆ دۆزینەوە و پەیداکردنی ژیانی ئاسوودەتر. ژمارەی ئەوانە لە بیست تێپەڕ ناکات، مەبەستی ئاساییان گەیشتن بە ناوچەکانی ئەرزڕۆم یا سووریایە(11).

بنکەی ژین
www.zheen.org

(11) شتێکی سەرسوڕهێنی ئینگلیزی ڕزگارکەری خەلکی مێسۆپۆتامیا ئەوەیە کە، کۆچکردنی بیست ئەفسەر یا کارمەندی دەولەتی عوسمانی چەوسێنەری خەلکەکە، بەگرنگ وەردەگرێ و لەم ڕاپۆرتەدا هۆکارە سیاسیەکانی بە کەمبایەخ نازانێ □□ ئەم کارە سەیرە بووەتە هۆی دروستکردنی پرسیار لەلای چەندین کەسی وەك دکتۆر جەبار قادر، کە لە وتاری (كركووك: قرن ونصف من التتريك والتعريب، نشرة الملف العراقي)دا دەلێ:((ئینگلیز، بەپێچەوانەی تێگەیشتنی ڕەفتاری دوڕاو و سەرکەوتوو، بواری دا بە کارمەندانی دەولەتی عوسمانی و، هەروها بە سەربازەکانی و خێزانەکانیان، لە کەرکووك و قەزاکانی نیشتەجێ بن. لەوەش خراپتر دەسەلاتدارانی ئینگلیزی داگیرکەر هەمان کارمەندو فەرمانبەرانی کۆنی عوسمانییان لە کاروباری ئیداری و پەروەردەیی و ... هتد، بەکارهێنا لە کەرکووك)).

# فەرمانبەران[(١٢)]

---

(١٢) سەروبەندی ساڵی ١٩١٩، دەسەڵاتدارێتی داگیرکەری بریتانی لە بەغداوە هەرسێ ویلایەتەکەیان بەڕێوە دەبرد. حاکمی گشتی Civil Commission لیفتینانت–کۆڵۆنێل ئارنۆڵد ویڵسن بوو. ئارنۆڵد ویڵسن جگە لە بەرپرسیاریی گشتی کاروباری عەسکەری، تۆڕێکی کارگێڕیشی هەبوو بۆ دامەزراندنی کاروباری نوێ و ئیدارەکردن و بەردەوامکردنی کارەکانی ئەو کارگێڕیانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانییەوە مابوونەوە. تۆڕە کارگێڕییەکەی حاکمی مەدەنی پێك هاتبوو لە سکرتاریەتی ئۆفیسی شەخسی حاکمی مەدەنی و پێنج سکرتایەتی گشتی و کۆمەڵێ دائیرە و بەڕێوبەرێتی. سکرتارێتی گشتی Miss Bell سەرپەرشتیی دەکرد.

ئەوانیتریش ئەم سکرتاریەتانە بوون:

١– سکرتاریەتی داهات،

٢– سکرتاریەتی دارایی،

٣–سکرتاریەتی دادوەری،

٤– سکرتاریەتی تەندروستی،

٥– سکرتاریەتی کاروباری گشتی.

هەرچی بەگوێرەی دەڤەر یا لیوای کەرکووکە، لە یەکەم داگیرکردندا بۆ ڕێکخستنی کاروباری گارگێڕی "سەرهەنگ بولارد" دانرا بە حاکمی سیاسی، پاشان وەك لە شوێنکی تردا ئاماژەمان کردووە، لەگەڵ هاتنەوەی ئینگلیزدا بۆ شاری کەرکووك، مێجەر نۆئێل کراوە بە حاکمی سیاسی. پاشان کاپتن ستیڤن لۆنگریگ کە جێگری نۆئێل بوو بۆ ماوەیەك، کراوە بە حاکمی سیاسی. هەروەك د. کەمال مەزهەر دەڵێت: (( کە ئەرکی دامەزراندنی دەستگا تازەکان کەوتۆتە ئەستۆی کاپتن لۆنگریگ، ڕیاڵیەتەی نەتەوایەتی شاری کەرکووك ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوە لەسەر هەر هەنگاوێکی ئیداری ئەو بەرپرسە.....)) (كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، ص١٠٥).

بێسوودیش نابێ، بڵێین لەبەر بارودۆخی سوپایی و نائارامی ئاسایش و ناکامڵی دامەزراوە ئیداریەکانی ئینگلیز، هەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی ویلایەتی مووسڵ حاکمێکی سیاسیی بۆ دانرابوو، کە لەو ساڵەدا ئەمانەی خوارەوە بوون:

–حاکمی سلێمانی: مێجەر سۆن و یارمەتیدەرکەی کاپتن بێڵ بوو،

–حاکمی کۆیە: لە شوباتەوە کاپتن بێل بوو، پاشان کاپتن ڕانداڵ کراوە بە حاکمی سیاسی کۆیە،

–حاکمی سیاسی زاخۆ: کاپتن بمسن،

–حاکمی سیاسی ئامێدی: کاپتن ویلی،

کاپتن ئی. جەی. دۆگلاس یارمەتیدەری حاکمی سیاسی کەرکووك بووە، کە تا مانگی حوزەیران، تا ئەوکاتەی لەپاش ئامادەنەبوون و بزربوونێکی کورت، بەهۆی نەخۆشییەوە، لێپرسراوێتی ناوچەی کفری لە کاپتن ئیس.ئەی. ڕامیت حاکمی سیاسی کفری وەرگرتووە، کە ئەو گەڕاوەتەوە بۆ بریتانیا.

کاپتن ئەی. ئێف. میللەر لە مانگی ئازاردا گەیشتۆتە دەڤەرەکە، تەنیا مانگێ نەبێ، کە پێی نەکراوە لەسەر کارەکەی بێ، دەنا هەر لە کەرکووك ماوەتەوە و فەرماندەی کەرتی چەکدارانی لیڤی Levy بووە.

سەرهەنگ جی. ئیچ. سالمۆن دەستنیشان کرا بە یارمەتیدەری حاکمی سیاسی و، لە مانگی تەمووزدا کرا بە یارمەتیدەری حاکمی سیاسی لە شاری کەرکووك و تائێستا هەر لەو پۆستەدا ماوەتەوە.

لە کفری، کاپتن جاردن مانگی شوبات ناوچەکەی بەجێهێشت و ڕەوانەی ڕەمادییە کرا، کاپتن ڕایت کە یارمەتیدەری بوو، بووە بە لێپرسراو، بەڵام ئەویش لە مانگی حوزەیراندا لە لێپرسراوێتی کەنارکرا.

لەناو دامەزراوان و فەرمانبەرە بچووکەکاندا، هەندێ گۆڕانکاری بەدی دەکرێ، شەکیب ئەفەندی لەگەڵ دەست نیشانکردنی پۆستەکەدا، کراوە بە مدیری ناحیەی شوان. مدیر ناحیەکانی ئاڵتوون کۆپری، مەڵحە، تووز، هەروەك خۆیان ماونەتەوە. مەجید ئەفەندی (فەرمانبەری لاو و سەرکەوتوو) کراوە بە مدیری (تاووق) و هەر لەوکارەدا ماوەتەوە. مدیری زەنگەنە لە شوێنێکی تردا ئاماژەی بۆ کراوە

---

–حاکمی سیاسی عەقرە: کاپتن سکووت و یاریدەری حاکمی سیاسی مووسڵ،

–حاکمی سیاسی چەمچەماڵ: کاپتن بۆند،

–حاکمی کفری : کاپتن سالومین، پاشان کاپتن ڕایت،

–حاکمی سیاسی هەڵەبجە: سەرهەنگ لیز،

–حاکمی سیاسی مووسڵ: کاپتن لچمن (بڕوانە: رفیق حلمی، یادداشت، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنیری و لاوان–هەولێر، ١٩٨٨، ل٧١).

حاکمی سیاسی ئەوساڵە هەر لە کەرکووك ماوەتەوە.

لە قەرەتەپە، عەبدولکەریم ئەفەندی بەهۆی دزی و ناشایستەییەوە لەکار دەرکراوەو داوای لێکراوە ناوچەکەش بەجێبهێڵێ؛ لەباتی ئەو فەرمانبەرێك بە هەمان ناو، خاوەند ناوی چاك، دەستنیشان کراوە.

سەرەتای ساڵی ١٩١٩ ئەوەی بەخۆیەوە دەبینێ کە دەڤەرکە لە سیستەمێکدا ڕێك دەخرا، عەشیرەتەکانی تێدا بە یەکگرتوویی—چ دەستکرد و زۆرەملێ و چ خۆویست—یەکگرتوو) بەدیار دەکەوتن.

بانگهەڵدان بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستان، لەلایەن کورد و نوێنەرانی عەشایرە سەربەخۆکانەوە، لێرەدا لە ناوەڕاستی زستانی ١٩١٨/١٩١٩دا وێنەیەکی سیاسی ئاشکرا بوو[١٣].

---

(١٣) هەر لە سەرەتاوە ئینگلیز ڕاستی ئەوەی دەزانی، کە هەستی نەتەوایەتی و بۆچوون و هەوڵدان بۆ ئازادی، سەرتۆپی هۆشی کوردەکانی گرتووە. بۆیە هەوڵی زیاتریان ئەوە بوو کە لە قۆناغەکانی سەرەتادا، هەست و نەستی کورد ڕاگرن و بۆ بەرژەوەندیە ستراتیجییە دوورەکانی خۆیان بەکاری بهێنن. ئەوەتا د. وەلید حەمدی لە ڕاپۆرتێکی بەڕێوبەرێتی ئیستخباراتی عەسکەری بریتانیدا لە بەغداوە، ئەم بۆچوونەی ئێمە دەسەلمێنێ، ڕاپۆرتەکە دەڵێ: ((لەناو کوردا دوو کۆمەڵ هەن: یەکەمیان، ئەوانەن کە بەتەواوی لایەنگری تورکن، ئەمانە دژ بە ئینگلیزو توندڕەون و زیاتر مەلاو شێخەکان سەرکردایەتییان دەکەن. بەگشتی کورد حەز لە تورك ناکەن، بەڵام کۆمەڵێ هۆکاری تێکچڕژاو وای لێکردوون بکەونە باوەشی تورکەوە. کۆمەڵی دووەم، ئەوانەن کە باوەڕیان بە نەتەوەی کورد هەیە و ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستانە (ئەمانە دەکرێ بڵێین بەگشتی دژی ئینگلیز نین. دەکرێ بە هەڵسوکەوتی چاك هەموو یا زۆربەیان بەرەو لای خۆمان ڕابکێشین...). ڕاپۆرتەکە، بەپێی بۆچوونی زۆربەی مێژوونووسان، دەشێ لە ڕاپۆرتەکانی مێجەر نۆئێلەوە بنەمای وەرگرتبێ، لەوەش زیاتر دەڕوات ودەڵێ: ((پێویستە لەسەر بریتانیا بەو شێوەیە تەماشای کورد بکات کە گەلێکن و هەستی نەتەوەیی خۆیان هەیە، لەگەڵ هەموو ئەو کێشە عەشایریانەش کە لەنێوانیادا هەیە، بەڵام هەموو شانازی بە ڕەچەڵەکی کوردانەی هاوبەشی خۆیانەوە دەکەن، ئەوان ئەو کۆمەڵە خەڵکانەن کە چەندین سەدەیە کەسێتی نەتەوەیی و داب و نەریتی تایبەتمەندی خۆیان بە بەردەوامی پاراستووە. ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ گەورەیی هێزیان، بۆیە وەك گەلێ دواڕۆژێکی ڕوونیان لەبەردەمە)) (بڕوانە: ڕاپۆرتی **Director of Military Intelligence to F.O, p9.**).

**A.T Wilson; Mesopotamia 1917-1920, A clash of Loyalities; A Personal and Historical record, 1930,p86.**

**لە ناوچەی کەرکووك ٩ شێخ، هەریەکەو بە کۆمەڵێ گوندەوە، بە ژمارە لەنێوان ٥ تا ٤ گوند، بە پشتیوانی پۆلیسی عەشایر Tribal Police، کۆمەڵێ سەرچاوەی داهات و هەندێ لێپرسراوێتییان درایەوە دەستی خۆیان. سنووری ئەم شوێن و لێپرسراوێتیانە کە بەڕەسمی ناسران، نزیکەی نیوەی ڕووبەری ناوچەکەی دەگرتەوە [مەبەست ناوچەی کەرکووك، وەرگێڕ] و ئەم شوێنانەش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون: عەشیرەتی لەك، ساڵەیی (لە دوو بەشدا)، تاڵەبانی (لە سێ بەشدا)، کاکەیی، داوودە (لە بەشێکدا) و قەرەحەسەن-ئەمەی لەدواییدا ناوی هاتووە عەشیرەتێکی دەستکردە، بەڵام هەروەك ئەوانی تر پتەوو ڕێکوپێکە[١٤].**

**گەورەترین بەشی عەشیرەتی ناوچەی شوان، بە سەربەخۆیی جێهێڵراوە و بە سەرەڕۆییەکی تایبەت ماوەتەوە و هیچ فۆرم و شێوازێکی ڕەسمی و ئیداریی نەدراوەتێ. لە ناوچەی کفری ، کە بە شێوەیەکی گشتی لەوەوپێش وا نەبوە، بە بڕیارێکی دەرەوە بە شێوازی ناعەشایری بەڕێوە چووە[١٥].**

---

لەوە دەچێ هەر لەو ماوەیەدا بووبێ کە دڵسۆزی و سەرڕاستی کورد، بووبێتە هۆی ئەوەی کە ویڵسن، بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێ، دانی بەو ڕاستیەدا نابێ کە ئەو کوردانەی ژمارەیان نیو ملیۆن کەسە، حاکمێکی عەرەب قبووڵ ناکەن H.V.F Winston: Gertrude Bell, London, 1978, p205.

[١٤] لەوە دەچێ پۆلیسی عەشایر سەرەتای دروستبوونی جاش و جاشپۆلیس بووبێ.

[١٥] لەوە دەچێ ئینگلیزەکان پێش هاتنیان بۆ دەڤەرەکە، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندییان بە هەندێ دەسەڵاتداری عەشیرەتەکانەوە هەبووبێ و هەڵوێستی ئەوانەیان لە بەرژەوەندی خۆیان حیساب کردبێ. بۆیە دەبینین، یەکێکی وەك مسز بێڵ لە Review of the civil Administration of Mesopotamia کەیدا دەڵێ: ((پێش دواین پێشڕەویمان لە ساڵی ١٩١٨دا، ئێمە دەمانزانی کە سەرۆکەکانی کورد لە ناوچەی کفری و خانەوادەی تاڵەبانی و شێخانی ئاینی وەك سەید ئەحمەدی خانەقا هەواخوای بریتانیان)) (بڕوانە: ل٥٩ی ڕاپۆرتی ناوبراو).

لەوەش زیاتر و زۆرتر، بێگومان بوون کە هێزو تواناکانی حەمید بەگی تاڵەبانی [مەبەست شێخ حەمیدە- وەرگێڕ] ئامادەو سازن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بریتانیا (بڕوانە: ل٤٧ی هەمان سەرچاوە). بەڵام نابێ بەرامبەر بەم هەڵوێستانە، خوێندنەوەی باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ساڵانی پاش کۆتایی جەنگی جیهانی و، هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و،

www.zheen.org

# شێخه بەرپرسەكان

بۆ جێبەجێكردنی بڕپرسیارێتی تەعینكراوان، هەریەكەو ٣-٤ سوارەیان درایێ. بەرپرسەكانیش بەم جۆرە بوون ((٤ بەرپرس لەناو داوودە، ٣ لەناو توركمانی بەیات و، ئیتر هەر بەو شێوەیە)). فۆرمی بەڕێوەبردنی دەڤەرەكە لە سەرەتادا هەر یەك شێواز بوو. خەڵكەكە لە هەردوو ناوچەكەدا بەو ڕێنماییانە كە لە سلێمانیەوە دەهاتن، هان دەدران، بەتایبەت كە مێجەر نوئێل نێڵەی ئاگری نەتەوەی كوردی هەڵدەگیرسان و بەرزی دەكردەوە.

---

هەروەها پێشوازیكردنی كوردی ئەو ساڵانە و هەڵپە و كۆششیان بۆ مسوۆگەركردنی هەر جۆرە ئازادی و سەرفرازییەك، لەبیر بچن. بۆیە زۆر بەئاسانی دەبینین یەكێكی وەك شێخ مەحموود، هەر لەگەڵ گەیشتنی ئینگلیز بە كفری و كەركووك، نامەی بەپەلەی بۆ ڕەوانە كردوون، بە ئومێدی ئەوە [بە ئینگلیزی دەڵێت- وەرگێڕ] مافی كورد بدەن و، ئازادی و سەربەستی لە كوردستاندا بڵاوبكەنەوە. ماوەی ئەو نەدرێ كورد بە چەك داوای مافی خۆی بكات (بڕوانە: كتێبی شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان، ب١، ل٣٥٣).

بۆیە بۆ تاقیبكردنی بارودۆخی عەشایری كورد و ڕاكێشانیان بەرەو لای حكوومەتی بریتانیا، "ویڵسن"ی حاكمی مەدەنی لە كتێبەكەیدا دەڵێ: ((پاش چەند ڕۆژێ [مەبەستی پاش گرتنی كەركووكە—وەرگێڕ] بەرەو كەركووك فڕیم، بۆ گەڕان بەدوای ئەو ئامرازانەدا كە دەتوانین بەهۆیانەوە بە شێوازێك ئەو كێشە بەپەلانە چارەسەر بكەین، كە بەهۆی هاتنی هێزەكانی بریتانیاوە دروست ببوون، هەروەها بۆ ڕاكێشانی سۆز و دڵسۆزی و نیازپاكی عەشایری كورد بەرەو لای خۆمان)).

دەبێ ئەوەش باس بكرێ، وەك ڕەفیق حیلمی لە ل٥٤ی "یادداشت"ەكەیدا تەئكیدی لێ دەكات، ((هاوكات لەو ڕۆژانەدا ڕەئیسەكانی هەمەوەندیش نامەیان بۆ ئینگلیز نووسیوە و وتوویانە ئامادەن لەڕێی پێشكەشكردنی ئاژەڵ و دەغڵەوە یارمەتی لەشكری ئینگلیز بدەن، بە مەبەستی دژایەتیكردنی تورك و مسوۆگەركردنی ئازادی كورد)).

نامەویّ ئەوە بلّیم کە بە شیّوەیەکی ناڕاستەوخۆ هۆی ڕووداوەکانی ئەم دەڤەرە، هاوپەیوەند بوون بەو ڕووداوانەی ناوچەی سلیّمانی، کە لە زۆر قۆناغ و زۆربەی کاتدا، بەتایبەت لە مانگی مایس تا تەمووزدا، پیّوستی بە بەکارهیّنانی ڕەتدانەوی سوپایی کردووە. هەرچەند کەرکووك خۆی چەقی ئەو ئۆپراسیۆنە عەسکەریانە و مەیدانی گەورەترین چالاکی لەو بابەتانە بووە.

دەکریّ وەك سەرەنجام بگوتریّ کە، دەڤەرەکە بە شیّوەیەکی گشتی لەوبارەوە شویّنەوار و کاریگەرییەکی ئەوتۆی تیا بەجیّ نەماوە. هەروەها ئەو سسیستەمە عەشایریەی کە لە دیّڕەکانی سەرەوەدا ئاماژەمان بۆ کردووە، بە شیّوەیەکی بەرچاو، لەماوەی ئەم سالّەدا بەرەو کاملّی و ڕیّکوپیّکی نەچوە . لە ناوچەی کەرکووك، دوو لەو شیّخە دامەزراوانە، زۆریان پیّ خۆش بووە کە چوارچیّوەی ئەو ئەرکە قورسە لەسەر شانی بێتەماحیان لابریّ[١٦].

کاتیّ مدیری ئیدارەی (تاووق) تەعین کرا، ٣ شیّخی فەرمانبەری ناوچەیی لە پاداشتی دارایی و لە کاروباری حکوومەتی مەنع کران، چونکە سنووری ئەو بەڕیّوەبەریّتیە نوێیە ناوچەکانی ئەوانیشی گرتبوّوە. لە کفری گالّتەجاڕی بارودۆخەکە هەر زۆر ئاشکرابوو، پۆلیسی عەشایر دەستیان لەکار کیّشایەوە و

---

[١٦] دەسەلاّتداریّتی داگیرکەر، بۆ کپکردنی ڕووحی شۆڕشگیّڕانە و هەست و ویستی ئازادی و سەرفرازی خەلّکی کورد، بیری لەوە کردەوە کە دەسەلاّتی ئیدارەیەکی عەشایری ناوچەیی، بکاتە داردەستی خۆی و، توانیی لەو ناوچانەدا ئەم کەسانە قایل بکات بۆ خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز، کە بەداخەوە لەو بارودۆخ و ئانوساتانەدا دەیانکردە دژایەتیکردنی ویستی نەتەوەی کورد:

- لە قەرە حەسەن: شیّخ حەبیب تالّەبانی دانا بە بەڕیّوەبەری ناحیە،
- لە قادرکەرەم: شیّخ محەمەد عەولکەریمی قادرکەرمی دانا بە سەرۆکی ناوچەکە،
- لە گل: شیّخ جەلالی شیّخ حەمیدی دانا بە بەڕیّوەبەری ناحیە،
- لە کفری: شیّخ حەمید تالّەبانی کرایە جیّگری قائیمقام،
- لە ناوچەکانی زەنگنە: عەولکەریم ئاغای بە بەرپرس دانا،
- لە شیّروانە: کەریمی فەتاح بەگی جاف بە سەرۆك دەست نیشان کرا (بڕوانە: الملا جميل روژبياني، كركوك في عهد الاستعمار البريطانى والعهود التالية).

کشانەوە. بۆ چەند هەفتەیەك شێخە بچووکەکانی داودە، دەلۆو زەنگنە بۆ تانەلێدان بە بچووکی ناوبردوون، مەبەستی شێخ و ئاغا و کوێخاکانە، وەرگێڕ لە هاتوچۆی نێوان کفری و ناوچەکانی دەسەڵاتی شێخ مەحموود و سلێمانیدا بوون، بەڵام لەکۆتاییدا، بە زوویی و بە شێوەیەکی ڕێك، ئاڵۆزی مەسەلەکە چارەسەر و، ئاگری بارە ناوازەکە خامۆش کرا.

نزیك بە ساڵی ١٩٢٠، نەخشەی سیستەمە ئیدارییەکە بەم شێوەیە بوو: ((ناوچەی کەرکووك پێك هاتووە لە: ناحیەی ئاڵتوون کۆپری، کە لە عەشیرەتی ساڵەیی ژێر ڕکێفی شێخ نەجمەدین و هەندێ لەك و شارۆچکەکە خۆی و هەندێ گوندی ناعەشیرەتی پێك هاتووە. ناحیەی مەڵحە، لەگەڵ ئەلبوحەمدان، عەشایری جبوور و هەندێ گوندی کورد. ناحیەی شوان بەگشتی، بەڵام هەندێ لە ناوچەکە شێخ بزێنی لێ دەرهێنراوە، کە لەوەختی تورکەکاندا، بەگشتی بەشێك بووە لەو ناحیەیە. ئەم ناحیەیە یەکڕاست لەلایەن مدیر ناحیەوە بەڕێوە دەبرێ، هەرچەندە لەوەوپێش هەندێ تەماح و ویستی کوێخاکانی ناوچەی شوانی لەسەر بوو.

ناوچەی عەشایری قەرەحەسەن (٦ گوند لەژێر دەسەڵاتی شێخ قادر تاڵەبانیدا) (٤٠ گوندی شێخ محەمەد حەبیب تاڵەبانی) و (١٢ گوند لەژێر دەسەڵاتی کۆنە هاوکارمان شێخ حەمیددا)، ساڵەیی (٢ گوند لەژێر دەسەڵاتی تۆفیق بەگدا)، ناحیەی تاووق کە پێك هاتووە لە سێ بەش، هی دارا بگ (داوودە)، سەی خەلیل ئاغا (کاکەیی) و شێخ عیززەدین (تاڵەبانی)یە. عەشایری عەرەب لەنێوان کەرکووك، تاووق و جەوەڵ حەمرین، گوندەکانیان بە ژمارە ٣٠ دانەن لە دەوربەر و ناو کەرکووك خۆیدا. واتە یارمەتیدەری حاکمی سیاسی A.P.O، بەگشتی ٤ بەڕێوەبەری ناحیە، چوار عەشایر یا شێخی بڕواپێکراوی هەیە، لەگەڵ شارۆچکەکە و گوندەکانی دەوروبەری و عەشایری عەرەبدا.

ناحیەی شوان لە مانگی ئازاردا دانرا، بەڕێوەبەری ناحیەکە لە سەرەتادا لەبەر هەندێ چەوتی و هەڵە پێشوازی لێ نەکراو هەڵڵای لێ کرا، ئێستا کارەکان بەجێو

ڕێکوپێکن. تاووق، لە مانگی ئابدا کرا بە بەڕێوەبەرێتی ناحیە، لەوکاتەوە شێخەکانی ئەوێ دەسەڵاتیان لێ سەنراوەتەوەو هیچ هەڵوێستێکی ناڕەزاییان نیشان نەداوە.

چوار مدیری عەشیرەتەکان، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن یارمەتیدەری حاکمی سیاسییەوە سەرپەرشتی دەکرێن، بە مەبەستی خەرج و دەسەڵاتی دەوڵەت لە شوعبەیەکی تایبەتدا کۆکراونەتەوە، ئەو شوعبەیە سەر بە حیساباتی ناوەند دەبێ. سنوورەکانیان بەو شێوەیە دەستنیشان نەکراوە، وەك بۆچوون و مەزندەی کوێخاکان، جێگیر و نەگۆڕ بن. هەرچۆنێك بێ، شێخەکان هێندێ کاری قەزاوەت و بەڕێوەبردن دەکەن و بەهیچ شێوەیەك مەبەستیان نییە ئەو کارانە بە شێوەیەك بکەن کە نەگونجێ لەگەڵ ڕێز و کەرامەتی شەخسیی خۆیاندا.

شێوەی کاری بەڕێوەبردنی ئێستای ئێرە، لەوانەیە بۆ چەند ساڵێك بەردەوام بێ، چونکە لەم شوێنە هەرە ئاڵۆزەدا، دەبێ بە مەیل و ئارەزووی شێخ و عەشایرەکان بێ، واتە دەبێ شێوازێکی دەسەڵاتی حکومەتییان بەسەرەوە هەبێ، تا ئەوکاتەی بەتەواوتی میکانیزمی سیستەمی حکوومەتی دەچەسپێ. ناوچەی کفری لە ماوەی ساڵەکەدا، هیچ گۆڕانکارییەکی ئیداریی بەخۆوە نەبینیوە (لەوە زیاتر کە گۆڕانکاریی کاتی بووەو لە شوێنی تردا باسمان لێ کردووە).

www.zheen.org

مدیر (بەڕێوەبەر)ی دووزخورماتوو، عەشایری داوودە و بەیاتی هەیە، هەروەها بڕێك تەنگوچەڵەمەی سنووری دەسەڵاتی هەیە لەگەڵ شێخ حەمیددا، کە کۆمەڵێ بۆچوون و نامەی شیاو و گرنگ مەسەلەکەی لێ کەوتۆتەوە. مدیری قەرەتەپە، کە بەشی دووەمی ناوچەکەیە، لەنێوان دیالە و جەوەڵ حەمریندا سێگۆشەی خاڵی ڕەنگینی هەیە، کە بەشی سێیەمەکە کفری خۆیەتی. ناحیەی چوارەم زەنگەنەیە کە لە مانگی ئەیلوولدا دامەزرێنراوە، دەسەڵاتەکەی دراوەتە دەستی مدیری عەشیرەتەکە، عەبدولکەریم[١٧].

---

[١٧] لەگەڵ دووەم داگیرکردنی شاری کەرکووك و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەدا، ئینگلیز یەکەیەکی ئیداری تازەی بۆ کەرکووك دانا. یەکە ئیداریەکەی بە **Division** ناو نابوو، کە پاشان کرا بە لیوا

# عەشیرەتە ناودارەکان

مانگی حوزەیران، لە سامەڕا کێشەیەکی عەشایری لەنێوان ئەم عەشیرەتە و عەشیرەتی (عەززە)دا کۆتایی هات. لە چارەسەری ئەم کێشەیەدا، عوبێد دەبێ پارە پەرداخت بکات و ناچارە ١١٠٠٠ ڕووپێ و ٢٠ حوشتر پێشکەشی عەشیرەتی عەززە بکات. پەرداختکردنی ئەم پارە و سەرانەیە، ئەرکی هەموو

---

(لیوای کەرکووك). ئەم یەکە ئیدارییە، بەگوێرەی دواین یەکەی ئیداری عوسمانی بۆ کەرکووك، ڕەواندوزو کۆیسنجەقو ڕانیەو هەولێری لێ قرتابوو. هەندێ ناحیەی کۆنی لێ کرابوو بە قەزا و ناحیەی تازەشی بۆ زیاد کرابوو. کە ئیدارەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- قەزای ناوەند (مرکز) پێك هاتبوو لە: کەرکووك، داقووق، ئاڵتوون کۆپری، قەرەحەسەن (لەیلان)، شوان، مەڵحە،

٢- قەزای چەمچەماڵ: پێك هاتبوو لە ناحیەی چەمچەماڵ خۆی،

٣- قەزای کفری (صلاحیە) پێك هاتبوو لە کفری، دووزخورماتو، قەرەتەپە، قەڵای شیروانە،

٤- قەزای گل: ناحیەی گل و ناحیەی سەنگاو (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەژی، مێژووی سەردەمە کارگێڕی و بەڕێوەبەریەکانی ناوچەی کەرکووك، گۆڤاری "کەرکوك"، ژمارە ٨).

ئەم یەکە ئیدارییە بە هیچ کلۆجێ ناوی هەولێری تێدا نەبوو، هەرچەندە هەولێر لەساڵی ١٩٢٣دا بەڕەسمی لە یەکە ئیداریەکەی کەرکووك دابڕا. شایانی باسە، لە ڕفراندۆم و موبایەعەی ئینگلیزدا، مانگی تەمووزی ١٩٢١ بۆ پشتیوانیکردن لە فەیسەڵ، لە سەرجەمی یەکەی ئیداری کەرکووکدا، تەنیا ٢٦١ کەس پشتیوانی کردبوو لە فەیسەڵ بەرامبەر بە ٢٢.٢٦٩ دەنگی دژ (بڕوانە: ل٣٧ی کتێبی: البعد القومي للتغيرات في الحدود الادارية لمحافظة كركوك، هەروەها ل١٣٣ی کتێبی: 1900–1950 Iraq ی لۆنگریك).

مرۆڤ دەتوانێ هەر لەم ئاکامی ڕیفراندۆمەوە، قەزاوەت بە ژمارەی نەتەوەکانی دەڤەری کەرکووك بکات، چونکە کورد بەگشتی و تورکمانیش- لەگەڵ جیاوازی بۆچوونیاندا بۆ دواڕۆژی دەڤەرەکە- دژی هێنانی دەسەڵاتداریەتی عەرەب بوون و، ئەوانەی عەرەبیش بوون یا ئەوانەی لایەنگری دەسەڵاتی عەرەبی بوون، تەنیا ٢٦١ بوون بەرامبەر بە ٢٢,٢٦٩ کەس.

**تیرەکانی ئەم عەشیرەتەیە، تائێستا تیرەکانی عوبێد لە گفتوگۆی چۆنیەتی چارەسەرکردن و دابینکردنی ئەم زەرەرەدان[١٨].**

**ڕووداوی هەرە بەپەلەی ئەم کێشەیە، ئەو هێرشە فراوانە بوو کە (عەززە) کردیە سەر مێگەل و لەوەڕگەکانی عوبێد، کە زۆربەیان لەڕاستیدا موڵکی کریستیانەکانی کەرکووکن. گێڕانەوەی سەرتاپای ئەو مێگەلانە، یەکەم بڕیاری ئەنجومەن (مجلس) بوو، پاش ٦ مانگ مێگەلەکان گێڕدرانەوە[١٩].**

**ڕووداوە بچووکەکانیش، ئەوانەن کە لەنێوان تیرەکانی عوبێد خۆیدا ڕوویان دا، بەتایبەت نێوان تیرەی (جاسم المحمد) و تیرەی (فرحان الروضان) و ئەوەی نێوان (لهێب) و (بەنی عێز). عوبێدەکان ئەمساڵ هەموو، دەغڵودانێکی چاکیان هەبوو، لەگەڵ داهاتی بەکرێدانی حوشترەکانیاندا (بە نابەدڵی بەکرێیان دان) بە سوپا و بۆ کاروباری هاوینەی سوپا[٢٠].**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١٨] خوالێخۆشبوو ئەحمەد خواجە، لە ل١٠٥ی "چیم دی"دا دەڵێ، بەپێی پرۆگرامی تایبەتی سەردانی مەلیك مەحموود و پیشاندانی هەماهەنگی، لە بەرەبەیانی ١٩٢٢/٩/٢٧دا عەشیرەتی عوبێد، لەپێش عەشیرەتە کوردەکانیشەوە، یەکەم عەشیرەت بووە کە بە خزمەتی شاهانەی مەلیك مەحموود گەیشتووە.

[١٩] ئەگەر ئەو بۆچوونەی ئەم ڕاپۆرتە، لەوەی کە لەوەڕگەکانی عوبێد موڵکی کرستیانەکانی کەرکووکن، بناغە و بنەمای قانوونییان هەبێ، پرسیاری ئەوە دێتە ئاراوە کە، ئایا ئەو لەوەڕگایانە کەوتوونەتە کوێی کەرکووك ؟ ئایا ئاکامی موڵکایەتی ئەو لەوەڕگایانە لەپاش دامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی بەرەوکوێ چووە ؟ ئەگەر هەر لەژێر کۆنترۆڵی عەشیرەتێکی عەرەبیدا مابن و خاوەندە ئەسڵیەکانیان بێبەش کرابن، ئایا ئەمە دەرسێکی تاڵی مێژوویی پشگوێ خراو نییە، کە ئەوەتا ئەمڕۆکە لە هەمان شاردا دووبارە دەبێتەوە ؟

[٢٠] داوا لە خوێنەر دەکەم بگەڕێتەوە سەر ئەو پەراوێزەی کە لەسەر عەشیرەتی هەمەوەند نووسراوە. ئەوان بە نامە بۆ یارمەتیدانی لەشکری ئینگلیز ئامادە بوون، نەك بەکرێ، بەڵکوو بەخۆڕایی و وەك هاوکاری ئامادە بوون ئاژەڵ و ئاڵف و دەغڵودانی خۆیان پێشکەش بکەن بە ئینگلیز، تەنیا بۆ ئەوەی لە جەور و ستەمی تورك ڕزگاریان ببێ. عوبێد بە پارەو بە نابەدڵیش ئاژەڵی خۆیان بەکرێ داوە بە ئینگلیز ، بەڵام ئینگلیز هەر لایەنگری دامەزراندنی دەسەڵاتی عەرەبی بووە.

**بەیات:**

ئەم عەشیرەتە لە چەندین لاوە تووشی توندو تیژی بووە، لە کێشەیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ عەشیرەتی (عەززە) و (ئەلبوعەلقە)دا، کە تیرەیەکە لە عوبێد جیابوەتەوە. ئەم کێشەیە لە بەهار و هاوینی ئەمساڵدا بەردەوام بووە.

لە پایزدا، پێکدادانی ئەم دوو لایەنە گەیشتە ئاستێکی پڕمەترسی کە چارەسەرکردنی بووە پێداویستیەکی زۆر گرنگ، لەپاش چەندین هەوڵی سەرنەکەوتوو بۆ زیندووکردنەوەی شێوازی چارەسەرکردن. لەکۆتاییدا مانگی یانزدە لە (دێلتاوە) پرۆسەی چارەسەرکردنەکە سەری گرت. ئەم ئاشتبوونەوەیە، وەك دەڵێن دەبێ جیاوازیەکانی نێوان (عەززە) و (بەیات)ی نەهێشتبێ، هەرچەندە لەپاش ئاشتبوونەوەکەش شەڕ و پێکدادان هەر رووی داوە. کێشەکانی نێوان (بەیات) و (ئەلبوعەقلە) دەبێ لە ماوەیەکی کەمدا چارەسەر بکرێن[٢١].

**زەنگەنە:**

سەرەتای ساڵی ١٩١٩ ئەوەی پیشان دەدا کە ئەم عەشیرەتە بەگشتی مژوڵی دژایەتیو پاوانخوازی بوون، بەشێوەیەك کە فەرماندە ناوچەییەکانی سەر بە حاکمی سیاسی تائێستاش بێتوانا بوون لە ئارامکردنەوە و کۆتاییهێنان بەو بارودۆخە ئاڵۆزەیان. ئەم بارە دژوارە بۆ چەند مانگێك بەردەوام بوو، تا لە مانگی حوزەیراندا یارمەتیدەری حاکمی سیاسی کفری، توانیی ڕێککەوتنێکی ڕووکەش لەنێوان هەردوولادا بە ئەنجام بگەیەنێ. لایەنی عەزیزی جاسم ئاغا و لایەنی محەمەد کەریم ئاغا. ئەوی دواییان لەم چەندانەدا لە کاری ڕەسمی حکوومەتدا سەرنەکەوت و، تەنیا وەك سەرۆکی زەنگەنە مایەوە و بواری سەرهەڵدانەکەی شێخ مەحموودی قۆزتەوە و پەیوەندی خۆی بە دوژمنانەوە بەست" ئێستا یاخییەو لەو ڕۆژەوەی هەڕای کردووە، داواکراوێکی تاوانبارە

---

[٢١] وەك ڕاستییەکی مێژوویی دەبێ بگوترێ عەشیرەتی بەیات، جیاواز لە هەر عەشیرەتێکی تری کوردستان، وەك ئەوەی بەزۆری تورکمان بوون، عەرەب و کوردیشیان تێدا هەیە. تورکمانەکانیان بەزۆری دانیشتووی شارۆچکەی تووز بوون، عەرەبەکانیان نیشتەجێی نێوان (سلێمان بەگ) تا دێلتاوە و، کوردەکانیشیان زیاتر لە خانەقین و دەوروبەری نیشتەجێ بوون.

لەلایەن ئێمەوە [٢٢]. ناوبراو لە دواین ڕۆژانی ساڵدا، داوای دەخالەت و لێخۆشبوونی کردووە و، ئێستا لە داواکەی دەکۆڵرێتەوە. لە مانگی ئەیلوولەوە، گوندەکانی زەنگەنە وەك ناحیەیەك بەیەکەوە گرێدراون، هەندێ نەشونمایان کردووە و ژیانەوەیەکیان تێکەوتووە.

**جاف:**

لەنێوان کانوونی یەکەمی ١٩١٨ و نیسانی ١٩١٩دا، لەکاتی گەرمیان و کوێستان کردنی ساڵانەی ڕەوەندی جافدا بەرەو کفری، هەندێ کێشە و تاوانکاری ڕوویان دا. ئیدارەکردنی ئەم عەشیرەتە بەڕەسمی لەلایەن کارمەندی یارمەتیدەری حاکمی سیاسییەوە بۆ کاروباری عەشیرەتەکان بەڕێوە دەچوو. ئەویش لەلایەن حاکمی سیاسی سلێمانییەوە سەرپەرشتی دەکرا. شایانی باسە حاکمی سیاسی چەند هەفتەیەك لە کفری مایەوە.

ئەوان، تیرەکانی جاف، لە مانگی نیسان و مایسدا بەبێ هیچ دەنگ و هەڵلایەك ئەو ناوەیان چۆڵ کرد، وەك هەموو جارێ چەندماڵێکیان لەوێ بەجێهێشت. ئەو ماڵانە بۆ کۆکردنەوەی خەلەو خەرمان مابوونەوە. کەریم بەگ، لە کەلار مایەوە، بەڵام پاشان مانگی ئەیلوول لە هەڵەبجە کارێکی حکوومەتیی پێ سپێردرا.

www.zheen.org

---

[٢٢] یەکێ لە هۆیە سەرەکیەکانی دواکەوتنی نەتەوەی کورد لە سەرجەمی مێژوویدا، شەڕی ناوخۆیی و کێشەکانی پاوانخوازی بووە. ئەو سەردەمەش کە بەڕاستی لەپاش لێکداپچڕانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، سەردەمی ئازادی و سەرفرازی گەلان بووە، هەلی زێڕین بووە بۆ کوردیش، کەچی بەداخەوە دەسەڵاتدارانی ئەو زەمانەی کورد کە سەرۆك عەشیرەتەکان بوون، هەمیشە لە شەڕی ناوخۆو پێکدادانی ناوخۆیی و پاوانخوازیدا بوون. ئەم حاڵەتە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا، لە دەڤەری کەرکووك و گەرمیاندا زەقتر و خەستتر بووە. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، مرۆڤ دەتوانێ بچێتەوە سەر خوێندنەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، مەبەستم ئەو شیعرانەیەتی کە تایبەتن بە شەڕی تاڵەبان و جاف و داوودە و هتد ...ی ناوچەی گەرمیان، تا ئەو وێنە تاڵانە ببینێ.

**داوودی:**

بەهۆی فەرمانەکانی شێخ مەحموودەوە، هەندێ ئاژاوەی کاتی لەناو ئەم عەشیرەتەدا پەیدا بووە. دەبێ بەزووترین کات پاداشتەکانی یارمەتیدەری حاکمی سیاسی، لەو هێز و لایەنانە بپڕدرێ کە هاوبیری "شێخ"ن.

**تاڵەبانی:**

ساڵی ١٩١٩ بارودۆخ و هەڵسوکەوتی ئەم عەشیرەتە گەورەیە، هەروەك خۆی بەبێ گۆڕان ماوەتەوە. شێخ حەبیب خۆی وا پیشان داوە کە بەشێوەیەکی بەردەوام گوێڕایەڵە، بەڵام زۆر ژیر نییە. شێخ حەمید، لەگەڵ ئەوەی بەتەمەنە و نەخۆشیشە، بەڵام دەسەڵات و پایەی هەر لەبەر چاوەو سوودی بینیوە لە پشتیوانی و ڕێزلێگرتنی حکوومەت(٢٣).

**شوان:**

لە سەرەتای ١٩١٩ەوە سەرلێشیواو و پەرش‌وبڵاون. لە ساڵەکەدا تیرەکانی عەشیرەتەکە بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری ناوچەکە، لە دژایەتیکردن و ڕقپیشاندان نەوەستاون و سووربوون لە سەر ویستەکانی خۆیان. ئێستاش هەندێ ئاماژەی ناڕەزایی و سەرکێشی تریان دەرکەوتووە. دوو گوند لە گۆشەی ڕۆژهەڵاتی باشووردا، چوونەتە ناو هێزەکانی شێخ مەحموود. عەزیز شەریف

---

(٢٣) بڕوانە: ئەم بانێك و دوو هەوایەی ئینگلیز لەم ڕاپۆرتەی دەڤەری کەرکووکدا دەیانەوێ وا پێشان بدەن کە ئەمان پیاوەتییان نواندووە بەرامبەر بە شێخە کوردەکان، تا ئەوانەی سەر بە خۆشیان بوون. کەچی لەڕاستیدا ئینگلیز لە هاتن و پاشانیش کاتی تەنگانەکاندا سوودیان لە هێز و دەسەڵاتی کورد بینیوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان. بۆیە دەبینین یەکێکی وەك مسز بێڵ سەبارەت بە هەمان شێخ حەمید، لە ل٤٧ی ڕاپۆرتەکەیدا کە ساڵی ١٩٢٠ بۆ لەندەنی ناردووە، دەڵێت: ((لە ناوچەی کفری، ڕەنگدانەوەی هێزو توانای شێخ حەمید تاڵەبانی لە بەرژەوەندی ئێمەدا بووەو....

.(Review of civil Administration of Mesopotamia)

**جەلیل هێشتا هەر یاخییە، کەریم خدریش لە بەغدا لە بەندیخانەیە. عەشیرەتە بچووکەکان ئەوە ناهێنن باس و خواسێکی تایبەتیان لەسەر بنووسین [٢٤].**

**ئەنجومەنی دەڤەر ... هتد:**

**بۆ جێبەجێکردنی ویستەکانی حاکمی مەدەنی Civil Commissioner، کاری دامەزراندنی ئەنجومەنێك بۆ دەڤەرەکە لە ئەیلوولدا تەواو کراوە. ئەنجومەنەکە پێك هاتووە لە حاکمی سیاسی، وەك سەرۆکی ئەنجومەن، یارمەتیدەری حاکمی سیاسی وەك جێگری سەرۆك و دوو فەرمانبەری کۆن و دە کەسی تر وەك ئەندام، وەك نوێنەری عەشیرەتەکان و بەرژوەندیە هەمەجۆرەکانی تر-خرستیان، جوولەکە، جووتیار، بازرگان، پیاوانی ئاینی، کارمەندو..هتد-یەکێك لەوانە قایل نەبوو و ڕەفزی کرد ببێتە ئەندامی ئەنجومەن [٢٥].**

**یەکەم کۆبوونەوە کە پێك هاتبوو لە دوو بەش، لە ڕۆژانی ٢٠ و ٢٢ی مانگی تشرینی یەکەمدا بەسترا. زۆر بەداخەوە حاکمی سیاسی لەو کۆبونەوەیەدا ئامادە نەبوو. خاڵەکانی پرۆسەی کار و ئاکامەکانی، هەروەك ئەوانەن کە لەو ڕاپۆرتەدا**

بنکەی ژین
www.zheen.org

[٢٤] چۆن ناهێنن باسێکی تایبەتیان لەسەر بنووسین ! ئەی عەشیرەتی دەلۆ نەبوو کفری لە ئینگلیز سەندەوە و بۆ ماوەیەك ئیدارەی سەربەخۆیی تێدا دروست کرد؟! من پێم وایە نەنووسینی ناوی عەشیرەتەکانی تر، مەبەستی سیاسی و هاوسەنگی نەتەوەیی تێدا هەبوە. دەنا چ بە ژمارە و چ دەسەڵات و ژمارەی چەکدار، عەشیرەتەکانی (جەباری، هەمەوەند، کاکەیی، ڕۆژبەیانی، شێخانی، دەلۆ، شەرەفبەیانی، ساڵەیی و سیامەنسووری و زەند و پالآنی و....هتد، هیچیان لەوانە کەمتر نەبوە کە ناویان لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە. بەڵام دیارە پێدەچێ وا بیرکرابێتەوە کە ناوهێنانی هەموو عەشیرەتە کوردەکان، داشکانی هاوسەنگیی نەتەوەیی زۆر زەق دەکاتەوە، بۆیە باشتر بووە لە کورتی بیبڕنەوە.

[٢٥] ئەم ئەنجومەنە بۆ یەکەم جار لەکاتی دەسەڵاتی لۆنگریکدا دروست کرا. پێك هاتبوو لە ٢ ئینگلیز و ١٠ کەس لە هاووڵاتیانی کەرکووك و دەوروبەری و دوو فەرمانبەر، ئەوانە، ٦ یان کورد و ٤ تورکمان و ١ کرستیان و ١ جوو بوون (بڕوانە: ل٨٧ی هەمان سەرچاوەی A.T.Wilson). شایانی باسە، پاشان بەهەمان شێوە لەکاتی دەسەڵاتدارییێتی مێجەر سۆندا، لە سلێمانیش ئەنجومەنێکی ١٢ کەسی دەستنیشان کرا (بڕوانە: ل٢٠ی "یادداشت"ی ڕەفیق حیلمی، ب٢).

**هاتوون کەوا بەجیا بۆ حاکمی مەدەنی ڕەوانە کراوە. بۆیە پێویست ناکات لێرە دووبارە بکرێنەوە و، لەوەش ناچێ ڕاپۆرتی ئیداریی شوێنێکی شیاو بێ بۆ باسکردنی ڕاشکاوانەی نرخ و بەهای ئەو ئەنجومەنە. لە چواری ئابدا، میواندارییەکی شیاو بۆ کەسە ناسراوەکانی دەڤەرەکە سازکرا. میوانداریەکە لە سەرای کەرکووك جێی گرت و زۆر بەچاکی بەڕێوەچوو، بەشێوەیەکی گشتی جێی ڕەزامەندی بوو.**

**بەرامبەر بە هاوکاریکردن و کارکردنی چالاکانە لە هێزەکانی حکوومەتدا، بە مەبەستی چوونە ناو یاخیبوونەکەی شێخ مەحموود، لە مانگی مایس و حوزەیراندا، هەستێکی قووڵو گشتیی ڕەتکردنەوە لەناو عەشایرە کوردەکاندا پێشان درا. بەپێچەوانەوە تاڵەبانیەکان بەردەوام هاوکاری خۆیان بۆ حکوومەت و دژ بە یاخیبووەکان پیشان دەدا (٢٦).**

---

(٢٦) لەناو ئینگلیزەکانی ئەو سەردەمەی میسۆپۆتامیادا، بەرامبەر بە دواڕۆژی کورد و ناوچە کوردنشینەکان، چەندین بۆچوون هەبوە، کە بەپێی کەسەکان و هەڵکشان و داکشانی ویست و بۆچوونەکانی بریتانیا لە ناوچەکەدا، دەگۆڕدران.

بۆ نموونە، مسز بێلی (عیراقیویست) کە بە هەموو شێوەیەك مەبەستی بووە ئەو سێ ویلایەتە – بەغداد، بەسرە و مووسڵ– بکاتە دەوڵەتێکی عەرەبی بەناو عیراق، ئەوەتا لەخۆڕا، بەبێ هیچ بەڵگەیەك، بۆچوونێك دەردەبڕێ کە بەتەواوەتی دژ بەم بڕگەیەی سەرەوەیە. ئەو لە ل٦١ی ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێ: ((عەشایری دەوروبەر و خەڵکانی شارەکانی کفری و کەرکووك، پێیان خۆش نەبوو بچنە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموود)) ( Review of the Civil Administration of Mesopotamia.).

ئەم بۆچوونەی مسز بێل، وەنەبێ تەنیا هی خۆی بێ، بەڵکوو وانەیەکی ڕۆژانە بووە کە لە بەرپرسەکەشی، واتە Arnold Talbot Wilson یەوە وەریگرتووە.

ویڵسن هەر لەو ڕۆژانەدا گوتوویەتی: ((من بە بەردەوامی بۆ چەند مانگێك پاش ئاگربەستو وەستانی شەڕ، لەسەر ئەو باوەڕە بووم کە بە هەر شێوەیەك بێ، دەبێ لە میسۆپۆتامیادا حکوومەتێك دابمەزرێنرێ. بۆ بەردەوامی و پتەوی ئەو حکوومەتە، زۆر گرنگە سێ ویلایەتەکە، بەسرە، بەغداد و مووسڵ بەشێ بێ لەو حکوومەتە ...)). ویڵسن دەیزانی زۆربەی ویلایەتی مووسڵ عەرەب نین و کوردن، دەیزانی کورد نایەوێ لەژێر ڕکیفی دەوڵەتی عەرەبدا بن، بەڵام ئەو

دیێەکانی قەرەحەسەن، لەگەڵ ئەوەی کە چەکدارانی شێخیان تێدا بووە، ڕازی نەبوون هاوکارییان بکەن. عەشیرەتی شوان، دوو گوندیان چوونەتە ڕیزی

---

سەبارەت بەو بۆچوونەی خۆی هەموو ئەم فاکتەرانەی وەلام ناوە. ئەوەی ئەم بیری لێدەکاتەوە، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆلۆنیالی تر بوو و هیچی تر ( بڕوانە:

**1993. Kurdistan times, Vo.1 No.3, December**
**The men who put the kurds into Iraq: percy Cox and Arnold .T. Wilson, by David A . korn , p88-109.**

مێجەر نوێلیش، کە بارودۆخی پشتیوانیکردنی عەشایری ناوچەکەی بۆ شێخ مەحموود و شۆڕشەکەی بەدی دەکرد، هەوڵی دەدا، نەك تەنیا لە گەرمیان، بەڵکوو لە سەرووی زێش، لەم بارودۆخە تێبگات. ئەوەبوو، وەك ئەوەی ئاشکرایە لە سەفەرەکەیدا بۆ ڕەواندوز لە ١٩١٩/١/١دا ئەوەی بۆ دەرکەوت کە خەڵکی شارۆچکەکە و خەڵکانی دەوروبەریش بە زۆری لایەنگری دەسەڵاتی شێخ مەحموودن. هەڵبەتە ئەم باری دوودڵییە، دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی لە زۆر شوێندا، بەتایبەت لە کەرکوك و کفری، دەخستە سەر ئەوەی چ وەك مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەڵێ، بە هاندان ((شارەکانی کەرکوك وکفری و هەندێ لە ڕەئیسە کوردەکانی تر هان بدەن کە نەیێنە ژێر دەسەڵاتی حوکمی شێخ مەحموود)) (یادداشت، ب١، ل٧٠). هیچ لۆجیکێك بوار بەو بۆچوونە نادات، ئەگەر عەشایری کوردی کەرکوك و گەرمیان هاوکارییان نەکردبێ، یاخود خۆیان یەکراست بەشدارییان نەکردبێ لە لەشکری شێخ مەحموددا، لەشکرەکە توانیبێتی وەك ئەم کرۆنۆلۆژیە مێژوویە لە ناوچەکانی گەرمیان، بەم قارەمانیەتانە هەڵسابێ:

www.zheen.org

- ١٩١٩/٥/١٣ کاروانێکی عەسکەری ئینگلیز، کە چەك و سیلاحێکی زۆری پێ بووە لە کەرکووکەوە ئەهاتە سلێمانی، لەلایەن کوردەکانەوە شێرزە کراوە (یادداشت، ب١، ل١١٥).
- ١٩١٩/٥/٢٥ هێزێکی ٥٠ کەسی قەڵای چەمچەماڵ و چەمچەماڵیان ڕزگارکرد (چیم دی، ل٤٥). هەڵبەتە ئەم هێزە بە سەرکردایەتی سەرۆکی تیرەیەکی هەمەوەند بووەو زۆربەی پێشمەرگەکانیش هەمەوەند بوون.

- شەوی ٢٩/٣٠ی مایسی ١٩١٩ لە ناوچەی قەرەهەنجیری نزیك بە کەرکووك، پێشمەرگەکانی دزڵیو، هەمەوەند و مەنمی، لەگەڵ هێزێکی ئینگلیزدا بەشەڕ هاتوون.
- ١٩١٩/٦/٣ هێزێکی پێشمەرگەی حکوومەتی کوردستان لەلای (چیمەن) بۆسەیەکیان بۆ قافڵەیەکی سوپای ئینگلیز ناوەتەوە و یەك ئەفسەر و ١٥ سەربازیان کوشتووە (بۆ زانیاری زیاتری ئەم کرۆنۆلۆژیە، بڕوانە: کتێبەکانی A.T. Wilson، "چیم دی"ی ئەحمەد خواجە، "یادداشت"ی ڕەفیق حیلمی).

**یاخیبوونەکەی شێخ مەحموود، بەڵام ئەوانەی تر بێدەنگن. عەشایری دەوروبەری تاووق و دووز، هەروەك خۆیان، هەندێ تیرەی زەنگنە (هەروەك لە شوێنی تردا باس کراوە) چوونەتە ڕیزی ڕاپەڕینەکە [٢٧]. ئەوەش بەڵگەی سروشتی و شیاوی بۆ ڕەخساندووین کە لەمەودوا بۆ یەکەم جار هەوڵی جددی بدەین تا ناوچەی عەشیرەتەکان بە بەکارهێنانی هێز کپ بکەین و دایانسەکنێنین[٢٨].**

**جافە نیشتەجێبووەکان، هەموو لە دەوری کەریم بەگ کۆبوونەتەوە، کەریم بەگیش یارمەتیی داوین و خۆی بە گوێڕایەڵمان دەزانێ. سیاسەتی ئێمە بەرامبەر بەو عەشیرەتە کوردانەی کە بە سۆز و هەست زۆر کوردانە نین، زۆر ڕوونە، هەتا**

---

**[٢٧] ڕاستی مێژوویی ئەوەیە: هەموو ئەو عەشیرەتانەی سەرتاسەری ویلایەتی مووسڵ (باشووری کوردستان) کە هاوکاری شێخ مەحموود و تێکەڵ بە شۆڕش نەبوون، لە پەنجەی دەست تێپەڕیان نەکردووە. ئەوانەش نەك دژی ویستەکانی نەتەوەکەیان بوون، بەڵکو ناڕێکی نێوانیان لەگەڵ شێخ مەحموودا، وای لێکردوون هەڵوێستی تێکەڵ نەبوونی شۆڕش وەربگرن. بۆیە هەروەك ئەحمەد خواجە لە بەرگی دووەمی (چیم دی)یەکەیدا دەڵێ:((ئەو عەشیرەتانەی تێکەڵ بە شۆڕشی شێخ مەحموود نەبوون، ئەمانەن:**

**- لە هەڵەبجە، بەگزادەو عەشیرەتی میکایڵی جاف،**

**- لە قەرەداغ و سەنگاو، شێخانی کرپچنەو قادر کەرەم،**

**- لە ناو هەمەوەند، فەقێ قادر و موشیر ئاغا،**

**- لە سرۆچك، بەشێ لە شێخانی بەرزنجە،**

**- لە سووورداش، بەشێ لە شێخانی سەرگەڵوو، شێخ عارفی سەرگەڵوو.**

**بێگومان هەر هەڵوێستی کوردانی عەشایری گەرمێن خۆی بوونەتە هۆی ئەوەی کە پاش ڕزگارکردنی شاری سلێمانی لە دەسەڵاتی مێجەر سۆن و لەشکری ئینگلیز، ڕۆژی ١٩١٩/٥/٢٠ ، یەکسەر شێخ مەحموود فەرمانی حوکمداریی خۆی دەربکات و داوا بکات سوپای کورد بەرەو کەرکووك ببزوێ و شەوی ٢٣/٢٢ی هەمان مانگ، بارەگای سەربازیی خۆی لە دەربەندی بازیان دابمەزرێنێ (چیم دی).**

**[٢٨] دەسەڵاتدارانی ئینگلیز کە بۆیان دەرکەوت، ویستی خەڵکی کورد بە پێچەوانەی ویستی ئەوانە و وا خەڵکەکە (لەپاش شۆڕشەکەی سلێمانی، ساڵی ١٩١٩ دەستیان کردووە بە ئاژاوەنانەوە لە کەرکووك، لە کفری مانگی ئاب شارۆچکەکەیان داگیر کردووە (ل١٢٤ی لۆنگریگ)، ئەم شێوە بڕیارەیان دەرکردووە کە لەمەودوا هەوڵی جددی بدەن بۆ داسەکناندنی خەڵکە ڕاپەڕیوەکە.**

**دەکریٚ وازیان لیٚ بیٚنین و لاقەیان نەکەین. بە شیٚوەیەکی کاملٚ و بەردەوام، بەلاٚم بە ئاگادارییەوە، پشتیوانی بکەین لە ڕەگ و دەماری نەتەوەیی و عەشایرییان، تا ئەو ڕادەیەی عەدالەت و سیاسەتمان بوار دەدات پشتیوانی بکەین لەو سەرکردە میللییانەی کە هەیانە، بیٚ ئەوی هانیان بدەین و بیانخەینە سەر خەیالیٚکی وا بوٚ دامەزراندنی بەڕیٚوەبەریٚتییەك کە زوٚر جیاواز بیٚ لەوەی عیراق [٢٩].**

**گوندە تورکمانیەکان، ئەوەندە گویٚبیست نین، بەلاٚم چوونە ناویان ئاسانە" قەرزەکانیان فراوانە کە زیاتر بە مەزەندە و خەملاٚندنە. ئەوانە هەستیٚکی تایبەت و ناموٚیان هەیە کە زیاتر بەرەو گلەیی و گازندە و ناڕەزایی بوونیان دەبات. بەلاٚم ئەمانە ئەو بەشەن کە بیٚگومان زوٚریان لەم بارودوٚخە چەشتووە و هەندیٚ لە خراپەکاریەکانی دواین ڕوٚژانی تورکەکانیان لەئەستوٚدایە. ئیٚستاش بە شیٚوەیەکی بەرچاو لەگەشەکردندان.**

**عەشایرە عەرەبەکان، لەم دوانزدە مانگەدا زوٚر سەرقالٚی چارەسەرکردنی کیٚشە کوٚنەکانی خوٚیان بوون و، دەتوانین بلٚیٚین نرخی چارەسەریەکان زوٚر بە ئاسانی و بە کەمی بە دلٚی لایەنەکانیان تەواو بووە.**

**ئەوان—عەشایرەکان—بە ڕووکەش پیٚشوازیکەرو گەرمو بەسوٚزن، بەلاٚم لەڕاستیدا بەبیٚ ناڕەزایی و بیٚترس و مەترسی نین و، ئەوانە لە سلٚ دوو شت دەکەنەوە: لەوەی کە داوا و ویستەکانی حکوومەت بەزوٚر بسەپیٚنریٚنو، لەوەش کە گوایە ئیٚمە بەتەماین سیستەمی سەربازی زوٚرەملیٚ (تەجنید ئیجباری) جیٚبەجیٚ بکەین.**

**لەناو شاردا، هەندیٚ کەس و کوٚمەلٚی بەهیٚز و توانا، زوٚر بە چاکی دەستەموٚ کراون. ئەم حالٚەتە بەگویٚرەی ژمارەیەکی بەرچاوی پیاوانی ئاینی، حالٚەتیٚکی واقیعی و ڕاستە.**

---

**[٢٩] ئەم بوٚچوونەی کە سەبارەت بە ویستەکانی گەلی کورد لە ڕاپوٚرتەکەدا هاتووە، دروست ئەو بوٚچوونەی ئەرنوٚلد ویٚلسنی حاکمی مەدەنی گشتییە کە ( لە موئتەمەری لەندەن، ٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩، پیٚشکەشی کرد. ئەو لەو بوٚچوونەدا بوو کە هەرسیٚ ویلایەتەکە، مووسلٚ و بەغداو بەسرە، دەبیٚ بکریٚنە دەولٚەتیٚکی عەرەبی ژیٚر ماندیٚتی بریتانیا). ئەوەش بوٚچوونی گشتیی زوٚربەری دەسەلاٚتدارانی ئینگلیز بوو لە میسوٚپوٚتامیا، جگە لە بوٚچوونەکەی میٚجەر نوٚئیٚل (بڕوانە: جلال الطالباني، کردستان و الحركة القومية الكردية، ص٢٠٧).**

بنکەی ژین www.zheen.org

دوکانداران و پیشەکارەکان بێلایەنن. بەڵام بێکارەکان، فەرمانبەرە بچووکە دەرکراوەکان، خانەنشینانی بێمووچە و ئەفسەرە بێکارەکان، زۆربەیان دەیانەوێ کار و لێپرسراوێتییان بدرێتێ یا بەرسیارێتی جارانیان وەربگرنەوە. ئەمانە هێشتا نەیانوێراوە دەنگیان زوڵاڵ بکەن و ناڕەزایی بیستراویان لێ دەبیسترێ. بەڵام بێشك لەماوەی ١٢ مانگی داهاتوودا، ڕێژەی ناڕەزایی و تووڕەبوونیان بەرز و ئاشکرا دەبێ[٣٠].

هەڵبەتە لەناو ئەم چین و توێژە بەهێزانەدا، هێزێکی دەسەڵاتداری خرستیانی ڕۆژئاوایی، هەرگیز ناشێ خۆشەویست بێ و دەوروبەر قینی لێ نەبێ. بێشك کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو چین و توێژە، دەنگیان بێهێز دەکات، چونکە بێ دوودڵی ئامادەبوون بۆ خۆفرۆشتن بە هەر کەسێ زیاتر و زۆرترین پارەیان پێ ببەخشێ[٣١].

---

(٣٠) نەك لەماوەی ١٢ مانگدا، بەڵکوو هەر بە چەند مانگێ دوای ئەم ڕاپۆرتە، جگە لە عەشایری کوردی دەوروبەر و کوردانی نەتەوەپەروەری ناو شارەکە، تورکمانەکانیش بە هاندانی پاشماوەی دەسەڵاتداران و هەوادارانی دەوڵەتی تورکی عوسمانی، هەڵسان بە خۆڕێکخستن و هەوڵ و ململانێ و دژایەتیکردنی بریتانیا. ئەوەتا مامۆستا عبدالرزاق الحسنی لەوبارەیەوە دەڵێ: ((کۆمەڵەی نهێنی تۆرانی، کۆمەڵەیەك بوو لە شاری کەرکووك، ساڵی ١٩٢٠ دامەزرێنرا، مەبەستی داواکردنی گێڕانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و ... شێخ قادری سیامەنسووری هەڵبژێردرا بوو بە بڕواپێکراوی کۆمەڵەکە. بە ڕێگەی ئەویشەوە عەشیرەتی سیامەنسووری و هەندێ لایەنی دینی، لایەنگری گێڕانەوەی دەوڵەتی تورکی عوسمانی بوون)) (الثورة العراقیة الکبری، دار الکتب–لبنان، ص٢٤٦).

(٣١) پێوستە خوێنەر لەم کۆپلەیە، وا تێنەگات کە خەڵکی ئەو شارە و ناوچەکە بەگشتی، لەو کەسانە بووبن کە هەرکێ بەخشندە بووبێ بۆیان، بۆی هەڵپەڕیبن، بەڵکوو دروست دەبێ بگەڕێتەوە بۆ زانینی بارودۆخی ئابووری و دارایی خەڵکەکە لە دوا ساڵانی شەری یەکەمی جیهانیدا. واتە بگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ئەو گرانی و قڕوقاتییە کە دنیا بەگشتی و ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی گرتبۆوە. هەڵبەتە چ فاکتەری یەکەم شەڕی جیهانی و چ گەندەڵی و ناڕێکی و نادڵسۆزی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت لە هەرسێ ویلایەتەکەی میسۆپۆتامیادا، کارەساتی ئابووری و نەهامەتی خەڵکەکەی گەورە و خەستتر کردبوو. ئەوەتا "محمد طاهر العمري" لە ل١٣٨ی کتێبەکەی (تاریخ مقدرات العراق السیاسیة)دا لە یادداشتی "محمدامین العمری"یەوە، دەڵێ: ((برسێتی ئاژەڵەکانیشی گرتەوە، بۆیە هەزاران ئاژەڵی ماڵی دەتۆپین و ئێمەش بەچاو دەمانبینی زۆر لە ژنان و پیاوانی هەژار بۆ هەڵگرتنەوەی هەندێ لە گۆشتی ئەو ئاژەڵە تۆپیوانە، کێبەرکێ و پاڵەپەستۆیان بوو، گۆشتەکەیان دەبردە ماڵەوە و دەیانکوڵاند و خۆیان لە برسێتی و مردن

# (٢)

# قـانوون و سیستەم[٣٢]

لە ماوەی ساڵێكدا هەموو ئەو تاوانانەی كە لەلایەن دادگاكانەوە تەماشاكراون، نێردراون بۆ سكرتاریەتی دادوەری Judicial Secretary ی وەزارەتی داد. ژمارەی ئەو بابەت و كارانە لەم ڕاپۆرتەدا دووبارە نابنەوە. دەشێ ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە ژمارەی ئەو كارانە لەمەودوا بەو فراوانیە ناشێ دووبارە ببنەوە، بەتایبەت لەو

---

ڕزگـار دەكـرد...)). هـەروەها لـە ل١٤٠دا دەڵێـت: ((لـەكورتی بیبڕمـەوە دەڵـێم: برسـێتی سـاڵی ١٩١٧/١٩١٨ گـەورەترین و سـامناكترین كارەسـات و زەرەرمەنـدیی ویلایـەتی مووسـڵ بـوو، حاڵـەتێكی وا بـوو، نموونـەی كـەمی لـە دنیـادا ڕووی دابـوو...) (بڕوانـە: تـاریخ مقـدرات العـراق السیاسیة، الجزء الاول، بغداد، ١٩٢٤).

[٣٢] وەك ئەركێكی بەپەلەی بەڕێوەبەرێتی، لـە یەكـەم داگیركردنـی كەركووكدا، لەلایـەن "بولارد"ی حـاكمی سیاسـی دەڤەرەكـەوە، هـەر زوو (دادگـای صـوڵح) بـە سـەرۆكایەتی ئەحمـەد "حەمـدی ئەفەندی" دەست نیشان كرا (بڕوانە: كركوك وتوابعها: حكم التاريخ و الضمير، ص١٠١).

هەر لەو كاتانەشدا، كە حاكمی گشتی مەدەنی میسۆپۆتامیا، سكرتاریەت گشتییەكانی دانا، یەكێ لەو سكرتاریەتانە، سكرتاریەتی دادوەری بوو، ئەم سكرتاریەتە، وەك لۆنگریك دەڵێ: بە سەرۆكایەتی سێر بونهام كارتەر□ Sir Bonham Carter بووە. ناوبراو پێش ئەوەی ببێتە بەرپرسی سكرتاریەتی دادپەروەری لە سوودان، بەرپرسی دائیرەی قانوونی دەسەڵاتی داگیركەری بریتانی بووە. سیستەمی قانوونی دادوەری لە ویلایەتەكانی بەغدا، بەسرە و مووسڵ ساڵی ١٩١٩، بەم شێوازە بووە:

١- دادگا مەدەنیەكان،

٢- دادگاكانی شەریعەت،

٣-دادگاكانی (قانوونی عەشایر).

- بەگوێرەی دادگاكانی قانوونی عەشایر، ئەنجومەنی عەشایر بۆی هەبوە قەزاوەت لەو كێشانە بكات كە لەنێوان عەشیرەتەكاندا ڕوویان دەدا.

دادگاكانی شەریعەت: ئەو دادگایانە بوون قەزاوەتیان لە بابەتە شەرعیەكان دەكرد، وەك ژنهێنان و مارەیی و تەڵاق، وەك بەردەوامی حوكمی شەریعەتی حەنەفی سوننی عوسمانی. ساڵی ١٩٢٠ لە سەرجەمی ویلایەتەكاندا ٣٠ دادگای شەرعی سوننی، دادگایەكی مەزنی شەریعەتی شیعە لە كەربەلا هەبوو.

شوێنانەدا کە بە ئاستی جیاوازەوە دەسەڵاتی ناوەندییان تێدا دراوە بە عەشیرەتەکان و، داننانیش بە توانا و دەسەڵاتیاندا بووە بە واقیعێکی سەلمێنراو.

ئەو شێخانەی کە سەر بە حکوومەتن، هەوڵیان داوە تا بکرێ ژمارەیەکی زۆر لە ڕووداوی سەرکێشیەکان، سەرکوت بکەن، یا چارەسەرییەکیان بۆ بدۆزنەوە و قەزاوەتی عەشایریی بۆ ئەنجام بدەن.

لە شێوەی ئەم حاڵەتانە لە شارەکاندا، ئەرکی دادگاکانە، لێتان ناشارینەوە کە ئەم شێوازی کارە بۆ ماوەیەکی تریش هەر برەوی هەیەو هەروا بەڕێوە دەچێ. ئەوەی مایە خۆشحاڵیمانە، بەرزکردنەوی شکایەتکردنە بۆ دەزگاکانی حکوومەت، دژ بە دەسەڵاتی شێخەکان. ئەمە حاڵەتێکە هەرچەندە زۆر کەمە، بەڵام لەبەر چاوە، کەمیشیان لەبەر ترس نییە.

لەلایەکی تریشەوە دەبێ بگوترێ کە ویستی جووتیارە هەرە هەژارەکان، لەدژی شێخە هەرە دەوڵەمەندەکان، ئەگەر بە چاکی هان بدرێ، جووڵەی تێدەکەوێ. بەڕێوەبەرەکان، هەروەها کەسایەتیە ناسراوەکان، ژمارەیەك کێشەی بچووکی وەك، هەڕەشەکردن و ... یان، بەبێ دادگا چارەسەر کردووە.

دەشێ لێرەدا هەندێ لە کارە تۆمارەکراوەکانی دادگا حکوومیەکان بخرێنە تویێ ئەم ڕاپۆرتە و نیشان بدرێن[٣٣].

---

[٣٣] سەبارەت بە دادگا مەدەنیەکان (کە لەم ڕاپۆرتەدا بە دادگا حکومیەکان ناویان هاتووە) لە ڕاپۆرتی قانوونی ساڵی ١٩١٩دا سکرتاریەتی دادوەری، سەرەتا لە جیێ قانوونی جەزای عوسمانی و قانوونی عوقوباتی عوسمانی، دوو قانونی نوێی کاتیی بەم ناوانە دانا: (قانوونی جەزای بەغدادی) و (قانوونی عقووباتی بەغدادی).

بۆ جێبەجێکردنی ئەو دوو قانوونە کاتییە، دەبوو چەند جۆرە دادگایەك دابمەزرێنرێ، کە ئەوانەی خوارەوەن:

١- ئەنجومەنی دادگاکان: کە دەبوو بە سەرۆکایەتی سێ دادوەر و دادوەری یەکەمی دادگای یەکەم (دادگای باڵا) پێك بێ.



بنکەی ژین
www.zheen.org

لە کفری دادگایەکی شەرعی و دادگایەکی سوڵح هەیە، هەردوکیان لە یەك شوێنن‌و، حاکمەکانیان تەنیا یەك کەس بوو، کە ئەویش قازییەکەیە. قازی، بەشێوەیەکی دەوری سەر لە دووز و قەرەتەپە دەدات، بۆ بینینی کێشە و مەسەلەکانی ئەو شوێنانە. لە کەرکووك دادگای سوڵح بە سەرۆکایەتی قازییەو، هەتا مانگی حوزەیران دەسەڵاتی بەردەوامی هەبوە. هەر لەو مانگەدا دادگای شەرعی دەمەزرێنراو، قازی بووە حاکمی. بەپێی ڕێککەوتنێك کە تائێستا بەردەوامە، محەمەد خورشید ئەفەندی کرایە حاکمی تازەی دادگای سوڵح.

دادگاکان، بە پوختەیی کاری خۆیان کردووە. لەو ماوەیەدا بە بەردەوامی کێشەی گەورە لە دادگادا گفتوگۆ و قەزاوەتی لەسەر کراوە. هەندێ پێداچوونەوە (ئیستیناف)

---

٢- ئاستی یەکەمی (ئاستی باڵا)ی دادگا پاشاییەکان، کە لە هەرکوێ دابمەزرێ دەبێ بە سەرۆکایەتی حاکمی سیاسی (مەدەنی) ناوچەکە و دوو دادوەری بریتانی بێ.

٣-ئاستی دووەمی دادگا پاشاییەکان: کە دەبێ بە سەرۆکایەتی یارمەتیدەری حاکمی سیاسی ناوچەکە و دوو دادوەر بێ.

٤- ئاستی سێیەمی دادگا پاشاییەکان. لەم بوارەدا حاکمی سیاسی گشتی Civil Commission دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو بۆ هەر دادگایەك لەم دادگایانەی سەرەوە، دادوەر دەستنیشان بکات و دایبمەزرێنێ. دەبێ بگوترێ کە ئەم سیستەمە قانوونی و دادوەرییەی بۆ ویلایەتی بەغدا دانرا، لە ویلایەتی مووسڵیش جێبەجێ دەکرا، واتە سیستەمەکە و دادگاکانی لە دەڤەری کەرکووکیش دەسەڵاتدار بوون.

پاشان سکرتێری دادوەری "سێر بۆنهام کارتەر"، ناوی ئەم دادگایانەی بەم شێوەیەی خوارەوە گۆڕی:

١- دادگای بەغداد بۆ دابەستنەوەی حوکم Baghdad Appeal Court ئەم دادگایە وەك دادگای باڵا لە بەغداد و مووسڵ و بەسرە، لە جێگەی دادگاکانی ئیستینافی عوسمانی دانرا.

٢- دادگا سەرەتاییەکان [ئیبتیدائی]: لەوەختی عوسمانیدا، ئەم دادگایانە تەنیا لە مەڵبەندی سنجەق و قەزاکاندا هەبوون.

٣- دادگاکانی سوڵح: هەر لەگەڵ داگیرکردنی ویلایەتەکانی میسۆپۆتامیادا، ئینگلیز گرنگییەکی چاکی دا بە دامەزراندنی ئەم جۆرە دادگایانە. هەر دادگایەکی سوڵح، دادوەرێك و دوو یارمەتیدەری هەبوو (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سەرەتاکانی دامەزراندنی دادگاکان لە میسۆپۆتامیاو پاشان لە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراقدا، دەکرێ سەرنجی ل٩٣-٩٧ی ڕاپۆرتەکەی مسز بێل Review Of Civil Administration بدرێ).

هەبوون، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. بەڕاستی ئەم ماوەیە هیچ ڕەنگ و ڕوویەکی گەندەڵی و لایەنگیری لە دادگاکاندا نەبوە.

ژمارەی دادگاییەکان بەم شێوەیە بووە:

| ناوی دادگا | سوڵحی کەرکووک | شەرعی کەرکووک | شەرعی کفری | گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی کێشە | ٦٨٦ | ١,٤٠١ | ٥١٦ | ٢و٦٠٣ |
| عەللام | ... | ٢٠٣ | ... | ٢٠٣ |
| میرات | ٢٧ | ١ | | ٢٨ |
| کێشەی تەڵاق | ٥٦ | ١٠ | ... | ٦٦ |
| ژن و ژنخوازی | ٩٠٥ | ٦٤ | ... | ٩٦٩ |
| وەکالەت | ٩١ | ٣٨ | ... | ١٢٩ |
| سەرپەرشتی وەسایەت | ١١٩ | ٦ | ... | ١٢٥ |
| ئیستیناف ( پێداچوونەوە ) | ٥ | ... | ... | ٥ |
| کێشەی هەڵپەسێرراو و داخراو | ٢٨ | ... | ١٢ | ٤٠ |
| جەزا ( سەرجەمی پارەی وەرگیراو ) | ٧,٦٧٦ ڕووپیێ | ٨,٩٩٩ | ٣,٣٤٥ | ٢٠,٠٢١ ڕووپیێ [٣٤] |

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە ئاکامی پێداچوونەوەی کارەکانیساڵی پاردا، دەکرێ بگوترێ قانوون و سیستەم ڕێك خراونەتەوە.

بە بەراوردکردن لەگەڵ هی کاتی دەسەڵاتی تورکیدا، دەشێ بگوترێ ئاسایش بە ڕادەیەکی باشی بەرچاو مسوگەر کراوە و، ستایشی خەڵك بۆ کارەکانی حکوومەت، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. بەشێوەیەکی گشتی، ژمارەیەکی کەم لە کاروانەکان هێرشیان کراوەتە سەر و، تەنیا هەندێ دوکان و ماڵ دزراون و بڕاون.

تاوانی خوێناوی و خەتەرناك کەم بۆتەوە، ئێستا بە ڕێژە تەنیا دوو ڕووداو لە مانگێکدا لە ناوچەکەدا ڕوو دەدات. دوو لەو ڕووداوانە زۆر بێبەزەییانە بووە.

(٣٤) بە پێی ل١١٨ی ڕاپۆرتەکەی مس بێڵ بێ، سەرجەمی داهاتی دادگاکان لە ویلایەتەکانی میزۆپۆتامیا ساڵی ١٩١٩/١٩٢٠ (٥٠٠) هەزار ڕووپیێ بووە. بەڵام بە پێی ئەم خشتەیەی سەرەوە کەمێك سەروی (٢٠,٠٠٠) ڕووپیێ بووە لە دەڤەری کەرکوك.

هەردوکیان تاوانی کوشتن بوون. تا ڕادەیەکی دیار بێگومانییەك لەوەی کە شوفێرە (بۆرمی)یەکان تاوانبارن و تۆمەتیان خراوەتە پاڵ.

بارەکە هێشتا ئارام و کارەکان ڕێکوپێك نین، دوکانەکان دەبێ نەبڕدرێن، بەڵام دەبڕرێن کاروانەکان نابێ ڕووت بکرێنەوە، بەڵام دەشێ ئەوەش ڕوو بدات شکایەتکاریەکان پەیتاپەیتا تاوانەکان و تاوانبارەکانیان ئاشکرا کردووە و، بواری زیندانیکردنیش بووەتە هۆی ئارامی و کۆنتڕۆڵکردنی بارودۆخەکە.

بەڵام زۆربەی تاوان و تاوانباران، بەبێ بڕیاری سزادان، بەجێهێڵراون. هۆی ئەمە کە دەکرێ لە لەندەن و نیویۆرکیش هەر بەو شێوەیە بێ، بە ئاشکرا ئەمانەن: کەمی ژمارەی پۆلیسەکان، کەمی ئەو فەرمانبەرە شارەزایانەی کە دەتوانن مامەڵە لەگەڵ کاروباری لێکۆڵینەوە (تەحقیق)ی تاوانکاریدا بکەن، هەروەها لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دوو دەستە خەڵکدا، دەستەی تاوانبارانی ڕاستەوخۆ و دەستەی ئەو خەڵکانەی کە لە جێبەجێکردنی تاوانەکاندا هاوبەشییان کردوون، ئەمانە بەگشتی لەناو خەڵکەکەدا ون و بزرن و دەستنیشان کردنیان ئەرکێکی ئاسان نییە.

زۆر جار موختار و شێخەکان، کە هێشتا خۆشیان دابین نەکراون، ئەو زانیاریانە دەشارنەوە کە دەبنە هۆی دەستنیشانکردن و گرتنی تاوانباران. بۆچی؟ لەوانەیە لەبەر ترس بێ، یا ئەوە بێ کە ناکرێ بە ئاسانی خەڵکێکی ناسراوی خۆت یا موسڵمانێك تووشی کۆتوپێوەند بکەی. هاندەرەکانی تری ئەم بێدەنگی و شاردنەوەیە، ترسی تۆڵەسەندنەوەیە یا چڵێسی دەستخستنی خەڵات و بەرتیل، واتە دەمکوتکردن بە بەرتیل. بەکورتی، دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی هەستی دژە تاوانکردن بەهێز نییەو نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە شایانی باسکردن بێ.

ئەو شوێنانەی ناو و ناوبانگیان زۆر خراپە، ناو بازاڕی کەرکووکە. تا هەشت میلی ڕێگەی سەرووی کەرکووك، واتە ڕێگەی بەرەو ئاڵتوون کۆپری و ڕێگەی (عین نوخیلە)، لە (بەشیر)ەوە بگرە تا تەپۆلکەکانی ڕێگەی قەرەتەپە-جەوەڵ حەمرین و هەروەها بە ڕادەیەکی کەمتر، ڕێگەی کەرکووك-چەمچەماڵ.

لەوانەی سەرەوە چواری یەکەمیان کاتێ لەژێر دەسەڵاتی تورکدا بوون، وەزعیان گەلێ خراپ بوو، بەڵام ئیستا کەمێ لە جاران باشترن. لە مانگی ئابەوە خاڵی پاسەوانیی عەشایر (کە پارەکەی لەلایەن عوبێدەوە تەئمین کراوە)، بۆ چاودێری ڕێگە، لەسەر ڕێگەی (بەشیر) دانراون. زۆر کاری چاکیان کردووە. دەکرێ بڵێین لەوەتەی ئەو پاسەوانانە دانراون، لە ماوەی سێ مانگدا، هیچ ڕووداوێکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە. ڕووداوەکانی بەرزاییەکانی قەرەتەپەش زۆربەی هێرشی عەشایرە، دووری و گۆشەگیری بوار و هۆ بوون بۆ ئەو ڕووداوانە.

جێی باسە، هاتوچۆی عەشیرەتی جاف بۆ ناوچەکانی کفری بێکێشەیە و وەك جاران ئاسایی بووە، هەندێ جار نەبێ کە وردە خراپەکاری کراوە. لە یەکی ئەیلوولەوە لە سەرتاسەری ناوچەکەدا، سیستەمی مۆڵەت و مەرەخەسی بۆ چەكهەڵگرتن خراوەتە کار. شەش مانگ مۆڵەت درابوو بەوانەی کە چەکیان هەیە، تا ئاشکرایان بکەن و مۆڵەتی بۆ وەربگرن، یا تەسلیمی بکەن. لەوکاتەوە ژمارەیەك پشکنین و چوونە سەر ئەوانەی چەکیان شاردۆتەوە، ئەنجام دراون. ئەم خشتەیەی خوارەوە بەگشتی چالاکی و هەوڵی چوار مانگمان بۆ کورت دەکاتەوە:

| ناوچە | مۆڵەت وەرگرتنی چەك | چەك گرتن | کۆی پارەی مۆڵەت و سزادان |
|---|---|---|---|
| کەرکووك | ٨٠٠ | ٢٧٢ | ٥,٤٢٠ ڕووپێ |
| کفری | ١٩٥ | ٤٧ | ٩٧٠ ڕووپێ |
| سەرجەم | ٩٩٥ | ٣١٩ | ٦,٣٩٠ ڕووپێ |

دەسکەوتەکانی ئێستامان زۆر لەبەر چاون، بەڵام ماوە زۆرتر بکرێن. پشکنین، بە بەردەوامی دەستنیشانی زۆر شوێنی چەك هەڵگرتنی بۆ کردووین. ژمارەی چەك کەم بۆتەوە. مافی خۆپاراستن دراوە بە پیاوانی سەرڕاست. ئەمانەش بەگشتی ئەو هۆیانەن کە ڕێگە خۆش دەکەن، تا لە ئانوساتی خۆیدا هەموو نەیارەکان بێ چەك بکرێن.

(٣)

# ليڤی و پۆليس

هەروەك جاران، كۆتايی ساڵی ١٩١٨ هەندێ ڕێكخستنەوە و ئامادەكاری جۆراوجۆر لەم دوو ناوچەیەدا پیشان دران. لە كفری، شێوازەكە ئەوەبوو كە پیاوەكان بۆ ماوەیەكی كەم وەك پیادە ڕابهێنین، پاشان بۆ ماوەی ساڵێك بیانكەین بە سەرباز. ئەگەر توانای زیاتریان هەبوو، بەرز بكرێنەوە بۆ پلەی سوارەیی. بەڵام لەبەر ئەوەی، ئەوانەی هاوكاری ئەم پرۆسەیە بوون، كەم بوون، پێویستی دەكرد ماوەی سەربازیەكەیان لەلا درێژتر بكرێتەوە، تا بتوانرێ مەبەست و ئاكامەكان بپێكرێن[٣٥].

بنكەی ژین
www.zheen.org

[٣٥] سوپای بریتانیا كە هاتە ویلایەتەكانی میسۆپۆتامیا، بەگشتی ئەفسەر و سەربازی ئینگلیز بوون. كارمەندانی ناو سوپاكە و هەندێ سەرباز سیك و گورگە وهیندۆس و ئیسلامی بوون. بەڵام وردە وردە هەوڵیان دا سوود لە چەكدارانی ناوچەكەش ببینن، بۆیە هێزی ناوچەییان لە عەرەب و كورد و تیاری و توركمان، دروست كرد، بەناوی هێزی شەبانە، یا هێزی لبی، یان هێزی لێڤی‌یەوە. هەروەك لە ڕاپۆرتەكەی "مسز بیل"دا هاتووە، یەكەم دەستەی لیڤی Levy لەلایەن مێجەر Eadie یەوە، بۆ كاروباری چاوساغی و ڕێپیشاندان لە ناسریە، بۆ یارمەتیدانی بەشی موخابەراتی تیپی ١٥ سازكرا.

پاشان ئەم بیرۆكەیە، بیرۆكەی دامەزراندنی هێزی ناوچەیی، بەناوی هێزی لێڤی لە هەموو ئەو شار و شارۆچكە داگیركراوانەدا دروست كران. مانگی تەمووزی ١٩١٩ هەموو دەستە چەكدارەكانی لیڤی، لە دەڤەرەكانی دێرزوور، خانەقین، سلێمانی و كەركووك و، هەروەها جەندرمەكانی شاری مووسڵ لە یەك دەستەی تایبەتدا پێكەوە گرێدران.

لەپاش مێژووی نووسینی ڕووداوەكانی ئەم ڕاپۆرتەوە بە چەند مانگێ، واتە لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠دا، گشت لێڤیەكانی دەڤەری كەركووك كران بە پۆلیس. بەڵام ئەندامە توركمانەكانیان

شایانی وتنه، هەندێ لە سوارەی عەشایر و غەیرە عەشایر لە ناوچەی کفری بۆ کار ی پۆلیسی بەکارهێنران، بەڵام هەوڵی ئەوە نەدرا نەزانەکانیان ڕابهێنن و فێریان بکەن. لەلایەکی تریشەوە، چەند شێخێك بە شێوەیەکی ئاسایی ئیلتزام، بە پارە ئەرکیان پێ سپێردرابوو. بە هەر حاڵێ بووبێ، لە مانگی سێدا (ئازار) ئەو لێپرسراوێتیەیان لێ سەندرایەوە. بۆ بە چاکی بەڕێوبردنی پەیوەندییەکان، هاوکاری (قوڵچی)یەکان کراو یارمەتییان درا. بۆیە بەگشتی دەتوانین بڵێین، سەرەتای سیستەمی دەزگایی و هەندێ ئامرازی کاتیی هەبوە، بۆ ئەوەی لە پرۆسەی گەورەکردنی دەزگاکانی سوارە و پیادەکاندا بەکار بهێنرێن.

مانگی ئازار هەندێ فراوانکردنەوەی زیاتر ئەنجام دراو، گەشەپێدان و ڕاهێنانی زیاتر لە جاران، سەرپەرشتی کران، هەروەها بڕێ قەرز بە زەلامەکان درا، بۆ ئەوی بتوانن ئەسپی تایبەت بە خۆیان بکڕن. جلوبەرگی تایبەت تەرخان کرا بۆ پیاوە بەتواناکان. قشڵەو شوێنەکانی پۆلیس ئاوەدان کرانەوە.

لە کفری، هەر هەموو بەرپرسییەکانی ئەم بەشە، لە دەستی یارمەتیدەری حاکمی سیاسیدا بووە، بە هاوکاری لەگەڵ B.O.Pێك و ئەفسەرێکی عەرەب و کاتبێکی شارەوانی. لە کەرکووك، لەماوەی سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، شەست پۆلیسی ڕاهێنراوی نیمچە چەکدار هەبوون. ئەمانە ئەرکی چاودێریکردنی ناو شاریان لەئەستۆدا بوو. ئەم هێزە لەژێر دەسەڵاتی یارمەتیدەری حاکمی سیاسیدا بووە. لە شاری ئاڵتوون کۆپری، هەروەك ئێرە، بەپێی گرێبەندی ١٢ مانگی، پۆلیسی پیادە هەبوون.

بەڕێوەبەرانی ناحیەی (مەڵحە، شوان، تاووق، ئاڵتوون کۆپری)، هەریەکەو ژمارەیەك سوارەی ناعەشایریان لەگەڵدا هەبوە، بەڵام ئەمانە نە ڕاهێنراو و نە بەتەواوتی چەکدار بوون. پۆلیسی عەشایر، ژمارەیان ٨٢ کەس بووە، کە بەسەر ٩ شێخی بەڕەسمی بڕواپێکراودا دابەش کرابوون. سواری شارەزا بوون، بەڵام بە

---

ڕەوانەی دەرەوەی کەرکووك کران. (بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە هێزی لێڤی ساڵانی ١٩١٩ و١٩٢٠ بڕوانە: ل١٠٨-١١٠ی (Review)ەکەی مسز بێل.

**هیچ کلۆجێ ئامادە نەبوون لە شوێنی دیکە مەشق بکەن و دێیەکانی خۆیان بەجێبهێڵن. لە کۆتایی مانگی سێدا، ژمارەیان کەم کرایەوە بۆ ٧٦ سوارە.**

**بەکورتی دەبێ بڵێین: لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، لە کفری و کەرکووك هاوشانی یەکتر، سەرەتاکانی دەزگای پۆلیس دانران. بەڵام دەبێ هەردوولایان لە یەك شوێن و لەلایەن یەك دەسەڵاتەوە کۆنترۆڵ بکرێن. ئەمانە ئەفسەر و فەرمانبەری هەمیشەییان پێویستە. هاوکات لەگەڵ پرۆگرامی ڕاهێنانی ڕێکوپێك و بەرپرسییەکی شارەزادا، ئەمانەش هەر هەموویان لە قۆناغی دواییدا ئامادەکران. لە سەرەتای نیسانەوە، ئەفسەرێکی بریتانی کە لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی حاکمی سیاسیدا بوو، لە هەردوو ناوچەکەدا بووە بە لێپرسراوی ئەو هێزانە.**

**بارەگای سەرەکی دەڤەرەکە و هەروەها بارەگای سەرەکی بۆ کارمەندانی کەرکووك، دەستنیشان کران. ئەم هێزانە ناوی میلیشیا و پاشان "لیڤی"یان لێنرا.**

**فەرماندەی هێزەکان، لەلایەن ئەفسەرێکی تورك، وەك یارمەتیدەر و، دوو ئەفسەری تر وەك چاودێری هەردوو ناوچەکەو، کاتبێکی زمانزان و سێ B.O.Pی ڕاهێنەرەوە، یارمەتی دەدرا. کارەکانیان بە بەرزی دەنرخێنرێن. گرێبەندی سەربازی بۆ ساڵێ یان دوان بەردەوام ساز دەکران. جلوبەرگی هاوشێوەی تایبەت و ئازوقەخانە ئامادە دەکران. لە بەڕێوەبەرێتی سەرەکی هێزەکان و شوێنەکانی تردا، بیناکان چاك کرانەوە. دوکانی بەرگدروو و پێڵاو دروستکەری لەشکری دامەزرێنران. ژمارەی کەسەکان، بە ئاسانی گەیشتە ١٣٨ پیادە و ١٣٦ سوارە.**

**بۆ یارمەتیدانی ئەو سوارانەی کە توانای کڕینی ئەسپیان نەبوو، لەبەر کەمی ئەسپ و بۆ کڕینی قەرزیان درایێ. لەدواییدا حکوومەت لەو قەرزانە خۆش بوو، ڕێکوپێکی هێزەکە و شێوازی ڕێکخستنی لە سەرتاسەری ساڵەکەدا هەروەك خۆی مایەوە(٣٦).**

---

(٣٦) **ڕەفیق حلمی لە ل١٣١ی بەرگی دووەمی "یادداشت"دا دەڵێ: ((لە هەموو شوێنێ ئینگلیز ئەم سیاسەتەی پەیڕەو ئەکرد کە بە قەرز خەڵکەکە چاوکوێر بکات)).**

(٣٧) **مەبەستی بەرەنگاریکردنی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود و ڕاپەڕینی دەلۆکانی کفری و شوێنەکانی تری دەڤەرەکەیە، کە لە مانگی پێنجەوە تا کۆتایی مانگی هەشت بەرپاکران. بەپێی**

کاری ڕاهێنان بە وێنە ئاسانەکەی خۆی و لەسەر ڕێنمایی دەستنیشانکراوی خۆی، هەر بەردەوام بوو.

شێواز و پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و مەشقپێکردن، تا ئەو ڕادەیەی کە بواریان هەبوە، هیچ جیاوازییەکیان لەنێوان کەرکووك و عیراقدا نەبوە. مەبەست لە باری قسەکردن، جلوبەرگ، بارودۆخی جیۆگرافی و نەتەوەیی، هەروەها باری نرخ و بەهای کارەکانە. دەستەیەکی ١٠ بۆ ٢٠ سوارە، چەندین جار بۆ نمایشی بچووك بچووك بەکارهێنراوە. ئەم نمایشە کاریگەریی هەبوە لەسەر هەستی خەڵکەکە. ئەم دەستەیە هەتا بە چەك یارمەتی دراوە. هاوکاریش کراوە، چ بە ڕێنمایی و چ بەوەی لەلایەن لێڤییەوە سەرپەرشتی کرابێ.

لەکاتی ناخۆشیەکانی ناوەڕاستی هاویندا، دیسپلینی هێزەکان باش بووە. لە ساڵەکەدا سێ پیاومان لەسەر کار کوژران و هەشت چەکداریشمان بریندار بوون[٣٧]. هەندێ تەنگوچەڵەمەی بچووك بچووك کە دروست بوون، بواری تەشەنەکردن و کێشەیان نەدراوەتێ. هەندێ لەو زەلامانەی کە لە ١ی نیسانەوە دەستیان لەکار کێشرایەوە، زۆر پیر بوون و بۆیان نەدەکرا سوود لە مەشق و ڕاهێنان وەربگرن N.C.Oکان ماوەی کارەکانیان گەیشتە کۆتایی. ئەوانە دەبوو جارێکی تر کارەکانی خۆیان داوا بکەنەوە.

www.zheen.org

هەندێك کاریان بەجێهێشت و داوایان نەکردەوە، هەندێکیان بەرزکرانەوە و، هەندێکی تریان بەرەو دەستەکانی تری هێزەکان نێردران. ناتەواوی یا کەمی ئامرازەکان، هەندێ پلانی بەرەو پێشەوەچوونیان وەستاند. بۆ نموونە، تەقەمەنی لە کۆتایی مانگی ١٠دا گەیشت، ئەسپەکانی حکوومەت لە کۆتایی مانگی نۆدا ٤٠ وڵاخیان گەیشت. بەڵام بێ سەرج و بێ زین بوون، هەڵبەتە بۆ سەرجەکانیش ئێمە هەر لە چاوەڕوانیداین، ئێستا دەبێ بەڕێگەوە بن. کوورەی ئاسنگەریش کە لە مانگی کانوونی یەکەمدا گەیشت، لەگەڵ جلوبەرگی زستانەدا، ئەگەر بێتو

---

ژمارەی کوژراوان و برینداراانی ئەم جۆرە هێزانە (سواری عەشایر، پۆلیس و پۆلیس سوارە)، لەوە دەچێ ئەم هێزانە لە شەڕەکانی دژە شۆڕشدا بە شێوازێکی ئەوتۆ بەشدار نەبووبن.

بەرامبەر بەم شتانە زیادەڕۆیی بکەین و لە خانەی کێشە و چەڵەمە حیسابیان بۆ بکەین، باش نییە و نالۆجیکە.

ئەوەی زۆر پڕ مەترسی بوو، لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتدارندا نەبوو، گرانیی ژیان بوو لە سەرتاسەری ناوچەکەدا. بەتایبەت گرانیی "ئالف"ی ئاژەڵ کە بوەتە هۆی ئەوەی مووچەی زەلامەکان بگاتە ئاستێکی زۆر نزم. دامەزراندن هیچ کێشەیەکی تێدا نەبوە و، هەموو کاتێ لەتوانادا بووە ژمارەی هێزەکانمان دووجار بکرێ. لەوەش زیاتر، لێرە تورکمان لە عەرەب زیاتر کاری سەربازییان هەڵبژاردووە و لە کوردەکان زیاتر ئامادەگی مەشق و ڕاهێنانیان تێدا هەیە. لەوە دەچێ زۆربەیان یا لە سوپای تورکی یا لە جەندرمەدا مەشق و ڕاهێنانیان پێ کرابێ.

دوو خاڵ هەن، هاوپەیوەندن بەم مەسەلەیەوە و نابێ پشتگوێ بخرێن. ئەو جەندرمە تورکانەی کە ئێمە سوودیان لێ وەردەگرین، پڕبەپێست هەڵسوکەوت و کاردانەوەی بێویژدانیان هەیە بەرامبەر بە خەڵك‌و، بەردەوامن لەوەی لەسەر خەڵك بژین و بەرتیل وەربگرن و خۆیان بەسەر هەژارانەوە بکەنە شێر[38]. دووەم، دەبێ بزانرێ ئەو مەعاشەی کە ئێمە دەیدەین، لەم ڕۆژانەدا بۆ ئەو هەندە خەڵکەی کە نە کشتوکاڵ و نە بازرگانی و نە پیشەیەکیان هەیە، مەعاشێکی باشەو خەڵك ڕاکێشەرە.

بنکەی ژین
www.zhen.org

کاریگەری کارەکانی ئەمساڵمان، جگە لە سوودبینینی هەنووکەیی، سەبارەت بە لێڤی شتێکی ڕوون کردۆتەوە، ئەوەیە کە دەبێ چاوەڕوان بکرێ ئەو مرۆڤانەی وا پرۆگرامێکی ساکاری ڕاهێنان و مەشقکردن تەواو دەکەن، کارو ئەرکیان

---

(38) دوا ساڵانی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی، لەبەر لەیەکترازانی سیستەمی دەوڵەتی و گوێنەدان بە پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندیەکانی خەڵکەکە، هەروەك لە یادداشتەکانی "محمد امین العمری"دا هاتووە، پیشەی سەرباز و جەندرمە قۆڵچییەکانی تورك ئەوە بوو، کاتێ ڕەوانە دەکران بۆ گوندێك بۆ کۆکردنەوەی باج و سەرانەی حکوومەت، سەرتاپای گوندەکەیان ڕووت دەکردەوە و، هەتا خواردنی سەر خوانی پیرەژن و پیرەمێردەکانیشیان دەبرد. بۆیە ئەو هەژارانە بۆ ئەوەی لەبرسا نەمرن، زەوتکراوەکانی خۆیانیان بەو چەند لیرەو مەجیدیانەی کە هەیانبوو، لە پۆلیس و قۆڵچییەکان دەکڕییەوە (بڕوانە: محمد طاهر العمري، تاريخ مقدرات العراق السياسية، الجزء الاول، بغداد، ١٩٢٤، ص١٤٠).

پێبسپێردرێ. بێگومان ئەوانیش دەتوانن ئەو ئەرکانەی سەرشانیان جێبەجێ بکەن. لێڤیەکان، لە مانگی نیسانەوە تا مانگی کانوونی یەکەم لە کەرکووك پۆلیس، نامەبەر، ئەسکۆرت، گاردی کۆماندۆکان، گاردی گشتی، جاڕدەری دادگاو هەروەها سەربازن.

ئەم ئەرکە پیاوانانە، کە پۆلیسی لەناویاندا تایبەتمەندترین کارە، تا ئەوپەڕی جیاوازی دژ بەیەکن و، تێکەڵی و تێکچرژاوییان لەگەڵ هەموو ئەو مەشق و ڕاهێنانەدا کە لێڤی وەك هێزی سەربازی هەیبووە، هەیە.

مەیدانێك و تا دوو مەیدان، بۆ مەشقپێکردن، لە دووری بارەگای سەرەکی هێزەکان، سازکراون. بەڵام هێشتا هەر ئەو چەکدارانەی کە دەبوو وەك گارد و وەردیان بۆ کاروباری تایبەت بەکار بهێنرێن، پێویستییان بە مەشق و ڕاهێنان هەیە. بۆیە ئەرك و لێپرسراوێتی بەپەلەی سەرکردایەتی هێزەکان ئەوە بوو، کە دەبێ بەپەلە مەشق و ڕاهێنانی ئەو سەربازانە تەواو بکرێن. بەڵام لەڕاستیدا ئەو زەلامانە-چەکدارانە- لە سەرجەمی پێنج بەشی کاریان، لە چوار بەشیاندا سەرقاڵی کاری ترن و، ناکرێ و لەتوانایاندا نییە بەو هەموو کارانە ڕابگەن و ئەو هەموو ئەرکە گرنگانە جێبەجێ بکەن. هەڵبەتە بەرامبەر بەو هەموو کارانەی کە دەیانکەن، مەعاش و پارەیەکی تاڕادەیەك کەمیان دەدرێتێ. بەڵام دەبێ بگوترێ لەو ئاکام و سوودانەی کە لە مەشق و ڕاهێنانەکاندا بەدەست هاتوون، دەکرێ لە داهاتوودا لە کارو ئەرك و وەزیفەی بەرزتر و باڵاتردا بەکاربهێنرێن.

ئەم سەربازە ناوچەییانەی کە لێرە فێری کار بوون، نرخی بێبەهایان دەبێ. بەڵام دەبێ بگوترێ هێزی پۆلیسی بەدەسەڵات و بوێر پێویستییەکی هەنووکەیی گرنگە، بۆ گرتنی دز و جەردە و بکوژەکان. هەر لەو کاتەشدا، سانا دەبێ کە کەسە بەتواناکان، بکەینە هەواڵهێنەر. ئەمە لەڕاستیدا کاری لێڤی یا هی پۆلیسە، بۆیە حاکمی مەدەنی سوورە، کە دەبێ لە ساڵی تازەوە لێڤی بکرێن بە هێزی پۆلیس. لەکاتێکدا ئەم ڕاپۆرتە دەست بە دەست ئامادە دەکرێ، ئومێدی ئەوە

هەیە لە ساڵی ١٩٢٠دا، سیستەمی سزادان پەیڕەو بکرێ، بۆ ئەوەی تواناکانی کارکردنی لێڤی بەرزتر بکرێنەوە.

پۆلیس کە ژمارەیان کەمتر و پارەیان زیاترە، دەبێ لەلایەن شارەزایانەوە مەشقیان پێ بکرێ. ئەمانە ئامادەکراون بۆ کۆڵێ ئەرکی تایبەت، بۆ ئەمەش دەبێ لە ئاستێکی وادا مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکرێ، کە پڕ بە پێداویستیەکان بێ، تا بۆ هەموو داواکارییەک لە هەر شوێن و کاتێکدا سازوتەیار بن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٤)

# کشتوکاڵ

کەمترین شت لە پرۆسەی بەرهەمی ساڵانەی کشتوکاڵیدا، کەمیی ئاژەڵی جووتکردن، ئامرازی کار–بەتایبەتی ئاسن– و تۆو و دەستی کار بووە. ئەمەی دواییان، واتە دەستی کار، لە چوار وەرزەکەدا وردە وردە ژمارەیان زیادی کردووە. هەرچەندە وەك سەرژمێری ١٩٠٥ ئاماژەی کردووە، ژمارەی دانیشتوانی لادێ هێشتا هەر ٤٠٪ زیاتر نین.

ئەمساڵ ژمارەیەك ئاژەڵی جووتکردن کڕراوە، لە بەغداوە لەلایەن جووتیارانەوە هێنراون. هەندێکیان لە خاڵص و مەندەلییەوە هێنراون، هەروەها حکوومەتیش لە هیندستانەوە "کەل"ی هێناوە و ئامادەی کردوون بۆ جووتیاران، لە کفری ٦٤ دانە و لە کەرکووك ١٦٠ دانەیان دابەش کراوە. چەندین جار، ئاسن و خاکەناز و گاسن لە بەغداوە هێنراون، بە مایەی خۆی فرۆشراون بە جووتیاران. بەداخەوە لەوە دەچێ کەمی ئاسن حاڵەتێکی گشتی بێ لە ناوچەکەدا. بۆ ئامادەکردنی قەرزی تۆوکرین بۆ جووتیاران، بەداخەوە لە ١٩١٩دا هەوڵێك نەدراوە، لەبەر دوو هۆ بووە:

– لەبەر گرانی گواستنەوە، نەدەکرا تۆو بهێنرێ، بەڵام ئێستا ئەو شتانە دەکرێ بە شەمەندەفەر بگوێزرێنەوە.

– بەری کارەکان (بەرهەمەکان) زۆر هاندەر نەبوون، چونکە بەپێی ئەو بارودۆخەی کە ئەو تۆوانە پێویستییان پێی هەبوو، شتێکی نوێ و بۆ شارەزایی جووتیارەکان نامۆ بوون. ئەگەر بەرهەمەکان باش بن، دانەوەی قەرزەکان دەکەونەوە حاڵەتی مەترسی.

ئەم مەترسییە، بە ڕوونی لە دانەوەی قەرزەکانی کفریدا ساڵی ١٩١٨ ئاشکرا بوو، مەبەست دانەوەی قەرزی گەنمەکەی ئەهوازە. ئەم ماندوێتییە سەربەسەری

تێچوو، بۆیە ناردنی پارە لەلایەن حکوومەتەوە لەبری ئەو قەرزانە تەنیا چارەسەرییەك بووە. ئەم قەرزە هەتا نووسینی ئەم ڕاپۆرتە هێشتا بەتەواوەتی نەدراوەتەوە. هەرچۆنێ بێ، لەوە دەچێ قەرزی ماڵی شیاوی جیاواز هەبێ و بە ئاسانی وەربگیرێ. بۆ قەرزەکانی ١٩١٨ هەندێکی زۆر کەمیان بەبێ چارەسەر ماوەتەوە.

ساڵی ١٩١٩ بڕی یەك لەك-واتە ١٠٠ هەزار ڕووپیێ- ٣٥ هەزاری لە کفری و ٦٥یش لە کەرکووك بۆ ئاسانکردنی کاروباری کشتوکاڵی خەرج کراوە[٣٩]. کاروباری کشتوکاڵ لە ساڵەکەدا بەگشتی ئاسایی بووە. پەروەرشی کشتوکاڵی بەهارانە بە هەموو گوڕ و تینێکەوە کراوە و، دەبێ بەرهەمێکی چاکی میوەجاتی هاوینە بەرهەم بێنێ. باخەوانیی بەرهەمی زستانە، لە بەهارەوە تائێستا هەر بەردەوامە. تۆوچاندنی زستانە لەم پایزەدا ٢٥٪ کەمتر کراوە و، بە شێوازی ئاسایی خۆی ئامادە نەکراوە. جیاوازیی بەرهەمی زەوی ئامادەکراو و هی ئامادەنەکراو، زۆر دیارو ئاشکرایە و، جیاوازییەکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ئەوی تر لەنێوان ٣٠ بۆ٣٠٠٪ە. کشتوکاڵی زستانە-دروست ٣٠٪ی ئەو شوێنانەی گرتۆتەوە کە بە شێوازی کۆن تۆوچاندنیان تێدا کراوە، ئەمانە تا مانگی مارت مژدەدەر بوون، بەڵام بەداخەوە تووشی چوار دەردی چاوەڕواننەکراو بوون.

- نەبوونی باران بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ لە مانگی ئازاردا.
- هەندێ لەو تۆو و دانەوێڵانەی کە لە دەرەوەڕا هێنرابوون، تووشی ئافاتی کرمی سوور بوون.
- شەستە باران و تەرزەیەکی بەتاو بەرهەمی کشتوکاڵی ٥ گوندیان لەناوبرد.

---

[٣٩] شایانی باسە هەر بەپێی ئەو ژمارانەی کە لە بەشی حەوتەمی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە، بەرامبەر بەو یەك لەك ڕووپییە خەرجکراوەی حکوومەت، دەسەڵاتدارێتی ئینگلیز نزیکەی چوار لەك، یا دروست ٣٨٥.٩١٥ ڕووپیێ باجی کشتوکاڵی هاوینە و زستانەی لە جووتیارانی دەڤەرەکە وەرگرتووە. لە سەرتاپای ویلایەتەکەشدا، سەرجەمی ١٩٨٢٧ لەك ڕووپیێ داهاتی باجی کشتوکاڵ و مەڕوماڵاتی بۆ دەسەڵاتەکەی کۆکردۆتەوە.

– هەروەها سووتانی هەندێ خەلەو خەرمان بە شێوازێکی چاوەڕواننەکراو، هەڵبەتە بە هەڵە یا بە دەستی ئەنقەستی دوژمنکارانە لە ناوچەکانی قەرەحەسەن و شوان.

بەڵام هەرچۆنێك بێ، ڕێژەی بەرهەمەکان مامناوەندی بوو. بەپێی بۆچوونی خەڵکانی ناوچەکە بەرهەمەکە زۆر کەمی کردووە، گوایە لە ١ بە ٧ ـەوە بۆ ١ بە ٣ نزم بۆتەوە. بە بۆچوونی ئێمە، لەم زرووفەدا، ئەگەر (١ بە ٢)ش بوایە هەر باش دەبوو

کشتوکاڵی هاوینە –زۆر کەم بوو، بەڵام لە ڕێژەی قاتیبووندا نەبوو. جۆرە نەخۆشییەك کەوتە ناو زۆربەی سەوزەوات. چەڵتووکی مەرەزەکان لەبەر بێئاوی، لە هەندێ شوێندا هەر بە سەوزی بەجێهێڵران.

بەگشتی، دەبێ وا تەماشای ساڵەکە بکرێ کە ساڵێکی ئاساییەو، بکرێتە بنەمایەك بۆ هەر پلان و پڕۆژەیەکی تازەی داهاتوو.

ناشتنی نەمامی میوەجات و دارخورما لەسەر ئەرزە ئەمیریەکان، بۆ بەرژەوەندی گشتی، گرنگی زۆری پێ دراوە، لەپاش گفتوگۆیەك لەناو ئەنجومەنی ناوچەکە، پشتیوانی لێکرا. بەڵام لەوە دەچێ هیچ هەلومەرجێکی ڕاستەقینەی نەبێ، ئەمەش دەبێ ببەسترێتەوە بە کێشەی ئاو، بە خەرجییەکی زۆری سەرەتای کارو هەروەها بە کەش‌وهەوا و سەرما و سۆڵەی لەپڕی زستان.

www.zheen.org

(٥)

# ئاودێری

لەم بارەوە ئەم دەڤەرە، دەڤەرێکی بێگرنگییە، هەروەك ئەوانەی عیراقە، بێئەندازە کەم ئاودێرە. ئاودێری و ئاوەڕۆ لابەلاکان، یا دابەشکراوەکان، تا دوا دڵۆپەی ئاو بەکاردەهێنرێن. لەم دەڤەرەدا کە دەڤەرێکی دێمییە، ئاو زۆر کەم و دەگمەنە، کاڵایەکی زۆر زۆر بەنرخە.

بەڵام مەسەلەی جۆگەلێدان و کێشە و بگرەو بەردەکانی پاش ئەم دروستکردنانە، کە هەر ئەو کێشانانەن لە دێرزەمانەوە هەن، هەروەك خۆیان ماونەتەوە. لەڕاستیدا نابێ بگوترێ لە ساڵی ١٩١٩دا هەنگاوی باش نراوە بۆ جۆگە و بنەمای ئاودێری دروستکردن. بۆ کێشەکانی پاش ئەوانەش، یا بەکەم وەرگیراوە، یا گوێی نەدراوەتێ. ئەو ناوچانەی کە دەشێ مەسەلەی ئاودێرییان گرنگ بێ، دوو ناوچەن" یەکەمیان ناوچەی حەویجە و، دووەمیان ئەرزەکانی کفری و قەرەتەپەیە، کە بە ئەرزی "سانیە" ناسراون.

هەزاران کیلۆمەتری دووجا بەرەو خواروی کەناری چەپی زێی پچووك، ئەرزی بەپیتە- کە لەکاتی خەلیفەدا [مەبەستیان کاتی دەوڵەتی عوسمانییە- وەرگێڕ] کێڵراوەو ئاودێریی تێدا هەبوە، ئەمڕۆکە بەیارێکی وشك وبرنگە. بەشێکی زۆر لە بناغەکانی ئەو جۆگە کۆنانە ماون، بەڵام شوێنە بەرزەکانی و دەربەندی جۆگەکان ئێستا بەکار نایەن، چونکە ڕێڕەوی (زاب) تا ڕادەیەکی لەبەرچاو کەوتۆتە قوڵاییەوە. دەبێ کارێکی ئاسان بێ دەروازەی نوێ بنیات بنرێ و کەناڵە کۆنەکان پاك بکرێنەوە، تا ناوچەکانی حەویجە ئاودێرییان پێ بگات. بەڵام ئەم کارە ئاسانە، خەرجی زۆرە. لەوانەیە خەرجیەکەی، با بڵێین ٣٠٠ هەزار-٥٠٠ هەزار پاوەندی بوێ، تا بگاتە ئەو ئاست و ڕادەیەی کە سوودی هەبێ بۆ ٦٤ هەزار جووتیار. لەوەش دەچێ هەمان برە پارەی بوێ بۆ کڕینی

www.zheen.org

مەکینەو ئامرازی کشتوکاڵ [٤٠]. ئەمە دەکرێ بەوە مسۆگەر بکرێ کە عەشیرەتە ڕەوەندەکانی ناوچەکە، جێنشین بکرێن یا "فەلاحین"ی ناوچەکانی تر هان بدرێن بۆ هاتن، یا بەبێ چاوەڕوانی کوردە ئێرانیەکان بانگ بکرێن، تا بێن بۆ ناوچەکە[٤١] ئەگەر نا ئەم بیرۆکەیە هەر هیچ نەبێ، دەکرێ هەڵبگیرێ و ساڵانە لێی بکۆڵرێتەوە و سەرنجی تازەی بدرێتێ.

لەوێ، هەر لەو ماوەیدا، هەندێ وردە کار کراوە و جۆگەیەکی بچووکی ١٥ کیلۆمەتری پاك و فراوان کراوە. خەرجی ئەم کارە خەرجییەکی گەورەی ناحکوومی بووە. ئەم پڕۆژەیە لەلایەن ئەو چوار ئەندازیاری ئاودێرییەوە کە ئەمساڵ سەردانی کەرکووکیان کردووە، تەماشا کراوە.

لە ناوچەی کفری جۆگە درێژەکەی "سانیە" کە بابەتی ڕاپۆرتێکی جیاوازی درێژە، پێویستی بە چاودێریی ساڵانە هەیە. ئێستا ئاوی کەمتر دەدات لەوەی کە ١٠ ساڵ پێشتر دەیدا. مەبەست ئەو کاتەیە کە مرۆڤ دەیتوانی لە دیالەوە بە "کەڵەك" بگاتە قەرەتەپە- ئەرزەکانی (Bazaiz) کە جاران شین و پڕ ژیان بوون، ئێستا وشك و دێمین. چاککردنەوە و فراوانکردنەوەی ئەم جۆگەیە، نزیکەی

بنکەی ژین
www.zheen.org

[٤٠] ئەم پێشنیارەی لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە بۆ کاروباری ئاودێریی ناوچەی حەویجە، یەکەم بیرۆکە و بۆچوونی پلاندانانی ئەو پڕۆژەیەیە کە بە پڕۆژەی حەویجە ناونراوە.

[٤١] من پێم وایە هەر لەگەڵ بیرکردنەوەدا لەم پڕۆژەیە، ئینگلیز لەبیری هێنانی عەرەبی ناوچەکانی دیکەی میسۆپۆتامیادا بووە، بۆ ئەم ناوچە گرنگەی کەرکووك. بۆیە هەر لە دەقە ئینگلیزیەکەی ڕاپۆرتەکەدا بۆ وشەی **Farmaers**، لەباتی وشەی جووتیاران، وشەی (فەلاحین)ی بەکارهێناوە پاشان وشەی کوردی بەکار هێناوە، لەکاتێکدا دەبوو بیر لەو هەوڵە بکەنەوە کە ڕەوەندەکانی ئیسماعیل عوزێری هان بدەن بۆ نیشتەجێبوون لەو ناوچانەدا، چونکە حەویجە لەڕاستیدا ناوچەی لەوەڕگەی سەرەکیی مەروماڵاتی ئیسماعیل عوزێریەکان بووە. دەبێ ئەوش لەبیر نەچێ کە بەڕێوەبەرێتی ئاوو ئاودێری لە ساڵی ١٩١٩ەوە بە سەرپەرشتی "کۆلۆنیل ئەتکنسون" لە بەغداوە بەڕێوە چووە. ئەم بەڕێوەبەرێتیەش تا کۆتایی ساڵی ١٩١٩ لەژێر دەسەڵاتی ئیدارەی عەسکەری بریتانیدا بووە. ئەرکە سەرەکیەکانی بەڕێوەبەرێتیەکە، چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەو کێشەکانی لافاو، چاککردنەوەی جۆگەو ئاوەڕۆکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی دابەشکردنیان بووە. (بڕوانە: ل١٠٨ی Iraq 1950–1990ی لۆنگریك).

٨.٠٠٠ رووپێی لە بەهاردا بۆ خەرج کراوە. هەر لەئێستاوە بیر لەوە کراوەتەوە کە خەرجی گەورە تەرخان بکرێ، بۆ ئەوەی دەروازەی پێنج جۆگەی هەرە گەورە، چاك و فراوان بکرێتەوە. ئەم کارانە ساڵی داهاتوو دەست پێدەکەن[٤٢].

بنكەی ژین
www.zheen.org

[٤٢] لە ڕاپۆرتە ساڵانەکەی ١٩٢٠ی "مسز بێل"دا هاتووە، کە دەسەڵاتی بریتانی لەو ساڵەدا بۆ کاروباری ئاودێری و چاککردنەوە، نزیکەی ٥٢ لەك رووپێی خەرج کردووە.

(٦)

# کەش‌وهەوا

بارانێکی زۆر باش لە کانوونی دووەمەوە، تا سەرەتای مانگی ئازار لە سەرتاسەری دەڤەرەکەدا باریوە.

ناوەڕاست و تا کۆتایی ئازار بێباران بوو، ئەمەش بووە هۆی ڕزین و لەناوچوونی کوڵێ بەرهەمی کشتوکاڵی. بەهار و سەرەتای هاوین لە هەموو دەڤەرەکەدا، کەش‌وهەوایەکی خۆش هەبوو، لەگەڵ سەوزاییەکی فراوانی بێکۆتایی و گوڵ و گوڵزارێکی ڕەنگاوڕەنگی هەمەجۆردا. مانگی مایس هەورەتریشقە، زریان و تەرزەبارین ڕوویان دەدا.

هاوین، هاوینێکی ئاسایی بوو، بێگومان گەرماکەی لە هی عیراق کەمتر بوو، پێداویستی ئاسایی و هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی بەرهەمی هاوینە، واتە کەش‌وهەوای بەرهەمی کشتوکاڵی هاوینە هەبوون و لەئارادا بوون. لە کفری، مانگە گەرمەکان زۆر گەرم، تاقەت پڕووکێن بوون" لە کەرکووک، بە شەوان شنەبایەکی سارد یا فێنك هەبوو. دەشێ هەردوو ناوچەکە، بە ناوچەی مەلاریا ناوببرێ[٤٣].

زستانی ١٩١٨-١٩١٩ بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، زۆر سارد نەبوو، بۆیە لەئێستاوە پێدەچێ ساڵی ١٩١٩-١٩٢٠ زستانێکی زۆر تووش نەبێ. ڕێژەی

[٤٣] بەپێی سەرچاوە بریتانیەکان، بەگشتی شوباتی ساڵی ١٩١٩ تەنگوچەڵەمەی هەرە گەورە کە تووشی سەرتاپای میسۆپۆتامیا بووە، مەسەلەی بەرزیی ئاستی مەترسی نەخۆشی مەلاریا بووە. بۆیە دەبینین دەسەڵاتداریێتی بریتانیا لە ساڵی دارایی ١٩١٩-١٩٢٠دا–واتە لە ١٩١٩/٤/١ەوە تا ١٩٢٠/٣/٣١– سەرجەمی خەرجیەکانی بۆ کاروباری تەندروستی 28,750,600 ڕووپیێ بووە (ل١١٣ و١١٩ی Review Of The Civil Administration in Mesopotamia).

گشتیی بارانبارین ساڵی ١٩١٩، لە کەرکووک ١٢.٥٤ پلە و لە کفریش ١٢.٥٤ پلە بوو. با بە ئاسایی لە باشوور و لە ڕۆژهەڵاتەوەیە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٧)

# داهات

## داهاتی زەوی:

**ئ) تا سەرەتای ساڵی ١٩١٩ کۆکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی "هاوینە" هەر بەردەوام بوو. لە ناوچەی کەرکووك، برنج، گەنمەشامی "شامداری"، هەرزن "کزن" دروێنە کراون، لەو عەمبارانەدا هەڵگیراون کە لە کەرکووك، مەڵحە، ئاڵتوون کۆپری، تاووق و، پاشان لە شوان دروست کراون. دانەوێڵەکان بە شێوەیەك دروێنەکراون، کە بەشێکی دراوە بە سوپا، بەشێکی بە هاووڵاتیان فرۆشراون و، بەشەکەی تریشی بۆ ئاڵفی ئەسپی جەندرمەکان بەکارهێنراون[٤٤].**

**شایانی باسە، ئەوەی ماوەتەوە لە بەرهەمی هاوینە، بە مۆڵی (کاش) باجەکەی وەرگیراوە. دواکەوتنی ئێمە بۆ چوونە ناو شوێنەکانی دەڤەرەکە و ناڕێکی بەڕێوەبەرێتیمان، بوونە هۆی بەپەلە خەملاندن و بەفیڕۆدان و بەزایەچوونی کارێکی زۆری بێبەرهەم لە بەش"شوعبە"ەکاندا. هەرچۆنێك بێ، بەرهەمی**

www.zheen.org

[٤٤] داهاتی زەوی، مەبەست داهاتی کشتوکاڵییە، ساڵی ١٩١٩و١٩٢٠ بۆ دەسەڵاتدارێتی عەسکەری بریتانی دوو شێوە داهات بوو:

– داهاتی دروێنەکردن و فرۆشتن یا بەکارهێنانی هەموو ئەو کێڵگە و باخ و بێستانانەی کە لەلایەن عوسمانیەکان و لایەنگرانی دەوڵەتی عوسمانییەوە بەجێهێڵرابوو. ئەوانە یەکڕاست لەلایەن لەشکرەوە دروێنە کران و بەرهەمیان کۆکرایەوە، یاخود بێدروێنە فرۆشران.

– دووەم داهاتی کشتوکاڵ، ئەو باجانە بوون کە لە جووتیارەکان یا خاوەند موڵکە کشتوکاڵیەکان وەردەگیران. دەبێ ئەوش بگوترێ کە، دەوڵەتی عوسمانی لە هەموو تەمەنی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا، باجی بۆ مسوگەرکردنی خەرجی لەشکرەکانی، هەمیشە بە زۆرەملێ یا بە خواهش بووبێ، لە جووتیار و خاوەند موڵکە کشتوکاڵیەکان وەرگرتووە. هەر ساڵێ بەرهەمی کشتوکاڵی کەم بووبێ، باجی حکوومەت کەم بۆتەوە، بۆیە بەو ڕێژە و ئەندازەیە ژمارەی لەشکری عوسمانی کەم یا زۆر کراو (بڕوانە: ل١٣٥ تا ١٤٠ی تأریخ مقدرات العراق السیاسیة).

هاوینەی ساڵی ١٩١٨ بۆ ئێمە بێئەندازە زەرەر و بەفیڕۆدان بووە و بەس، هەروەها هەندێ بەرهەمی کشتوکاڵ وەك پێویست نەهاتنە دروێنەکردن.

بەپێی بڕیارەکان، زۆربەی داهاتی زستانی ١٩١٩ دەبوو بە مۆڵی وەرگیرێ. داهاتی مانگی ئایار و نیسان مەزەندە کراوە. لەو کارانەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێن، ڕاپۆرتێکی تەواوی ئەم بابەتەیە، کە دەبێ ڕەوانەی لای سکرتێر "وەزیر"ی داهات و باج بکرێ. ڕێژەی تەحویلکردنی باج بەم شێوەیە دەستنیشان کراوە، بۆ گەنم ٣٠٠ ڕووپێ، بۆ جۆ ٢٠٠ ڕووپێ و، دانەوێڵەکانی تری زستانە نزیك بە هەمان ڕێژە و، بەڵام هەندێ کەمتر لە نرخی فرۆشتنی ناو بازاڕ.

مەسەلەی باجی Kochans*، کە کەمێك دواخرا، بەهۆی دواخستنی دانانی نرخی تەحویلکردن، لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا تەواوکرا. پێش ئەمە، پێداویستەکانی کاروباری عەسکەری بوو بەهۆی ئەوەی کە بە باش بزانرێ باجی بەرهەمی جۆ، بۆ بەکارهێنانی عەسکەری، هەر بە کاڵا وەربگیرێ. هەروەها دەبێ بڵێین، لە ناوچەی کەرکووك، لە کۆی ٧ بەش"شوعبە"، دوو بەش و نیو گەماڕۆی خرایە سەر. بەڵام ئەم جۆرە دەستکارییە لە ناوچەی کفری نەکرا. چەندین عەمبار لە ئاڵتوون کۆپری و کەرکووك دامەزرێنران" لە ئاڵتوون کۆپری ٣٣ تەن کۆکرایەوەو، لەلایەن عەسکەرەوە دەستی بەسەردا گیرا؛ لە کەرکووك ٢١٥ تەن کۆکرایەوە.

ئەو پارانەی کە کۆکراونەتەوە، لەم خشتەیەدا دەردەکەون:—

**تێبینی:**

ئەو باجانە ناگرێتەوە کە بە کاڵا وەرگیراون

هەموو ئەو باجانە دەگرێتەوە کە بە مۆڵی و بە کاڵا وەرگیراون

* قۆچان: بەپێی فەرهەنگی "هەنبارینە بۆرینە"، باجێکە ساڵانە لە ڕەعییەت وەردەگیرێ و، بەپێی فەرهەنگی "خاڵ"، پسووڵەیەکە لەدەوڵەتەوە بدرێ بە یەکێك بەرامبەر بە باجێك. (بنکەی ژین)

| ناوچه | کەرکووك | کفری | دەڤەرەکە |
|---|---|---|---|
| جۆری دانەوێڵە | گەنم، جۆو دانەوێڵەی تر | گەنم، جۆو دانەوێڵەی تر | گەنم، جۆو دانەوێڵەی تر |
| داواکراو: ڕووپیێ | ١,٢٧,٨٣١١٣ | ١,٤٩,٧٠٠* | ٢,٧٧,٥٣١١٣ |
| وەرگیراو تا ١٩١٩/١٢/٣١: ڕووپیێ | ١,٢٣,٧١٠٦٠ | ١,٤٨,٧٢٩٦٠ | ٢,٧٢,٤٣٩١٢ |
| پارەی دواخراو: ڕووپیێ | ٣,٦٤٧١٢ | ٩٧٠١٠ | ٤,٦١٨٩٠ |
| پارەی ماوە کە ١٩٢٠/١/١ دەدرێ | ٤٧٣٨٠ | - | ٤٧٣٨٠ |
| بودجە: ڕووپیێ | ١,٥٠,٠٠٠ | ٦٠,٧٠٠ | ٢,١٠,٧٠٠ |

دەکرێ نرخی گشتی ئەو باجانەی کە بە شێوەی کاڵا لە بەرهەمی زستانە وەرگیراون، بە بڕی ٥٠.٢٠٠٠٠ ڕووپیێ مەزەندە بکرێ. بە مۆڵی بڕی ٢٢٧.٥٣١١٣ڕووپیێ کۆکراوەتەوە، واتە بەگشتی ٣٢٦.٧٣١١٣ ڕووپیێ بەبێ کێشە کۆکراوەتەوە.

بەرهەمی هاوینە دڵخۆشکەر نەبوو، باخەوانە کەساسەکان هەموو ئەوەیان باس کردووە کە بەرهەمی ئەمساڵیان هیچ خێرێکی تێدا نەبوە. بۆ داهاتی باج پەنا بردرایە بەر مەزەندە و قەبڵاندن، لەناو "جبوور"دا بۆ هەر کێڵگەیەك بڕی ٤٠ ڕووپیێ قەبڵێنراوە. لە شوێنە تێکەڵەکانی تورکدا هەر ٩ کەویج هەرزن، چوار مەجیدیو نیوی بۆ قەبڵێنراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەراوەکان بە سێ شێوە قەبڵێنراون، بە مەزەندە، بە حیبسابی خاکەناز– هەر خاکەناز و بڕێ پارە، کە ٥ یا ٦ ڕووپیێیە بۆ هەر خاکەنازێك کە لەسەر جێوە یا لە بێستانێکدا بەکاردێ" یاخود بە شێوەی ژمارەی ئەو چاڵانەی کە لەناو زیخەڵان و چەوڵگەکاندا هەڵکەندراون و سەوزییان تێدا ڕوواوە، بەگشتی ٥ ڕووپیێ بۆ هەر ١٠٠ دانە چاڵ دانراوە.

سەبارەت بەم بابەتە، ئەو سیاسەتە بەکارهێنرا کە خەڵکەکە لەوەوپێش پێی ڕاهاتبوو، هەر ئەوەندە گۆڕا کە بەدڵی پیاوماقووڵان نەبوو، چونکە ئەو بڕە پارانە کە بە شێوەیەك داشکێنراون و بە کەمییەك قەبڵێنراون، لەچاو ئەوەدا کە ئەفەندییە تورکەکان وەریان دەگرت، زۆر کەمن. لەوە دەچێ قەبڵاندنەکانی ئێمە بە

گرنگ وەرگیرابن، بەڵام کارمەندانی باج وەرگرتن و قۆڵچییەکان هەندێ دەستکارییان کردوون. لە ناوچەی کەرکووك، تەنیا یەك مەزەندەلێدەر و تەخمینکاری دەرەکی خەریکی کار بوو، لە کفری دوو کەس دژ بەو پارە تەخمینکراوانە بوون، بە ئارەزووی خۆیان تەخمینی باجیان کردووە. پێویستی بەوە کردووە بۆ پشکنین کۆمیتەی دووەم ڕەوانە بکرێ بۆ ئەو شوێنانە. ئەم حاڵەتە بەتایبەت لە شوعبەی ئاڵتوون کۆپری ڕووی دا، لە ئەنجامدا کارمەندی تەخمینکردنەکە خانەنشین کرا. لە (قەرەتەپە) لە وەرگرتنی باجدا، هەڵسوکەوتی ناڕێك ڕوویدابوو. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لێپرسراوی کارەکە دەربکرێ.

خشتەی داهاتوو، باری ئێستای داهات و باجی هاوینە پیشان دەدات:-

**تێبینی:**

| ناوچە | کەرکووك | کفری | دەڤەرەکە بە گشتی |
|---|---|---|---|
| جۆری داهات | برنج و دانەوێڵەی تر | برنج و دانەوێڵەی تر | برنج و دانەوێڵەی تر |
| داواکراو تا ١٩١٩/١٢/٣١ | ٣٢,٧٤٢٠٥ | ٢٥,٤٤٢٠٧ | ٥٨,١٨٤١٢ |
| وەرگیراو تا ١٩١٩/١٢/٣١ | ١٢,٧٥٨١٥ | ٢٥,٤٤٢٧٠ | ٣٨,١٠١٠٦ |
| دواخراو: ڕووپێ | ٧١٢٠٨ | _ | ٧١٢٠٨ |
| باجی ماوە تا ١٩٢٠/١/١ | ١٩,٣٧٠١٤ | - | ١٩,٣٧٠١٤ |
| بودجە: ڕووپێ | ٢٠,٠٠٠ | ٩٤,٥٨٠ | ١,١٤,٥٨٠ |

www.zheen.org

تێبینی و بۆچوونە گشتیەکان، سەبارەت بە بەرهەمی کشتوکاڵی زستانە ١٩٢٠، لەژێر ناونیشانی "کشتوکاڵ"دا دەرکەوتوون.

## باجی مەڕومالات (کۆدە)

ب) ئەمەی خوارەوە بابەتی ڕاپۆرتێکی جیاوازی مانگی ئابە. ئەو ژمارانەی کە لەم خشتەیەدان، لەوانەیە دووبارەبوونەوە بن:

**تێبینیەکان:**

**هەندێ لەم باجە هی ساڵی ١٩١٨-١٩١٩یە:**

| ناوچە | کەرکووك | کفری | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| باجە داواکراوەکان | ٦٧,٦٨٨٠٠ | ٥٤,٦٢٨٠٠ | ١,٣١,٣١٦٠٠ |
| باجی دواخراو ڕووپیێ | ٢,١٠٢٠٨ | – | ٢,١٠٢٠٨ |
| باجی وەرگیراو تا ١٩١٩/١٢/٣١ | ٧٤,٤٤٣١٣ | ٥٤,٦٢٨٠٠ | ١,٢٩,٠٧١١٣ |
| باجی ماوە لە ١٩٢٠/١/١٣دا | ١٥,١١١ | – | ١٥,١١١ |
| بودجە: ڕووپیێ | ١٠٠,٥٠٠ | ٥٣,٠٠٠ | ١,٥٣,٥٠٠ |

**ئەم بڕە کەمەی باجی مەڕومالاّت، بەهۆی هاتوچۆی عەشایری عەرەبەوە بوو، کە بەزۆری وشتر و مەڕەکانیان لە پەرداختکردنی باج دەرباز کردووە. سکرتێری دارایی ئەوەی بۆ ساڵی ١٩٢٠ پێشنیار کردووە کە دەبێ بڕی پارەی باجی مەڕومالاّت بۆ هەر عەشیرەتێك وەك "ئیلتیزام" دەستنیشان بکرێ، ئەگەر لیوا ئەو باجە لە "مولتەزیم"ی عەشیرەتەکە وەربگرێ[٤٥]. بەگوێرەی عەشیرەتە کوردەکان،**

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٤٥) لە کۆمەڵگەیەکی فیوٚدالیی وەك ئەو ساڵانەی کوردستاندا کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە بە دەستی فیوٚدالەکانەوە بوو، ئەوانیش بە هاوکاری لەگەڵ مەلاو شێخەکاندا کەوتبوونە ڕووتاندوەوی جووتیارەکان. قاسملو لە ل١٤٨و١٤٩ی کتێبی "الکرد وکردستان"دا دەڵێ: جووتیار فەرز کرابوە سەری کە دەبێ مەڕانە، فڕووجانە، هێلکانە، تەپاڵانە، ڕۆنانە، گویسانە، مێوانانە، جێژنانە، سەرخۆشانە، سوورانە، بێکارانە بداتە فیئوٚدال و داروودەستەکانی. هەروەها سەرفیترەو زەکات و مجێورانە و نانی فەقێش، بە شێخ و مەلاو سوختە بدات. سەرباری ئەوانەش هەر حکوومەتێ ئەگەر دەستی نەگەیشتایە بە گوند و لادێیەکان، ئیتر بە هەر هۆیەك بووبێ، کاری وەرگرتنی باجەکانیان بە ناوی "ئیلتیزام" و شتی ترەوە وەك کۆنتراکت دەسپارد بە ئاغا و دەرەبەگ و شێخەکان، ئەوانیش خۆیان و ویژدانیان. بەداخەوە تاقیکردنەوە تاڵەکان هەمیشە ئەویان سەلماندووە کە بەدەگمەن دەسەڵات و ویژدان توانیویانە پێکەوە هەڵکەن و هاوتەریب بن. ئینگلیزیش کە بەم شێوازە کۆکردنەوەی باجی مەڕومالاّتیان کردە ئەستۆی ئاغاکان، وەك مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ: ژیانی خەڵکەکە تاڵتر و پڕ کەساسیتر بوو. بۆ نموونە، یەکێکی وەك مراد بەگی موبارەك ئاغای عەشیرەتی "گێژ"، کە کرا

ڕێگەچارەیەك بدۆزێتەوە کە شێخە ڕەسمیەکان Official Shaikhs هان بدرێن بۆ بایەخدان بەم مەسەلەیە، بۆ ئەوەی وەك بودجەی حیساباتی ١٩١٩ ڕێك بێ"[٤٦].

## وردە داهات [٤٧]

پ) حکوومەت بۆ ئەو بەرهەمانەی کە داهاتیان کەم و وەرگیرانی باجیان گران و زەحمەت بووە، داوای دەیەکی کردووە. بۆیە ئەم باجە بۆ ماوەی دوانزە مانگ بە ئیلتیزام جێبەجێ کراوە. لەڕاستیدا ناڕێکی و نامۆیی کاری تورکەکان لەم مەسەلەیەدا، کە هەمیشە هۆیە ڕاستەقینەکانی شاردراوە بوون، هەرگیز هاوشێوازی سیستەم و لەیەکچوونی چەندایەتی باج لە ناوچەکاندا نەبوە. ئەگەر مرۆڤ، بڕوانێتە نەخشەی ئەو ناوچانەی دەیەکیان بۆ دانراوە، ئەو حاڵەتانەی بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێ.

ئێستا لە کەرکووك باجی ئەم شتانەی خوارەوە بە ئیلتیزام وەردەگیرێن: تفر، بارەدار، داری سووتاندن، تۆزی جلوبەرگ سپیکردن، گەچ، بەڕوو و دوو جۆر لە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بە مولتەزیم، ئیتر بە خۆی و کۆمەڵێ لیڤی چەکدارەوە، هەر سەعاتە و دەیدایە سەر گوندێك (بڕوانە: كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية).

[٤٦] بەپێی بڵاوکراوەی ژمارە ٦٢ی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کە لە لەندەن، سەبارەت بە کێشەی ئەرمینیاو کوردستان ساڵی ١٩٢٠ بڵاوکراوەتەوە، ساڵانە لە کوردستانەوە (مەبەست گشت کوردستانە-وەرگێڕ) زیاتر لە ٣ ملێون سەر مەڕو بزن بەرەو ئەستەنبووڵ و حەڵەب و بەغداد و تفلیس ڕەوانە کراوە.

[٤٧] ئەم دەڤەرە -دەڤەری کەرکووك- مێژوویەکی دێرینەی بەرهەمی کانزایی-نەوت و بەردە خەڵووزی هەیە. ئەوەتا لە ل١٠ی (المرشد الى الوطن والحضارة)دا، سەبارەت بە کەرکووك گوتراوە: "ئەسکەندەر" مەبەستی ئەسکەندەری مەکدۆنی‌یە، لەپاش شەری ئەربێلا، کە هاتە خوارەوە بە شوێنێکدا ڕەتبوو کە نەوتی لێ دەسووتا. وایان لێك داوەتەوە کە ئەوە شوێنی خواژنە "ئەناهیتا"ی ئێرانییە (بڕوانە: طه باقر وفؤاد سفر، المرشد الى موطن الاثار والحضارة، الرحلة الخامسة).

**گولْ و گیای خوم دروستکردن[٤٨]. له ئالْتوون کوپری، بارەدار، پێستەی دروستکردنی کەلْەك. له تاووق دار، له کفری گوێزی عەرەب و توزی جلوبەرگ سپیکردن. زۆربەی ئەم شتانه کەمن، بەلاّم بەگشتی ئەو سەرئێشەیه دەهێنن، و خەلْکەکەش ڕاهاتوون و پێی قەلْس و تووڕه نین. لەکاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتەدا ناوەندی ئەم مەتریالانه، هەموو بۆ باجی سالْی ١٩٢٠–١٩٢١ ڕاگەیەنراون.**

**لەمانه زیاتر، چالْه نەوتەکانی دەڤەرەکە، باجیان لێ دەکەوێتەوە. ئەو چالاّنه که له دووری ٤ میلی باکووری ڕۆژئاوای کەرکووکن، بەپێی کۆنه بەلْگەی نووسراوی عوسمانی، دراوه به بنەمالْەی نەوتچی و، حکوومەت خۆشحالْه بەوەی که باجی دەیەکی له نەوت دەرهێنراو یەکڕاست وەردەگرێ. ئەم باجه له ١٩١٩دا بڕی 373,360 ڕووپێ بووه[٤٩]. پێش ئەوەی هەر گۆڕانکاری و هەر ڕێکخستنێك دابنرێ**

---

[٤٨] له کفری گوند هەبوه بەناوی گوندی (ناسالْح)ـەوه که خەلْکەکه قیریان لێ دەرهێناوه (هەمان سەرچاوی پێشوو، ل٣٨). هەروەها سەبارەت به کانەکانی دەوروبەری کفری، مامۆستا کەمال مەزهەر له دوو سەرچاوەی خۆیدا، ئەم زانیاریانەمان پێشکەش دەکات: له ل٢٨ی کتێبی (الطبقة العاملة العراقية)دا، له سەرچاوەی "لغة العرب"ی ئاداری ١٩١٢ەوه دەلْێ: پێش شەڕی یەکەمی جیهانی، دەولْەت [مەبەستی دەولْەتی عوسمانییه–وەرگێڕ] و خەلْکەکه له هەندێ کان و کانزای ولاّتەکه وەك خەلْوزی بەرد "بەرد خەلْوز"، خوێ، قیر، بەردی مەڕمەڕ و شتی لەو بابەتە، سوودیان وەردەگرت. ئەو بەرده خەلْوزانەی سالاّنه لەنزیکی کفری دەردەهێنران به ٣٠٠ تەن دەخەملْێنران.

له سەرچاوەی کتێبی (چەند لاپەڕەیەك له مێژووی گەلی کورد)یشەوه، بەڕێز دکتۆر کەمال، ئەم زانیاریانەی ل٦١ی جزمی دووەمی کتێبی (العراق قديماً وحديثاً)ی "عبدالرزاق الحسني"مان پێشکەش دەکات و دەلْێ: "هەر ئەو سەردەمه ژمارەیەك کورد ببوونه کرێکاری کانه خەلْووزەکانی نزیکی کفری، که بەرهەمی سالاّنەیان بەر له شەڕی یەکەم و کاتی ئەو شەڕەش، هەزار تەن بووه. "هەلْبەته هەردوو سەرچاوه ئەسلْیەکان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوه، که لەکوێ ئەو دوو ژمارەیەیان وەرگرتووه (الطبقة العاملة العراقية–التكون وبدايات التحرك، دار الرشيد، بغداد، ١٩٨٢و، چەند لاپەڕەیەك له مێژووی گەلی کورد، ل٢٣٧).

[٤٩] ماف و داهاتی دەرهێنانی نەوت له سالْی ١٨٨٩دا بەپێی فەرمانێکی سولْتانی عوسمانی له وەزارەتی داراییەوه کراونەتەوه ماف و مولْکی خەزێنەی تایبەتی سولْتان. پاشان له پاداشتی خزمەتێکدا، سولْتان مافی دەرهێنانی نەوتی ناوچەی (باوەگوڕگوڕ)ی بەخشیوه به "صالْح

بۆ کۆکردنەوەی باجی ئەم بابەتە، لەوە دەچێ هەندێ زانیاری ناوچەیی و تاقیکردنەوەی پێوست هەبووبێ.

چاڵەکانی "گل" لە ناوچەکانی عەشایری ژێر دەسەڵاتی شێخ حەمیدن، هەتا مانگی ئازار بۆ خۆی بەجێهێڵران، تا بەپێی ئارەزووی خۆی کاریان تێدا بکات و لە بەشی پێداویستیەکانی لەشکر بەرهەمی ئەو چاڵانە بدات. بە بەراوردکردن لەگەڵ باجی چاڵەکانی ناوچەکانی تردا و بۆ ئەوەی لە ئاکامدا لەدەست نەچێ، مانگی ئازار تەگبیرو ڕێکخستنێك کران. بەو پێیە دەبێ ئەو بەردەوام بێ لە بەکارهێنانی چاڵە نەوتەکانیدا و، هەر مانگێکیش بڕی ٥٠٠ ڕووپێ بداتە حکوومەت. هەرچەندە مەرجەکانمان ئاسان بوون، بەڵام تایبەتمەندی ناوچەکە و هەندێ کێشەی عەمەلی و پێویستیەکانی کارەکە، ئەم ڕێکخستن و تەگبیرەیان بە کارێکی زۆر شیاو و بەجێ دانا. لەوانەشە ئەم تەگبیر و پلانە تازە بکرێتەوە.

ساڵی ١٩١٩ ئەم چاڵانە نزیکەی ٣٠٠٠ ڕووپێ داهاتیان هەبوو، بەڵام ئەو چاڵانەی بە حەوت میل لە خوارووی (دووز)ەوەن، یەکڕاست لەلایەن فەرمانبەرانی یارمەتیدەری حاکمی سیاسی کفرییەوە بەڕێوەچوون. لە ساڵەکەدا بەرەوپێشەوەچوون و گەشەسەندن بە ئاشکرا لەم بوارەدا هەبوە. ئێستا ١٣ پیاو و ١٩ کەرو بارمان لەوێ کار دەکەن و، نەوتەکەشی بە بەردەوامی پارەیەکی باش دەهێنێ، کە لەوانەیە گەیشتنی هێڵی شەمەندەفەر کاریگەریی هەبێ بۆ نرخەکەی سەرجەمی قازانجی ئەمساڵ لەم کەرەستەیە، ٤٣.٩٨٧ ڕووپێیە. گۆڕینی لێپرسراوی کار لە مانگی کانوونی یەکەمدا، دەشێ هەندێ گرنگیی زیاتر بخاتە سەر بەرژەوەندیەکانمان. لەم بوارەدا ئەوە ئاشکرا بووە کە کاری

---

پاشا"، کە پاشان بووە بە نائیبی کەرکووك لە پەرلەمانی عوسمانیدا. شایانی باسە، صاڵح پاشا باوکی نازم بەگی نەوتچییە، کە ئەویش ساڵی ١٩١٤ کرایە ئەندامی مەجلیسی مەبعووثانی عوسمانی (Iraq 1900 -1950 Apolitical, Social and Economic History, p 27.).

سەرپەرشتیی یەکڕاست، بەرهەمی زیاتر دەبێ. باجی وەرگیراوی نەوت لە ساڵەکەدا بەگشتی ٤١٧.١٩٦٠ رووپێیە.

## داهاتی قەرزەکانی دەوڵەتی عوسمانی

ت) ئەم باجانە لەناو کفری لەلایەن کارمەندانی باجەوە کۆکراونەتەوە. لە کەرکووک، لە هەمان کۆنە شوێنی دائیرەی باجی عوسمانی، بە هەمان فەرمانبەرانی کۆنەوە بەڕێوبەرێتی جیاواز دانرا. فەرمانبەرانی باج وەرگرتن کارەکانی خۆیان لە بەڕێوەبەرێتییەکی دوورەدەستی لاچەپدا جێبەجێ دەکەن. باجی عەرەق و مەشرووب لە قەرەتەپە و کفری بە مەزەندە وەرگیراوە، لە (توون) هەر بە ڕێژەی ساڵی ١٩١٧ وەرگیراوە و هەروەك خۆی ماوەتەوە.

لە کەرکووك باجەکان ڕاستەوخۆ و یەکسەر، لە کەسانی قەرزار وەرگیراوەکان، بێگومان ئەم شێوازی "ئیلتیزام"ـە داهاتی باج زیاتر ناکات. باجە وەرگیراوەکان، لە خوارەوە بە شێوازی خشتەیەك نیشان دراون. داهاتی مۆڵەتی ماسیگری و ڕاوکردن و تووتن فرۆشتن، ڕاستەوخۆ دەرکراوە و وەرگیراوە، بەڵام کۆی باجەکانیان زۆر کەمە[٥٠]. سیستمی باجی پوولی پۆست، لە یەکەم ڕۆژی کانوونی یەکەمەوە خرایە کار. تەنیا لە مانگێکدا لە کەرکووك ٤٣٢.١٠ رووپێ و لە کفری ١٥٠ رووپێ داهاتی ئەم باجە بووە. کۆی داهاتەکە ٥٨٢.١٠ رووپێ بووە.

خۆی لە دەڤەرەکەدا باشترین داهاتی هەبوە. حەوزی خۆی لە کفری بە ٣٧٣.٠٠ رووپێ بەکرێدراوە، لە ناوچەی حەویجە بە ٤٠٠.٠٠ رووپێ. لەم ناوچەیەی دواییدا بە زەرووری زانرا، لەبەر کاروبارو دۆخی نائاسایی گواستنەوە

---

[٥٠] زۆربەی هەرە زۆری ئەم باجانە، لەو کەرەستەو کاڵایانە وەرگیراون، کە لە وەختی دەوڵەتی عوسمانیدا، وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی، بواری فرۆشتنیان نەدراوە (وەك عەرەق و مەشرووب فرۆشتن) یا باج لەسەر ڕاوەماسی و خوێ، کە هەر لەبەر کاریگەری بیروباوەڕی ئاینی ئیسلام، بە چاك نەزانراوە باجیان لەسەر دانرابێ.

**کە ڕاستەوخۆ بەهۆی بەکارهێنانی سەربازییەوە دروست ببوو، نزیکەی ٨٠.٠٠ ڕووپیێ کەم بکرێتەوە.**

**خشتەی خوارەوە داهاتەکانی ئەم بابەتە لە ساڵی ١٩١٩دا پیشان دەدات:**

| ناوچە | کەرکووك | کفری | دەڤەرەکە |
|---|---|---|---|
| خوێ | ٢٠,١٧٠٠ | ٢٢,٧٤٥١٢ | ٤٢,٩١٥١٢ |
| عەرق | ١٥,٩٨٩,١٠ | ٤,٧٣٠,٠ | ٢٠,٣٥٩,١٠ |
| تووتن و تونباك | ٦٨,١٢ | ١٨١,٧ | (٢٥٠,٣) |
| مەشرووب | ٣٨٢,١٣ | - | ٣٨٢,١٣ |
| پوولی پۆست | ٤٣٢,١٠ | ١٥٠,٠٠ | ٥٨٢,١٠ |
| ڕاوی تر | ٢٧٥,٨ | - | ٢٧٥,٨ |
| ڕاوەماسی | ٣٢٤,٤ | ١٥٠,٠ | ٤٧٤,٤ |
| سەرجەم | ٣٧,٦٤٣٩ | ٢٧,٥٩٧٣ | ٦٥,٢٤٠١٢ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

## گومرگ

**بەڕێوەبەریتی گومرگی دەڤەرەکەدا، جگە لە کاروباری پاسگەکانی پشکنینی تووتن و هەندێ کاڵای تر، کە لە کوردستانەوە بەرەو بەغدا ڕەت دەکرێن، بایەخێکی ئەوتۆی نییە[٥١]. دائیرەی گومرگ لە ئاڵتوون کۆپری و کەرکووك و کفری هەن. یەکەمیان مامەڵە لەگەڵ قاچاخی کەڵەك و ئەو کاڵاو کەرەستانەی کە**

**[٥١] لە دوا ساڵانی حکومی دەوڵەتی عوسمانیدا، ڕێژەی باجی گومرگ ١٠٪ی نرخی کاڵای گومرگکراو بوو. ئینگلیز هەر لە یەکەم هەنگاویاندا بەرەو کوردستان، لەگەڵ داگیرکردنی (مەندەلی)دا، یەکەم ئێستگەی گومرگیان لە باجەکانی تر جیاکردەوە و، پاشان مانگی ئایاری ١٩١٨ بەڕێوەبەرێتییەکی تایبەتیان بۆ کاروباری گومرگ دامەزراند (بڕوانە: ل٤٥ی Review مسز بێل و، ل٨٣ی کتێبی 1950 –1900 Iraqی ستیڤن لۆنگریك).**

لە ناوچەی سلێمانیەوە دەهێنرێن بۆ مووسڵ، دەکات. پاشان بۆ زەمانەتی زیاتر، کۆنترۆڵکردنی ئەم دائیرەیە دراوە بە حاکمی سیاسی ئەربیل.

لە کەرکووکەوە، کاڵاو کەرەستەیەکی زۆری سلێمانی و ئێرانی بەرەو عیراق دەبرێن. کفری دائیرەی گومرکی خۆی هەیە. هەرسێ دائیرەکە، هێڵێکی ناوخۆیی لە خانەقینەوە بەرەو ئەربیل پێك دەهێنن. لە ساڵەکەدا فەرمانبەرانی گومرگ، هەروەك خۆیان ماونەتەوە. خاڵبەندیەکانی پارەی وەرگیراوی ئەم بوارە کراونەتەوە بە پاشکۆ:

(( پارەکان بە ڕووپێن ))

| کەرەستەکان | کەرکووک | ئاڵتوون کۆپری | کفری | گشتی |
|---|---|---|---|---|
| توووتن | ١٥,٦٧٦٠٠ | ٢,٩٥٥,٠٠ | ٦,٧١٨,١٥ | ٢٥,٣٤٩,١٥ |
| بنێشت | ٢٣٩,١٤ | - | - | ٢٣٩,١٤ |
| بەڕوو | ١٤,١٠ | ٢٧٦,٤٠ | - | ٢٩٠,٥٠ |
| بۆیە | ٢٤٨,٩٠ | - | - | ٢٤٨,٩٠ |
| کاغەزی سیگار | ٣٥٢,٥٠ | ١٠٤,٣٠ | - | ٤٥٦,٨٠ |
| فەرش | ٩٨٦,٠٠ | ٤٥,٩٠ | - | ١,٠٣١,٩٠ |
| قوماشی کشمیری | ٣٣,٤٠ | ٣٩,١٢٠ | - | ٧٣,٠٠ |
| پێست | ٦,٤٠ | - | - | ٦,٤٠ |
| وردەواڵەی ئاسن | ٥٧٩,٠٠ | ١١٤,٠٠ | ٨٢٦,٠٠ | ١,٥١٩,٠٠ |
| فرۆشتنی کاڵای زەوتکراو | ١٦٢,٨٠ | - | ١,٨٩٢,٤٠ | ٢,٠٥٤,١٢ |
| تونباك | ١٠١,٠٠ | - | - | ١٠١,٠٠ |
| خەنە | ٢٠٠,٦٠ | ٢٤,١٢٠ | - | ٢٢٥,٢٠ |
| چینی | ٣٧,٤٠ | ٤,٤٠ | - | ٤١,٨٠ |
| کەرەستە و کاڵای تر | - | ٤٥,٠٠ | ٢٩٧,٦٠ | ٣٣٨,٦٠ |
| بەکرێدانی عەمبار | ١٥١,٩٠ | - | - | ١٥١,٩٠ |
| سەرجەم | ١٨,٧٨٨,٠٠ | ٣,٦٠٨,١٢٠ | ٩,٧٣٠,٩٠ | ٣٢,١٢٧,٥٠ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

**پوختەی داهاتەکانی باج[٥٢]**

**ج) لەوانەیە باشتر بێ تێکڕای داهاتەکانی ساڵی ١٩١٩ لە دەڤەرەکەدا، لە خشتەیەکدا پیشان بدرێ "هەرچەندە ناتوانرێ بە شێوەیەکی کامڵ و بێکەم و کەسر، بەهاکانی ناو دەفتەری حیسابات نیشان بدرێن":**

| ناوچەکان | کەرکووك | کفری | دەڤەرەکە بەگشتی |
|---|---|---|---|
| داهاتی زەوی | ٢,٥٦,١٨٤٠ | ٢,٥٢,٩٢٦٠ | ٥,٠٩,١١٠ |
| مەروماڵات | ٧٤,٤٣٣,١٣ | ٥٤,٦٢٨,٠ | ١,٢٩,٠٦١١٣ |
| داهاتی بچووك و شتی تر | ٣١,٦٠٩,٨ | ٨١,٣٥٢,١١ | ١,١٢,٩٦٢٦ |
| قەرزی گشتی | ٣٧,٦٤٣,٩ | ٢٧,٥٩٧،٣ | ٦٥,٢٤٠,١٢ |

---

(٥٢) یەکێ لە خەسڵەتە هەرە زەقەکانی داگیرکردن، کە هەر خۆشی مەبەست و ئامانجی داگیرکردن، ڕووتاندنەوەی وڵاتەکە و خەڵکەکەیەتی. بۆیە مایەی سەرسوڕمان نەبوە کە دەوڵەتی عوسمانی داگیرکەر و پاش ئەویش ئینگلیزی داگیرکەر، خەڵکە ڕەش‌وڕووتەکەی کوردستانیان بە ئارەزووی خۆیان ڕووتاندبێتەوە. ئەوەتا لۆنگریك لە ل٨٥ی کتێبی Iraq 1900–1950 دا سەبارەت بە باج و مووچە لە کاتی عوسمانیدا دەڵێ: "ساڵی ١٩١٥-١٩١٦" کاتێ عوسمانی زانی بەرەو دۆڕان وشکان دەچێ، دەسەڵاتدارانی مووچە و مەعاشەکان. بەنکەنۆتی بێ‌نرخ و بەهایان (لیرە) بەناوی مەعاشەوە دەدا بە مووچەخۆران. بەڵام لەکاتی وەرگرتنی مووچە و باجدا تەنیا لیرەی ڕەشادی "لیرەی ئاڵتوون"یان قبووڵ کرد.

بەڵام وەنەبێ دەسەڵاتی داگیرکەری ئینگلیز، خۆیان لە تورکی عوسمانی باشتر بووبن. ئەوەتا لەپاش گەیشتنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵی ١٩١٩-١٩٢٠ی میسۆپۆتامیا بە لەندەن و ئاشکراکردنی ئەو ڕاپۆرتە، سەرچاوەیەکی وەك ڕۆژنامەی "Daily Mail"ی ژمارە ١ی ڕۆژی ١٩٢٠/٧/١٢ بەم شێوەیە باس لەو ڕاپۆرتەدا دەکات: "بەپێی ڕاپۆرتی دارایی ١٩١٩-١٩٢٠ ئەو باجەی لە عیراقدا کۆکراوەتەوە، پێنج ملیۆن و ٥٠٠ هەزار پاوەند بووە. واتە هەر کەسەی—هەر کەسێکی سێ ویلایەتەکە– دوو پاوەندی داوە. شایانی باسە، لە بریتانیای گەورەدا، کە ڕۆژی لە ڕۆژان یەکجار دەوڵەمەند بوو، کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی هەر کەسێکی بریتانی تەنیا ٣،٥ پاوەند، باجی دەدا.

هەروەها وەك دەسەڵاتی ئیستیعماری داگیرکەر، یەکێ لەو بابەتانەی کە زۆر گرنگییان پێدرا، دامەزراندنی سیستەمی مەرکەزی بوو بۆ کاروباری دارایی و چۆنێتی کۆنترۆڵکردنی داهات. بۆ ئەمەش لە سکرتاریەتی حاکمی مەدەنی گشتی، دوو سکرتاریەتی تایبەت بۆ داهات و دارایی دامەزرێنران، یەکەمیان کە (سکرتاریەتی داهاتەکان) بوو بە سەرکردایەتی هۆیڵ Lieutenant. E. B. Howell سکرتاریەتی بەرپرسی داهاتی زەوی، تاپۆ، کشتوکاڵ و شارەوانی و ... بوو. دووەم، سکرتاریەتی دارایی بوو، پیشکنینی دارایی، گومرگ، بازرگانی و چاپەمەنیەکانی حکوومەت و چاپخانەکانی کارو ئەرکی تایبەت بەم سکرتاریەتە بوون (ل١٠٥ی کتێبی Iraq 1900–1950ی لۆنگریك).

www.zheen.org

| | | | |
|---|---|---|---|
| **گومرگ** | ٢٢,٣٩٦,١١ | ٩,٧٣٠,٩ | ٣٢,١٢٧,٤ |
| **جەزا و شتی تر** | ١٨,٥٩٣,٨ | ١٤,٠٤٩,٠ | ٣٢,٦٤٢,٨ |
| **سەرجەم** | ٤٤٠,٨٦١,١ | ٤٤٠,٣٨٣,١٠ | ٨,٨١,١٤٤١١ |

**ئەم بڕە پارەیە کە (١١.١٤٤.٨٨١) ڕووپێیە، داهاتی لیستی دادگاو دائیرەکانی تێدا نییە [٥٣]. ئەمە بەرهەمی یەکەم ساڵی کارکردنە، هی ساڵێکی بێبرەو و کەم داهاتە، ساڵی ١٩٢٠ داهات دەبێ لە ٣٠٪ تا ٧٠٪ زیاد بکات.**

---

[٥٣] بۆ بەراوردکردن و تێگەیشتنی چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەسەڵاتی بریتانی لە ویلایەتەکانی میسۆپۆتامیادا، پاش خوێندنەوەی خشتەی سەرجەمی داهاتەکان "باج" و داهاتی تاپۆ و داهاتی شارەوانیەکانی دەڤەری کەرکووك، سەرنجی ئەم خشتەیەی خوارەوەش بدەبن کە هی داهاتەکانی بریتانیایە لە هەمان ساڵی داراییدا، لەو دوو ویلایەتەی تری میسۆپۆتامیا–مەبەست ویلایەتی بەغداو بەسرەیە:

**داهاتەکانی** ١٩١٩-١٩٢٠

| ژمارە | سەرچاوەی داهاتەکان | ڕووپێ |
|---|---|---|
| ١ | باجی زەوی، کشتوکاڵ و مەڕوماڵات | ١٩٨،٢٧،٢٩٠ |
| ٢ | گومرگ | ٢٢٠،٢٤،٠٠٠ |
| ٣ | دادگاکان | ٥٠٠،٠٠٠ |
| ٤ | داهاتی تەندروستی و پاکوتەمیزی | ٣٥٠٠،٠٠ |
| ٥ | پەروەردە و مەعاریف | ١٨٢،٠٠ |
| ٦ | پۆست | ٣٢،٧٥٦،٥٠ |
| ٧ | تەلەفون و تەلەگراف | ٢٠،٧٤٥،٠٠ |
| ٨ | بەندیخانەکان | ٢،٨٤٢،٠٠ |
| ٩ | داهاتی چاپەمەنیی حکوومی | ٩،٤٠٨،٧٠ |
| ١٠ | داهاتی هەمەجۆر | ٧٨٠،٠٠ |
| | سەرجەم | ٤٩٥،٣٦٥،١٠ |

لەم سەرچاوەیە:

**[Review of thecivil  Administration of Mesopotamia, p118.]**

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٨)

# تـــاپـــۆ

**هەر لە سەرەتای ساڵەوە چاوەڕوانی و ئارەزوومەندی ساڵێکی باشتر و لەبارتر، ئومێدی بەرزبوونەوەی ئاستی خزمەتگوزاری لە کەرکووك، فاکتەری هاندەری جێبەجێکردنی مامەڵەی گواستنەوە و تۆمارکردن ژمارەیەکی زۆری موڵك و خانوو بوو. بەڵام بەداخەوە تائێستا ئیدارەکانی تاپۆ، بەشێوەیەکی گشتیو لە ئاستی بەرزدا، بەرتیل وەرگرتن، دەستپیسی و داخستنی چارەسەرکردنی کێشەی موڵکایەتیەکانیان تێدا ماوە(٥٤). ئەم دائیرەیە، دەستڕۆییەکی مەزنی لە ناوچەکەدا هەیە، لەبەر ئەوەی دانپێدانانی حکوومەت، لە گواستنەوە و تۆمارکردنی موڵکدا و پشتگیری حکوومەت لەو موعامەلانە، کارێکی زۆر پێویستو گرنگە لەلای خەڵکەکە.**

**بۆ ئەوەی خەڵك چەواشە بکرێ، تا ئەم دانپێدانان و تۆمارکردنانە بە هەند وەرنەگرن و متمانەیان پێنەکەن، ناڕاستەوخۆ هەوڵ دراوە پشت ئەستوور بکرێ بە بیرۆکەی پووچەڵ و پروپاگەندەی بێبناغەی وا کە گوایە حکوومەتی بریتانیا لە ماوەیەکی کەمدا دەڕوات و ئەم ناوە بەجێدەهێڵێ. لەکاتێکدا بەپێچەوانەی**

---

**India Office 3rd December 1920.**

(٥٤) وەك بەڵگەیەکی مێژوویی تاپۆکردنی ڕەسمی سەرەتا لەسەر دەستی "مەدحەت پاشا"ی والی بەغدا، وەك چارەسەرکردنێکی کێشەی ئەرزی کشتوکاڵ جێبەجێکرا و بەڕێوبەرێتییەکی تایبەتی بەناوی "تاپۆ دائیرەسی"یەوە بۆ دانرا (بڕوانە: ل٣٧ کتێبی 1900–1950 Iraqی لۆنگریك).

کە ئینگلیزیش هەرسێ ویلایەتەکەی داگیرکرد، یەکێ لەو مەسەلانەی کە زۆر بایەخی پێدرا، مەسەلەی دامەزراندنی سیستەمی تۆمارکردنی موڵك بوو بەناوی (دائیرەی تاپۆ)وە. دائیرەکە لە بەغدا دامەزرێنراو Mr G.F. Royds مستەر ڕۆیدز بەڕێوەبەری بوو. هەر لە بەغداشەوە هەوڵی بەڕێوەبردنی کێشەی موڵکایەتی لە شارەکانی تر و ویلایەتی مووسڵ دەدرا□ (بڕوانە: هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل١٠٨).

ئەوانەوە، هەموو پەیامێکی هاندەری ئێمەو ویست و ئارەزوومان، ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو هێزانە دەمێننەوە، تا بتوانن زامنی ئاسایشی بارودۆخەکە بکەن و وەزعەکە ڕابگرن.

ئەمانە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە ئێمە لەوەوبەریش وامان بەچاك زانیوە، ڕەزامەندی و دانپێدانان بە موڵکایەتیە ڕاستەقینەکاندا پێش دامەزراندنی دائیرەی تاپۆ، ئاشکراو بەکراوەیی لەلای ئێمە بکرێن و ئیمزایان لێ بدرێ. ڕەزامەندیمان لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکدا، بێشك، بە پشتیوانی قەباڵە کراوە، ئەوانەش ڕەزامەندی و دانپێدانانی کاتین و قابیلی چاوپێداخشاندنەوەن. پرۆسەکە بەم شێوەیە جێبەجێ کراوە:

سەرەتا، قەباڵەکان مۆری موختاریان ویستووە؛ دووەم، قەباڵەکان یەکڕاست لەبەرچاوی دوولایەنی هەر کێشەیەك، لەلایەن فەرمانبەرانی ئێمەوە ئامادەکراون" سێیەم، ئەم کارانە تەنیا ئەو حاڵەتانەن کە پەیوەندییان بە موڵکەکانی ناو شارەوە هەبوە. مێژووی پێشینەی کێشەکان، تەنانەت ڕەوشت و ناوبانگی کەسەکانیش لە دانپێدانانی حکوومەتدا، سەرەتا بایەخیان پێدراوە. بەڵام وردە وردە پشکنین و ڕۆچوونە ناو ویستن و ئامادەکردنی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر، لەبەرچاو گیران[55].

www.zheen.org

---

[55] هەڵوێست وەرگرتنی کۆمەڵە خەڵکێکی شارەکانی دەڤەرەکە، بەتایبەت لە شاری کەرکووك و، بەتایبەتر ئەو هەڵوێستانەی پاش شکستی شۆڕشی ناوچەکانی سلێمانی، کفری، کەرکووك، گەرمیان و گرتنی شێخ مەحموودی مەلیك، لەلایەن هەندێ خانەوادەی کوردی ناسراوی شاری کەرکووکەوە دژ بە دەسەڵاتی بریتانی وەرگیران. پەلەکردنی دەسەڵاتدارانی بریتانی لە پرۆسەی بەڕەسمیکردنی سەرجەمی بابەتە کۆمەڵایەتی و داراییەکانی خەڵکەکە، بە مەبەستی وەرگرتنی زۆرترین باج و داهات، هەروەها بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵکەکە و دەستەمۆکردنیان، بەتایبەت پەلەکردن لە پرۆسەی جێبەجێکردنی هەر بابەتێك کە سەرچاوەیەکە بۆ داهات، وەك مەسەلەی تاپۆ و موڵکایەتی، ئەمانە بوونە هۆی بێبەشکردنی کەسانێکی زۆری کورد، لە ماڵ و موڵکی باووباپیرانیان و سوودبینینی هەندێ کلکەلەقێکەر بۆ دەسەڵاتداران لە شێوازی بەپەلەی تاپۆکردنی ماڵ و موڵك و ئەرزەکانی شارەکە. نموونەی ئەم حاڵەتە بە دەیانن و، چونکە ئاشکراکردنی نموونەکانی مەبەستی ئەم نووسینە نین، لێرەدا فەرامۆشیان دەکەین.

**باجی یەك ڕووپیێ، بۆ هەر قەباڵەیەك وەرگیراوە، تەنیا لە کەرکووك لە ساڵێکدا ئەم باجە ٣٠٩،٢ ڕووپێی بۆ داهاتمان مسوّگەر کردووە. لە سەرەتای ساڵدا، بە فڕۆکە لە ئاسمانەوە، چەندین فۆتۆگرافی کەرکووك‌و کفری گیراون، ئەوانەی کفری هێشتا ئامادە نین. ساڵی ئاینده ئامادەکردنی تاپۆی ڕاستەقینە، ڕەچاو دەکرێ.**

**لە کەرکووك، هەنگاوی یەکەم ئەوە بوو کە فەرمانبەران ڕەوانەی بەغدا بکرێن بۆ خولی ڕاهێنان، ئەمانە لە مانگی تشرینی یەکەمدا گەڕانەوە. ژمارەکردنی هەموو موڵکەکان جێبەجێکران و دەرگاگان ژمارەی تایبەتیان پێدا هەڵواسرا. کۆتایی مانگی تشرینی دووەم، فۆتۆگرافەکان بە ئەندازەی ٣٦ ئینچ بۆ هەر میلێك، گواستراونەتە سەر ئەرزو، لە ١٩١٩/١٢/٣١دا بەگشتی تەواوکراون. چاوەڕانی داهاتێکی گەورە و سوودێکی بەرفراوان لە دائیرەی تاپۆی ئێمە دەکرێ. فراوانکردنەوەی ئەم سیستمە، بەرەو شوێنە دوورەدەستەکان، زۆر کارێکی گرنگە و پێویستە لەکاتی شیاودا جێبەجێ بکرێ، چونکە کێشەکانی موڵکایەتی زۆر توند و ئاڵۆزن.**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

**پاشان ئەم ناڕەواییانە بۆ خودی دەسەڵاتی بریتانیش ئاشکرا بوون. ئەوەتا مسز بێل لە Review کەیدا دەڵێ: (کاروباری تاپۆ دەرکردن بۆ هەندێ موڵك، بەهۆی ئامادەنەبوونی خاوەندەکانیان و ونکردنی سەنەد و بەڵگەکانیان لە وەختی شەڕەکەدا، پرۆسەی تۆمارکرنی موڵکەکانی لەلای ئێمە ڕانەگرت خەڵکانی بەئاگا و ڕووناکبیر سوودیان لەو پرۆسەیە بینی و توانییان بەپەلە تاپۆی عوسمانی بەگوێرەی نەخشەکانی ئێمە تازە بکەنەوە (بڕوانە: ل١٨ی Review)**

**بەڵام ئەوان، دەسەڵاتدارانی بریتانیا، دروست بەو پرینسیپە کاریان دەکرد کە مادام دەیانەوێ لە عیراقدا بمێننەوە، بۆ بەهێزکردن و مسوّگەرکردنی مانەوەیان، لایان گرنگ نەبوو کە کورد دژایەتییان دەکات، بەڵکوو زیاتر لەوەدا بوون کە چۆن لەناو وڵاتەکەیدا، دەستە و تاقم و هێزی کۆمەڵایەتی سەر بەخۆیان دروست بکەن. بۆ ئەمەش دەبوو لە ڕابردووی ئەو دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتیانە نەکۆڵنەوە و گوێش بە فەرت‌وفێڵ و تەڵەکەبازییان نەدەن و لایەکیش لە بێبەشکردنی بەشخوراوان نەکەنەوە.**

(٩)

# وەقف (ئەوقاف)

**تۆماركردنی هەندێ وەقفی توركی-كە بە عادەت شارراوە، ناڕوون و ناڕێكن- لە سەرەتای ئەمسالْدا، دەستكاری و چارەسەر كران و، لەلایەن ئەو دەستەیەوە كە پشكنینە سەرەكیەكانی ئەمسالّی گرتۆتە ئەستۆ، پشكێنران و تەواوكران[٥٦]. ئەمانە ئێستا خەریكی پێكهێنانی دەستەیەكی [مەبەست كادیرە، وەرگێڕ] تەواوی تۆماركراوی ئەوقافن، وەك ڕەچاوكردنێكی كاریگەری فاكتەری سیاسی و دینی. فەرمانبەرانی ئەوقاف بەبێ گۆڕان، هەروەك خۆیان ماونەتەوە.**

**هەر لەبەر هۆ و فاكتەرە باسكراوەكانی سەرەوەیە، كە بەهەمان شێوە دەسەڵاتی سەرەكی ئەو ئەوقافە ناوچەییانەی تر دەستنیشان كران و ڕەزامەندییان وەرگرت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە هەر ئەندامێكی ئەوقاف بەرژەوەندییەكی شەخسیی پێبسپێردرێ، كارێكی زۆر چاك ئەنجام دراوە و، لە ماوەیەكی درێژخایەنیشدا سوودی بۆ ئەوقاف دەبێ. كارمەندانی مزگەوتەكان، مەعاشی ئەوقافیان بۆ بڕاوەتەوە. ئەمە ٣٣ كارمەندی گرتۆتەوە، كە بەسەر ٢٤ مزگەوتدا دابەش بوون و، مانگانەی هەموویان سەرجەم ٥٢٢ ڕووپێیە.**

---

[٥٦] بەڕێوەبەرێتی ئەوقاف، یەكێ لەو بەڕێوەبەرێتیانەیە كە هەر زووبەزوو دەسەڵاتدارێتی بریتانی گرنگی پێدا و لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨ەوە سەرپەرشتیكردنی بەڕێوەبەرێتیەكەی بە R.S. Cook مستەر كوك سپارد. پاش داگیركردنەوەی دووەمی كەركووك، هەوڵیان دا بە هەر شێوەیەك بێ لە كاروباری ئەوقافی دەڤەرەكە تێبگەن، بۆ ئەوەی پاشان سەرپەرشتی ئەو لایەنەی ژیانی ناوچەكەش بكەن. بۆیە ئەم ئەركانەیان بەم ناودارانە سپارد: بەڕێوبەرێتی ئەوقاف درایە مەلا ڕەزای واعیز، مەلا عەلی حیكمەتی مەشهوور كرایە قازی و مەلا قادری ئیمام قاسم كرایە بەڕێوەبەری مەدرەسەی عیلمییە كە سەر بە ئەوقاف بوو (بڕوانە: ل٢٧ی وتاری: كركوك في عهد الاستعمار البريطاني والعهود التالية).

خەرجیەکانی تری ئەوقاف بۆ چاککردنەوە و دەست پێداهێنانی هەندێ مزگەوت و کاروباری بەڕێوبەرایەتی ئەوقاف تەرخان کراون. پارەیەکی مانگانەی ١.٠٤٠ ڕووپیێ بۆ مەدرەسەی عیلمییە تەرخان کراوە. سەبارەت بە مەسەلەی مزگەوت و تەکیەکان، هێڵی نێوان داهات و قەرزەکانی ئەوقاف، ئەم مەسەلانە بۆ چەند مانگێك نائاشکرا بوون. ئەمەش بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ ویست و ئارەزوەکانی جارانی سوڵتان عەبدولحەمید، بۆ بەرتیلدان بە مەلا و شێخ و دزەکان، کە بەناوی "پاداشتەکانی سوڵتان"ی بابی عالیەوە دابەش کراون. بە لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید، ئەم بابەتانە خرانە سەر حیسابی داهاتی گشتی تورك، لەژێر ناوی "خێراتی هەڵگیراو"، بۆ تەماویکردن و شاردنەوەی ڕاستیەکان، ئەوقاف بە ڕووکەش ئەوەی پیشان دا کە هەندێ لەو خەرجیانە لە پارەی داهاتی خۆی بداتەوە، یا هەوڵ بدات ئەو خەرجیانە یەکڕاست بە داهاتی ئەوقاف پڕ بکاتەوە. ئیتر ئایا پێی دەکرێ یا خەرجی پێ دابین دەکرێ، لەم کارە ژێرکەوتوو یا سەرکەوتوو دەبێ، ئەوە ئەوقاف خۆی دەیزانێ.

هەرچۆنێ بێت لە مانگی حوزەیراندا، بارودۆخەکە ڕوون بووەوە و هەموو چاککردنەوەکانی بیناکانی ئەوقاف جێبەجێ کران. داهاتی ئەوقاف لە دەڤەرەکەدا (با بڵێین زیاتر لە کەرکوك، چونکە کفری هیچ داهاتی نییە و بێبەشە لەم کارە لە ساڵێکدا بەگشتی ٧١.٣٤٠ ڕووپیێ بووە. ئەمە داهاتی هاوینەی ساڵی ١٩١٩ی ئەوقافی تێدا نییە کە ئەویش دەبێ کۆبکرێتەوە و حیساب بکرێ. لەم پارەیە ٢٧.٧٦١ ڕووپیێ هی ئەوقافی "نەبەوی"یە. هاوبەشی و کۆمەکی کەرکووك 1,5 لەکە لەو پارە نێردراوەی "حەرەمین" کە ٨٠٠٠ ڕووپیێ بووە. ئەوقاف لەم ناوچەیەدا، جگە لە هاوبەشیی موڵکایەتی چەندین زەویوزار و قەرزەکانی "خرج المحاسبة" خاوەند دەیەکی زۆر گوند و دوکان و ئاش و خانە.

سەبارەت بە ئەوقافەکان، چ لەناو دەستی ئەنجومەن و چ دەرەوەیدا، پرسیارگەلی زۆر گرنگ لەئارادان. لەوانە پرسیاری مەسەلەی هەوڵی گواستنەوەی هەموو دەیەکەکانی ئەوقاف بۆ باجی داهات و قەرەبووکردنەوەیەکی شیاوی

ئەوقاف سەبارەت بەم بابەتە. مەسەلەی گواستنەوەی دەسەڵاتی خەرجکردنی ئەو پارە و داهاتانەی کە پێی دەگوترێ "دەعیەگۆ" کە ئێستا لەلایەن [25] کەسەوە مافی خەرجکردنی پێدراوە. لەم مەسەلەیەشدا جارێکی تر بابەتی قەرەبووکردنەوە سەری هەڵدایەوە و، بنەماکانی ئەم بۆچوونە زۆر بێهێز و سستو بێبەڵگەن. هەروەها کێشەی ئیمامە بزرەکانی مزگەوتەکان، خەتیبە نەخوێندەوارەکان و ئەوانەی کە مووچە بۆ کارێك وەردەگرن کە نە بینیویانە و نە دەیکەن. هەندی کاری حوجرەی مزگەوتەکانیش کە لەلایەن خەڵکانێکی نەخوێندەوارەوە بەرێوە دەچن، ئەمانە هەموو کێشەن و ماونەتەوە کە ساڵی ١٩٢٠ چارەسەرییان بۆ بدۆزرێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## (١٠)

# پەروەردە و خوێندن[٥٧]

ئەو گەشەسەندنەی لەم بەشەدا لەبەرچاوە، دەبێ تۆمار بکرێ. پشکنینی بارودۆخی قوتابخانەکان لە کۆتایی ١٩١٨دا بەکورتی بەم شێوەیەیە:–

---

(٥٧) سیستمی پەروەردە و خوێندن لە ویلایەتی مووسڵی عوسمانیدا، بە دوو شێوە بووە:–
١– ئەو قوتابخانانەی کە سەر بە وەزارەتی مەعاریف بوون،
٢– ئەو قوتابخانانەی کە سەر بە دائیرەکانی ئەوقاف بوون، کە قوتابخانە یا مەدرەسە دینیەکان و حوجرەکانیان دەگرێتەوە. ئەو قوتابخانانەی کە سەر بە وەزارەتی مەعاریف بوون، پێك هاتبوون لە قوتابخانەکانی صەنایع و قوتابخانە سەرەتاییەکان. بەپێی زانیاریەکانی مسز بێڵ لە  Review کەیدا، ساڵی ١٩٠٧ "١٣٢٥" لە سەرتاسەری ویلایەتی مووسڵ، لەگەڵ ئەوەی هیچ قوتابخانەیەك نەبوو بۆ کچان، بەگشتی قوتابخانەکان "مەکتەبەکان" بەم شێوەیە بوون:–
لە کەرکووك: یەك مەکتەب "قوتابخانە"ی ڕوشدیە، یەك مەکتەبی سەرەتایی و پازدە مەکتەبی حوجرە هەبوە. لە سلێمانی: یەك مەکتەبی ڕوشدیەی عەسکەری، یەك مەکتەبی ڕوشدیەی مولکی، یەك مەکتەبی سەرەتایی و ٤٤ "مەکتەبی حوجرەی منداڵان" هەبوە، لە کفری "صەلاحیە" مەکتەبێکی ڕوشدیەی مولکی، یەك مەکتەبی سەرەتایی و دوو حوجرەی منداڵان هەبوە، لە هەولێر "ئەربیل": یەك مەکتەبی ڕوشدیە، یازدە مەکتەبی سەرەتایی و شەش حوجرەی منداڵان هەبوە، لە قەزای ڕەواندوز: یەك مەکتەبی ڕوشدیە و ٢٢ حوجرەی منداڵان هەبوە (بڕوانە: ل١٤٠ی Reviewی مسز بێڵ).
شایانی باسە، کاتی بەڕێوبەرێتی "محمد عون الله"ی موتەسەڕیفی لیوای کەرکووك (١٩١٠-١٩١٣)، قوتابخانەیەکی پیشەسازی بەناوی مەکتەبی "صەنایعی سوڵتانییە"وە دروست کرا. وەك مامۆستا ڕەفیق حلمی لە ل١٤١ی "یادداشت"ـەکەیدا ڕوونی دەکاتەوە، مەکتەبی سوڵتانییە هەمان مەکتەبی ڕوشدییەیە، بەڵام ناوەکە لەپێش شەڕی گەورەدا گۆڕاوە و هەر لە هەمان بینادا ماوەتەوە کە دەکەوێتە قەراخ ڕووباری (خاسە) بە بەری (سەرا) دەرگای دەرەوەی مەکتەبەکە دەیڕوانییە ئەو شەقامەی کە بەهۆی پردە کۆنەکەوە چووە ناو "قەڵا" (یادداشت، ل١٤١).

ناوچەی کفری: قوتابخانەیەك بۆ ٣٠-٤٠ قوتابی لە کفری، بە هەمان شێوە دانەیەك لە (توون) هەیە. قوتابخانەکەی کفری بارودۆخێکی تاڵی هەیە بەدەست دەسەڵات و بەرپرسیی چەند مامۆستاو مدیرەکە و کەمی مێز و کورسی و کەرەستە و ئامێرەکانی قوتابخانەوە. بەڵام ئەوەی (توون) لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی یارمەتیدەری حاکمی سیاسیدایە بە چاك دەستی پێکردووە. قوتابخانەکە لەم دواییەدا، بەهۆی کەمی ژمارەی قوتابی و نزمی ئاستی دەستەی پەروەردەیەوە، بەرەو نەمان بۆتەوە. کفری قوتابخانەیەکی بچووکی "جوو"ەکانی تێدا هەبوە، مزگەوت و حوجرەکان لە شوێنیکی تردا ئاماژەیان پێ دەکری[٥٨].

**ناوچەی کەرکووك:**

کەرکووك قوتابخانەی سەرەتایی خۆی هەیە، کە نزیکەی ٨٠ قوتابیی تێدا دەخوێنیّ" لە بینایەکی زۆر باشدایە کە بە باشترین بینایە دەژمێردریّ لە وڵاتەکەدا. قوتابخانەیەکی ناوەندی، بە پرۆگرامێکی وانەگوتنەوەی زۆر چاکەوە، هەیە. ئەم قوتابخانەیە بەگشتی لەژێر چاودێری ئەوقافدایەو، لەلایەن ئەوقافەوە خزمەت دەکریّ. قوتابخانەی دیانەکان و جووکان نەکرابوونەوە.

چەندین دیاردەی پەروەردەیی لە ساڵەکدا هەروەك خۆیان مابوونەوە. پەرۆشییەکی زۆری فێربوونی زمانی ئینگلیزی بە ئاشکرا لە هەموو قوتابخانەکاندا هەیە. گومان لەوەدا نییە کە ژمارەی ئەوانەی ئارەزوومەندی فێربوونی زمانی ئینگلیزین، بەشێوەیەکی ئاشکرا بەرەو زیادبوون دەچیّ. هەڵبەتە ئەمە کاتێك سەردەکەویّ کە مامۆستاکانی زمانی ئینگلیزی ئامادە بکرێن بۆ ئەم وانانە. هەڵبەتە ئەمەش کارێکە مامۆستاکان پێشوازیی لیّ دەکەن. تائێستا هیچ مامۆستایەکی خراپ دەست نیشان نەکراوە، دەبیّ دوو یا سیّ مامۆستای

---

[٥٨] بەپێی بۆچوونی ستیڤن لۆنگریك، کۆمەڵەی یەکێتی ئیسرائیل ساڵی ١٩٠٧، قوتابخانەی تایبەتی لە بەغدا، مووسڵ، حللە، بەسرە و خانەقین بۆ منداڵانی جوو کردۆتەوە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە بیّ، دەبیّ جووەکان لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨ەوە قوتابخانەی تایبەتی خۆیان لە کفری و ساڵی ١٩١٩ لە شاری کەرکووك کردبێتەوە (بڕوانە: ل٥٠ی Iraq 1900–1950).

**دەست نیشانکراو لە ئاستی ئاسایی گرنگییان پێبدرێ و، هەر بەو ئاستەش تەماشای ماف و مووچەیان بکرێ. هەندێ کەرەستەی گرنگی پەروەردە مسۆگەر کراوە. بەڕێوەبەری پەروەردە لە دەڤەرەکەدا مانگی نیسان گۆڕاوە، بە ئەرکی چاودێری و پشکنین هەڵساوە. لە مانگی تشرینی دووەم و کانونی یەکەمدا، دوو فەرمانبەری تری پەروەردە سەردانی ناوچەکەیان کردووە[٥٩].**

**قوتابخانەی (توون) لە ماوەی ساڵێکدا، بەبێ گۆڕان هەر بەردەوام بووە" گۆڕینی فەرمانبەرانی تێدا نەبوە، بەڵام ژمارەی قوتابیانی هەر بەرەو کەمبوونەوە چوون. لە کفری بە هاتنی بەڕێوەبەری تازە قوتابخانەی سەرەتایی، لە پایزدا، پەرەپێدانێکی بەرچاو لە ڕێکوپێکی و زیادبوونی ژمارەی قوتابیاندا ڕووی داوە. پاشان لەگەڵ قوتابخانەی "جوو"ەکاندا تێکەڵاو بووە و، قوتابخانە تێکەڵەکە چووەتە بینایەکی گەورەوە. ئەمەیان لەوانەیە بە قوتابخانەیەکی شیاوتر و بەردەوامتر و لە بەڕێوەبردندا ڕێکوپێکتر و لە سەرپەرشتیدا شارەزاتر بژمێردرێ.**

**لە (تاووق)، هەوڵی زۆر درا بۆ ئەوەی قوتابی بۆ قوتابخانەیەکی یەك پۆلی و یەك مامۆستایی، پەیدا بکرێ، بەڵام هەوڵەکان پووچ بوون و سەریان نەگرت. لە (ئاڵتوون کۆپری) سەرەتای بەهار قوتابخانەیەکی ٣٥ قوتابی سەر بە شارەوانی کرایەوە. لەوساتەوە ئەم قوتابخانەیە بە پارەی شارەوانی بەڕێوەدەچێ. قوتابخانەکە لە باری بەڕێوەبردن و چاودێری و پشکنینەوە هەژارە، بەڵام هەبوونی هەر جۆرە قوتابخانەیەك لە نەبوونی باشترە. لە کەرکووك، مانگی حوزەیران، قوتابخانە سەرەتاییەکە لە شوێنی خۆی لە خەستەخانە عەسکەریەکە**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

**[٥٩] هەروەك بابەتەکانی تر، لەسەرەتاوە دەسەڵاتی بریتانی ویستوویەتی کاروباری هەرسێ ویلایەتەکەی میسۆپۆتامیا لە بەغداوە بەڕێوەبەرێ. بۆیە یەکەم هەنگاوی دامەزراندنی بەڕێوبەرایەتی مەعاریف (مودیریە المعارف) بوو کە لە هاوینی ١٩١٨دا بە سەرۆکایەتی مێجەر بۆومان لە بەغدا دایمەزراند. بۆورمان، بەخۆی پێش هاتنی بۆ میسۆپۆتامیا سەرۆکی وەزارەتی مەعاریفی میسر بووە (بڕوانە: ل١٠٣ یReview ی مسز بێل).**

**لابردرا و، مانگی ئاب بە شێوەیەکی کاتی و بێکرێ لە خانەقای سەید ئەحمەددا کرایەوە[٦٠].**

---

[٦٠] سەبارەت بە قوتابخانە "مەکتەب"ـەکانی کەرکووک، مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە "یادداشت"ـەکەیدا زانیارییەکی زۆرمان پێشکەش دەکات. ئەو سەبارەت بەو قوتابخانە سەرەتاییە کە لە ڕاپۆرتەکەدا باسی هاتووە، دەڵێ: ((بە یادی سەرکەوتنی ئینگلیز لە شەڕدا، ئەم قوتابخانەیە کرابووەوە)). هەروەها دەڵێ: "مەکتبی زەفەر" بە واتای –سەرکەوتن– لە خانەقای سەید ئەحمەد کرابووەوە. هەرچی لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە ئەوەیە کە قوتابخانەکە پاشان لە مانگی ئابدا گواستراوەتەوە بۆ خانەقای سەید ئەحمەد. ڕەفیق حیلمی، ناوی بەڕێوەبەر و هەندێ مامۆستای ئەو قوتابخانەیە بەم شێوەیە دێنێ، جگە لە "شوکری عبد الاحد"ی مودیری قوتابخانەکە، مامۆستاکان ئەمانە بوون:– ڕەشید عاکف هورمزی، صاڵح قازی ناسراو بە "صاڵح بۆڵشەوێك" کوڕی قازیە ڕەشە، سەعدوڵڵای موفتی دەروێش ئەفەندی، ئەوڕەحمانی مەلا مەحموودی مەزناوەیی، شەوکەتی عەبدوڵڵا ئەفەندی (کە مامی ڕەفیق حیلمی بووە) و مامۆستا سەید هادی. هەروەها سەبارەت بە گواستنەوە یا بەکرێدانی خانەقای سەید ئەحمەد بە قوتابخانەی زەفەر، ڕەفیق حیلمی دەڵێ: ((خەڵك بەتایبەتی کوردەکان، ئەمەیان بەبێ حورمەتی ئەزانی بۆ سەید ئەحمەدی خانەقا قبووڵی بکات مەکتەبەکە لە خانەقادا بکرێتەوە، یادگاری سەرکەوتنی دەوڵەتێکی ناموسوڵمانە)). بەڵام شێخ ڕەئووفی خانەقا، لە ل٢١ی کتێبی "یادگاری خانەقاه: یادداشت و شیعر"دا، وا پیشان دەدات کە ئینگلیز بۆ دۆزینەوەی بیانوویەکی دژ بە سەید ئەحمەد، ئەم کارەی کردووە. بۆیە دەڵێ: حکوومەتی ئینگلیز بۆ ئەوەی سەربخاتە سەر سەید ئەحمەد، مەلا قادری مدیری ئەوقافی کەرکووکی هان دا، لایەك لە حەوشەی مزگەوتی خانەقا داببڕێ و بیکات "مەدرەسەی دینی". ئەمڕۆکە جێگەی ئەو مەدرەسەیە کتێبخانەی گشتییە.

هەرچەندە ئینگلیز پاش چەند ساڵێك سەید ئەحمەدی دەستبەسەر ڕەوانەی خوارووی عیراق کرد، بەڵام ڕاستییە مێژووییەکان ئەو دەردەخەن کە مەلا قادری ئەوقاف، هیچ پەیوەندیی نەبوە بە قوتابخانە و مەکتەبە حکوومیەکانەوە. ئەو زیاتر لە سەرەتادا بەڕێوەبەری "مەدرەسەی عیلمییە"ی بابەتەکانی ئاینی بووە، لەدواییشدا کراوە بە بەڕێوەبەری ئەوقاف.

ئەوەتا مامۆستا ڕەفیق حیلمیش ئەم ڕاستتیە دەردەبڕێ و دەڵێ: ((لەو دەمەدا جگە لە "زەفەر" قوتابخانەیەکی تریش هەبوە بەناوی "مەدرەسەی عیلمییە"وە مەلا قادری ئیمام مدیری بوو. ئەم مەلا قادرە لەدواییدا بووە بە مدیری ئەوقاف. دەبێ ئەوەیش بڵێین کە ڕەفیق حیلمی دووسێ ساڵی پاش ئەم ڕاپۆرتە، لەلایەن نازیری مەعاریفەوە داوای لێکرا بەبێ وەستان بێت لە مەکتەبی "زەفەر" دەرس بڵێتەوە. لە ١٩٢١/٣/١٦دا کراوە بە مامۆستای ماتماتیك و زمانی تورکی لەو قوتابخانەیەدا (بڕوانە: ل١٣٣ تا ١٤١ی "یادداشت").

مەسەلەی کەمی ژمارەی قوتابیان بەگوێرەی قەوارەی کەرکووك، بووتە هۆی دروستبوونی هەندێ گلەیی و ناڕەزایی. هۆیەکانیشی ئەمانەن: ئاینی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، کە دیانە هۆیەکی کاریگەرەو، دژایەتیەکانی مەلای حوجرەکان، لەگەڵ نەبوونی مەیل و ئارەزووی باوکاندا بەشێوەیەکی گشتی بۆ ناردنی کوڕەکانیان بۆ قوتابخانە، بەتایبەت ئەو باوکانەی کە مەبەستیانە کوڕەکانیان بۆ کاروباری کشتوکاڵی و بەردەستیی دوکانەکانیان گل بدەنەوە.

سێ ئامرازی کار، بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە پێشنیار کران:- یەکەم، هەوڵ بدرێ هەندێ لە مەلای مزگەوتەکان لەلایەن ئەنجومەنی ئەوقافەوە تاقی بکرێنەوە، بۆ ئەوەی وەك مامۆستا لە قوتابخانەکەدا بەکاربهێنرێن، پاشان حوجرەکانیان دابخرێ. بەم شێوازە هەر هیچ نەبێ، ئەو لایەنە دژە سست دەکرێ و لادەبرێ کە دژایەتی قوتابخانەکە دەکات بۆ ڕاکێشانی منداڵانی قوتابی. دووەم: داوای باجێکی مانگانە لەو باوکانە بکرێ کە منداڵانیان تەمەنیان هەیە و نایاننێرن بۆ قوتابخانەکە. سێ: دەست بکرێ بە پرۆژەی کردنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی لە چەندین گەڕەکی شارەکەدا، بۆ ئەوەی قوتابخانەکان نزیکی ماڵان و منداڵان بن.

خاڵی یەکەم، ئێستاش هەر دەکرێ ڕەچاو بکرێ، دووەمیان جێبەجێ نەکراوە، بەڵام بە بیستنی دەنگ و هەواڵی لە ماوەیەکی کورتدا کاریگەریی هەبوە و بووەتە هۆی دووقات بوونی ژمارەی قوتابیان، ئەمەش بە شێوازێکی ڕێك پێشوازیی لێ کراوە. سێیەمیان گرنگی پێدەدرێ، هەر هیچ نەبێ بەڵکوو بەشێکی ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ١٩٢٠دا جێبەجێ بکرێ. قوتابخانەی ئێستا ١٥٠ قوتابی و ٧ مامۆستای هەیە.

"مەدرەسەی عیلمییە"ی کەرکووك، هەتا دوایین ڕۆژانی ساڵ بە شێوەیەکی کاتی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکەدا بوو، درێژە بە بابەت و پرۆگرام و شێوازی بەڕێوەبەردنی کۆن دەدات. ئەمانە لە باری بابەت و پرۆگرامی وانەکانەوە بەگشتی کۆمەك و یارمەتییان پێویستە.

پاداشتی مانگانە دەدرێ بە مامۆستایان و قوتابیان، لەڕاستیدا بە هەموو قوتابیان دەدرێ. لەمەدا مەبەست پشتیوانکردنی قوتابخانەکەیە، دژایەتیکردنی قوتابخانە

حکوومی "گشتی"یەکەیە. هاوین نزیکەی ٦٠٠ رووپیێ بۆ ئەم کارە کۆکراوەتەوە. ئەوقاف و شارەوانی هاوبەشی کۆمەکیکردنیان کردووە. ئەم پارەیە بۆ "مەدرەسە"کە بەگشتی و بۆ چاککردنەوەی بیناکە بەتایبەتی، خەرج کرا. ماوەیەك بۆ چاککردنەوە چۆڵ کراو، مانگی تشرینی دووەم دەوامەکەی کرایەوە. لە مانگی ئابدا دەسەڵاتدارانی مەدرەسەکە رازی بوون بەوەی زانیاری و ڕێوڕەسم لە بەڕێوەبەرێتی گشتی وەربگرن و، لێپرسراوێتی پشکنینی ئەوان قبووڵ بکەن. بۆ ئەوەی "مەدرەسە"کە ڕێك بخرێتەوە.

مەدرەسەکە، ئێستا لە دوو بەش پێك هاتووە، بەشی ئایینی و بەشی هونەر. تەنیا ئەوانە وەردەگرێ کە قوتابخانەی سەرەتاییان بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە. قوتابیانی مەدرەسەکە ژمارەیان ٦٠ قوتابییە.

بێشك پۆلەکان بچووك و مامۆستاکانیش تا بڵێی زۆرن. ئەوقاف هێشتا هەر خزمەت و چاودێری بینای مەدرەسەکە دەکات، بەڵام کارمەندانی پەروەردە ئەمساڵ زۆربەی کات و ماندوێتی خۆیان بۆ چاودێری و پشکنین و تاقیکردنەوەی مامۆستاکان سەرف کردووە، ئەوەیان بۆ ڕوون بۆتەوە کە زۆربەی مامۆستاکان زیادن و پێویست نین.

قوتابخانەکە، وەك چاوەڕوان دەکرا، سەرکەوتن و بەرەوپێشەوەچوونی نییە، چونکە زۆربەی وانە و پرۆگرامەکان ئێستاش کۆنن. مامۆستای تورکی، بەکارهێنانی زمانی تورکی و سەرچاوەی وانەکانی کتێبی تورکین. هەڵبەتە بۆ ئێستا ئەمانە هەڵگری هەندێ مەبەستی سیاسی خۆیانن[٦١]. پەیوەندی فەرمانبەری پەروەردە لەگەڵ حکوومەتدا باشە، لەگەڵ قوتابخانە سەرەتاییەکەدا تارادەیەك پێچەوانەوەیە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

(٦١) مسز بێل لە ل١٠٥ی Review کەیدا، نەبوون و دامەزراندنی قوتابخانە و مەکتەبی تایبەت بە منداڵانی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ کاری تەکنیکی و نەبوونی کەرەستە و پێداویستیەکانی وتنەوەی زمانی کوردی و، دەڵێ: ((زمانی کوردی وەك زمانی یارمەتیدەر، لەبەر نەبوونی کتێبی خوێندنەوە و ڕێزمانی تایبەت، بەگشتی پەك خراوە)). دکتۆر جەبار قادریش لە وتاری: "کرکوك، قرن و نصف من التتريك و التعريب"دا، ئەمە بە بەهانە دەزانێ و، پێی وایە ئەمانە ڕێگرتن و تاوێردانان بوون لەڕێگەی کردنەوەی قوتابخانەی کوردیدا بۆ منداڵانی شارێك کە زۆربەی خەڵکەکەی کورد بوون. بێگومان بۆچوونەکەی دوکتۆر جەبار ڕاستە، چونکە مرۆڤ ئەگەر تەواو سەرنجی مەسەلەکە بدات، دەزانێ ڕستەی ((بۆ ئێستا ئەمانە هەڵگری هەندێ

قوتابخانەکانی دیان و جووەکان، لە بەهاردا دەستکاری کران. هەریەکە لەم قوتابخانانە نزیکەی ٤٠ قوتابییان هەیە. پەروەردە و فێرکردنیان تێدا بەزۆری، نەك بەگشتی، هی ئایینین" تائێستا پارەیان نەدراوەتیّ، بەڵام لەوانەیە لە ساڵی ١٩٢٠دا خەرجییان بدرێتیّ. چونکە لەو دەزگایانەن کە شیاوی یارمەتین[٦٢].

خشتەی داهاتوو، دەست نیشانی ژمارە و دەوامی قوتابخانەکان دەکات لە مانگەکانی ساڵی ١٩١٩دا. مانگەکان لە ١وە تا ١٢ ژمارە کراون:

| قوتابخانەکان | سەرەتایی کەرکووك | ناوەندیی کەرکووك (مدرسة علمية) | ناوەندیی کەرکووك بۆ کچان | دیانەکانی کەرکووك | جووەکانی کەرکووك | قوتابخانەی شارەوانی ئالتوون کۆپری | قوتابخانەی تون | قوتابخانەی حکوومی لە کفری | قوتابخانەکانی جووەکان لە کفری | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ك | ٦١ | ٧٠ | .. | .. | .. | .. | ٥٠ | ٢٠ | .. | ٢٠١ |
| م | ٤ | ١١ | .. | .. | .. | .. | ٢ | ٣ | .. | ٢٠ |
| ك | ٧٤ | ٧٠ | ٣٤ | ٤٢ | .. | ٢٨ | ٥٠ | ٢٤ | .. | ٣٢٢ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

مەبەستی سیاسی خۆیان)) لەم ڕاپۆرتەدا، جگە لە ڕازیکردنی تورکی دۆڕاو و پشتگوێ خستنی ویستەکانی کورد شتێکی تر نین.

[٦٢] بۆ تێگەیشتنی بارودۆخی گشتی پەروەردە و خوێندن لە سەرتاسەری هەرسێ ویلایەتەکەدا (مووسڵ، بەسرە و بەغدا) وەك لە ل١٠٥ی Review دا هاتووە، کۆتایی ساڵی ١٩١٩، کە دەکاتە کاتوساتی ئەم ڕاپۆرتە، ٧٥ قوتابخانەی حکوومی هەبوە، ٥٦ یان عەرەبی و ١١ بە تورکی و ٦ یان بە کوردی بوون. بەگوێرەی زانیارییەکانی (یادداشت)، لەو شەش قوتابخانە کوردییە، سێیان لە سلێمانی بوون. قوتابخانەکانی سلێمانی لەو ساڵانەدا دوویان (نموونەی سەعادەت) و (نموونەی عیرفان) بوون. ئەوەی سێیەم دوور نییە لە هەڵەبجە بووبیّ. لەم قوتابخانانەدا بەگشتی ٨٠٠ قوتابی هەبوە (یادداشت، ل٥٣٤). شایانی باسە، سەرەتای ساڵی ١٩٢٠، لە میسۆپۆتامیا، لە هەزار منداڵ تەنیا ٦ یان لە قوتابخانەدا بوون (بڕوانە: ل١٠٣ی Review).

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| م | ٥ | ١١ | ٤ | ٢ | .. | ١ | ٢ | ٣ | .. | ٢٨ |
| ك | ٨٠ | ٦٨ | ٤٢ | ٤٧ | .. | ٣٥ | ٤٨ | ٢٥ | .. | ٣٤٥ |
| م | ٥ | ١١ | ٤ | ٢ | .. | ١ | ٢ | ٣ | .. | ٢٨ |
| ك | ٨٦ | ٦٩ | ٤٦ | ٥٠ | .. | ٤٠ | ٤٢ | ٢٨ | .. | ٣٦١ |
| م | ٥ | ١١ | ٤ | ٢ | .. | ١ | ٢ | ٣ | .. | ٢٨ |
| ك | ٨٦ | ٦٧ | ٤٦ | ٥٣ | .. | ٣٣ | ٣١ | ٢٨ | ٣٨ | ٣٨٢ |
| م | ٥ | ١٠ | ٤ | ٢ | .. | ١ | ٢ | ٣ | ١ | ٢٨ |
| ك | ٨٦ | ٦٧ | ٣٨ | ٥٠ | .. | ٣٣ | .. | .. | ٣٢ | ٣٠٦ |
| م | ٥ | ١٠ | ٤ | ٢ | .. | ١ | .. | .. | ١ | ٢٣ |
| ك | ٨٦ | ٦٧ | ٣٦ | ٤٤ | .. | ٣٣ | .. | .. | ٣٠ | ٣٩٦ |
| م | ٥ | ١٠ | ٤ | ٢ | .. | ١ | .. | .. | ١ | ٢٣ |
| ك | ٨٦ | ٦٧ | ٤١ | ٤٠ | .. | ٣٣ | ١٩ | ٥٠ | ٣١ | ٢٦٩ |
| م | ٧ | ١٠ | ٤ | ٢ | .. | ١ | ٢ | ٣ | ١ | ٣٠ |
| ك | ١٣٦ | ٤٩ | ٤٦ | ٤٧ | .. | ٣٤ | ١٩ | ٥٠ | ٢٨ | ٤٠٩ |
| م | ٧ | ١٠ | ٤ | ٢ | .. | ١ | ٢ | ٣ | ١ | ٣٠ |
| ك | ١٨٢ | ٤٩ | ٤٨ | ٥٠ | .. | ٣٤ | ٣٢ | ٥١ | ٣١ | ٤٧٧ |
| م | ٧ | ١٠ | ٤ | ٢ | .. | ١ | ٢ | ٣ | ١ | ٣٠ |
| ك | ١٦٢ | ٤٤ | ٤٨ | ٥٠ | ١٠٠ | ٣٤ | ٣٦ | ٧٤ | .. | ٥٤٨ |
| م | ٧ | ١٠ | ٤ | ٢ | ٤ | ١ | ٢ | ٤ | .. | ٣٤ |
| ك | ١٦١ | ٤١ | ٤٨ | ٥٠ | ١٣٠ | ٣٣ | ٣٧ | ٦٧ | .. | ٥٦٧ |
| م | ٨ | ١٠ | ٤ | ٢ | ٤ | ١ | ٢ | ٤ | .. | ٣٥ |
| ت | ١٠٧ | ٦٠ | ٤٣ | ٤٨ | ١١٥ | ٣٤ | ٣٦ | ٤٢ | ٣٢ | ٥١٧ |
| | ٦ | ١٠ | ٤ | ٢ | ٤ | ١ | ٢ | ٣ | ١ | ٣٣ |

## مانگەکان

**١ ك م (ك=کوڕ م =مامۆستا)[٦٣]**

[٦٣] بە تەماشاکردنی ئەم خشتەیە و بەراوردکردنی ژمارەکانی لەگەڵ ژمارەی گشتیی دانیشتوانی شارەوانیەکانی کەرکوک، کفری، تووز و پردێدا، دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە:

## حوجرەکان (قوتابخانەی مزگەوت)

لە کەرکووک ژمارەیان ١٠ دانە و ٣ یان مەدرەسەی ئەوقافە، سێ لە مامۆستاکان لە ئەوقاف مووچە وەردەگرن، سێ (مودەریس)یش هەریەکەو مووچەی خۆی لە پارەی زەویوزاری ئەوقاف دەردەهێنێ. حوجرەکان، لەڕاستیدا بێقوتابی "فەقێ"ن و حاڵەتی کارەکانیان بە شێوەیەکە ناکرێ بە قوتابخانە بژمێردرێن. لە هەموو مەدرەسەکاندا سەرجەم ١٢٠ فەقێ هەن. لە کفری ٣ حوجرە هەن و، بەگشتی ٦٠ فەقێیان هەیە.

بەڵام لە تووز، حوجرەیەك لەبەر پیری و ناشارەزایی مەلاکەی، داخراوە. بەڵام دوو حوجرەی بچووکی تر هەن کە سەرجەم ٤٥ فەقێیان هەیە و بەردەوامن لە کارەکانیان. تەنیا قورئان و زمانی تورکی (مەولوودنامەی تورکی) لەم حوجرانەدا دەخوێندرێن [مەولوودنامەی شاعیری تورکی تۆفیق فیکرەت ئەفەندی و ئینشالەر، وەرگێڕ]. حوجرەی مزگەوتەکان، کە هیچ کەرەستەو پرۆگرامێکی بابەتی خوێندن و فیکریان تێدا نییە، بێئەندازە بێسەروبەر و ناشارەزان. دژایەتی خاوەندەکانی ئەم قوتابخانە و حوجرانە بەرامبەر بە قوتابخانەکانی فێربوون و پەروەردەکردنی ڕاستەقینە، هۆیەکی

بنکەی ژین
www.zheen.org

١- ڕێژەی ئەو کەسانەی کە قوتابی ئەو قوتابخانانە بوون بێئەندازە نزمە و تەنیا ١.٩٢ ٪، واتە لە هەر سەد کەسدا کەمتر لە دوو قوتابی بوون،

٢- بەپێی خشتەکە بێ، دەبێ لەو ساڵەدا سیستەمی خوێندن دوانزدە مانگش بووبێ و پشووی هاوینەی نەبووبێ !

٣- ژمارەی قوتابیان لە مانگی یەکەمەوە تا مانگی دوانزە، لە ٢٠١ قوتابییەوە بووەتە ٥٦٧، واتە بە ڕێژەی ٢٨٢٪ زیاتر کردووە. ڕێژەی مامۆستاکانیش ١٧٥٪ زیادی کردووە و ژمارەیان لە ٢٠ ـەوە گەیشتۆتە ٣٥ مامۆستا،

٤- لەناو ژمارەی گشتی قوتابیانی قوتابخانەکاندا، تەنیا ٤٨ کچ هەبوە، واتە ڕێژەی٣.٤ ٪ لە سەد قوتابی تەنیا ٤,٨ یان کچ بووە،

٥- ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە تایبەتەکانی دیان و جووی دەڤەرەکە، ١٨٠ بوو، واتە بە ڕێژەی٣١.٧٪ی ژمارەی گشتی قوتابییەکان.

قوتابخانەکانی مزگەوتەکان (حوجرەکان).

سەرەکی و کاریگەرە بۆ مەترسی خەڵکەکە لە پێشوازیکردن و پەرۆشییان بۆ ناردنی منداڵان بۆ قوتابخانە حکوومیەکان.

ئێمە زانیومانە کە ئەم تێنەگەیشتوانە، تۆمەتی بێبناغە و هەڵبەستراو و درۆ دژ بە حکوومەت و قوتابخانەکانی، لەناو خەڵکەکەدا بڵاودەکەنەوەو، دەڵێن گوایە حکوومەت بەنیازە ئەو منداڵە بچووکانە هەڵبخەڵەتێنێ و لە خەڵك جیایان بکاتەوەو بە سواری سەیارە ڕەوانەی لەندەن یا (بۆمبای)یان بکات. ئەم کەسانە لەلایەن دەسەڵاتی بریتانییەوە بەشێنەیی و بە سەبرەوە مامەڵە دەکرێن و بەتەواوەتی چاودێری کارەکانیان دەکرێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(١١)

# سوپا (لەشكر)

لە سەرەتای ساڵی ١٩١٩ەوە تا کاتی شڵەژانەکەی کۆتایی مانگی مایس (ئایار) دابەشبوونی هێزەکانمان لە دەڤەرەکەدا بەم شێوەیە بوو: لە ناوچەی کفری هیچ نەبوە. لە ناوچەی کەرکووك، خاڵی چاودێری سەر ڕێگاوبانی سەرەکی، لە (عوسمانیە) و (ماهوود)ی خوارووی زێ دانرا بۆ پاراستنی قافڵەی ڕۆژانەی خواردنهێنان، کە لە ئێستگەی شەمەندەفەری (بێجی)یەوە دەهێنرێ و لە (فەتحە)ەوە ڕەت دەکرێ. خاڵێکی دوو بەتالیۆنی بۆ چاودێری، لە ئاڵتوون کۆپری‌یەوە دوو دەستە پیادە لەگەڵ دەستەیەکی هێزی هەمەجۆری تر لە کەرکووك هەن. ئەم نیو ساڵە ئارامییەکی بەرچاو لە دەڤەرەکە چەسپێنراوە.

لە ٢٢ی مانگی ئایاردا، سەربازانی قشڵەی کەرکووك، بە شێوەی هێزی گەڕۆك (سیار) بۆ قوتارکردنی ئەوانەی سلێمانی کەوتنەڕێ. پێش ئەوەی بگەنە دەربەندی تاسڵووجە، بە شێوازێکی چاوەڕواننەکراوی پڕمەترسی، لە چەمچەماڵ بۆ ماوی دە ڕۆژ گەمارۆدران[٦٤]. حاکمی سیاسی لەگەڵ ئەو هێزانەدا بوو. لەکاتێکدا چالاکییەکی گەورە و لەپڕ لەڕێگەی فەتحە– کەرکووك کرا، لیڤی و چەکدارانی حکوومەت کەرکووکیان پڕکردبوو.

بارەگای سەرەکی فەوجی یەك و، پاشان بارەگای هێزی سەرەکی دەڤەرکە، گەیشت. لە گەڕانەوەیاندا، بەسەر مەیدانی ڕووداوەکاندا ڕەت بوون. ئەم ڕووداوانە لە هیچ کاتێکدا لەناو سنووری دەڤەرەکەدا نەبوون. تەنیا لە یەکی مانگی حوزەیراندا لە قەرەهەنجیر ڕووی دا. هەر ئەو ڕۆژە سەرلەشکری g.o.c. Fraser فرێزەر، جگە لە کۆنترۆڵنەکردنی دەڤەرەکە، هەر مایەوە و تا مانگی ئابیش هەر سەری نەگرت.

---

[٦٤] بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە: پەراوێزی ژمارە (٢٥).

ئۆپەراسیۆنی بازیان و سلێمانیە و هەموو ئەو ستوونانەی کە لەو ناوچەنەدا لە مانگی تەمووزەوە تا ئەیلوول بەگشتی پێکەوە کاریان دەکرد، پێوست ناکات لێرەدا ڕاپۆرتیان لەسەر بنووسرێ.

مانگی ئاب هێزەکەی Fraser شوێن و بەرپرسیی خۆی بە هێزی کوردستانی باشوور سپارد و، ئەویش لە مانگی تشرینی یەکەمدا لێپرسراوێتی عەسکەری ناوچەکەی دا بە فەوجی ژمارە ٥٥. ئێتر لەوساتەوە ئۆپەرسیۆنەکان وەستێندران. سیستەم و میکانیزمی کاری ئاسایی بەڕێوەبردن دەستی پێکردەوە و، هێواش هێواش شوێنی مانەوەی هێزەکان جێگیر بوو. لە کفری، (حامیە)یەك لە مانگی حوزەیراندا (خانی مەجید پاشا)ی داگیرکردو، تا مانگی تشرینی دووەم تێیدا مایەوە.

هێزە سەربازی و نیمچە سەربازیەکان، پێکەوە بەستران، بۆ بەردەوامی بەرەوپێشەوەچوونی هێڵی شەمەندەفەری (قەرەخان) تا (کنگربان). ئەم هێڵە لە مانگی کانوونی یەکەمدا بۆ هاتوچۆکردن کرایەوە. کامپێکی سەربازی و بارەگای لیوایەك، ئێستا چاودێری هێڵەکە دەکەن. هەروەها چەندین بنکەی سەربازی لە سەرتاسەری ڕێگەی کەرکووك دانراون. لە کەرکووك، بە هەمان شێوە خاڵی چاودێری ڕێگاوبان، لە قەرەهەنجیر، کەلۆر، تازەخورماتوو و تاووق دانران. بارەگای لیوای (دوو ونیو)ی پیادەی تۆپهاوێژ و هێزەکانی تری تێکەڵ لە کەرکووکن. حامیەیەکی بچووکمان لە ئاڵتوون کۆپری هەیە.

لە سەرەتا و کاتی ئۆپەراسیۆنەکەدا، نەدەکرا بچووکترین یارمەتی دەسەڵاتی عەسکەری بدرێ. ئەفسەرە سیاسیەکان سێ دەرفەت لە پێکداداندا لەگەڵ هێزەکاندا هاوبەشی ئۆپەراسیۆنەکە بوون. گەلێ کاری موخابەراتی و سۆراخ (ئیستیتلاع)ی عەسکەرییان چ لە مەیدانی شەڕو چ بارەگاکاندا داواکران. کۆنتراتچی دۆزرانەوە و سەرچاوەی دابینکردنی ئازووقەش پەیداکرا. هەمیشە هەواڵدەرو شارەزایانی ڕێوبان و ڕێپشاندەران لەگەڵ ستوونەکانی هێزەکانماندا بوون. پۆلیس چاودێری ئامرازە بەکرێگیراوەکانی گواستنەوەی شتومەکیان دەکرد. وەرگێڕ ئامادەکران، جادە و پردەکان چاك کرانەوە. چاودێر و حەسحەس

**لەسەر هێڵی شەمەندەفەر و لە عەمبارەکاندا دانران. نزیکەی ٨٥٠ تەن جۆ و ٧٠٠ تەن ئاڵف داواکراو، ٢٥٠ تەن گەنمی باجی حکوومی وەرگیرا.**

**ڕێکترین و گەورەترین ئەرك و پرۆژە کە لە کەرکووك جێبەجێ کرا، پرۆژەی تاقیکردنەوەی شیاویی فراوانبوونی شارەکە بوو. بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە و تاقیکردنەوەکە سەلماندیان کە شارەکە تەواو بۆ فراوانبوون و گۆڕان دەشێ. لە شارەکەدا کۆمەڵێ کۆڵەکەدار، دارتەلی کارەبا، بەبێ هیچ کێشەیەك دانرا و ڕێگەکانی کەرکووك- ئاڵتوون کۆپری، کەرکووك- سلێمانی، کەرکووك کفری هەموو لەژێر کۆنترۆڵی لەشکرن و کۆمەڵێ کاری فراوانکردنیان تێدا کراوە(٦٥).**

---

(٦٥) ڕاستە نەدەکرا لەم ڕاپۆرتەدا کە تایبەتە بە دەڤەری کەرکووك، هیچ شتێکی ناوچەکانی تری کوردستان (ویلایەتی مووسڵ) باس بکرێ. بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی باری سیاسی و عەسکەری کوردستان بەگشتی و بۆ سەلماندنی ئەوەی کە لەوکاتەدا تەنیا شێخ مەحموود- بەگوێرەی تێگەیشتنی ئینگلیز- گێرەشێوێن نەبوە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە هەڵگری هەمان بۆچوونی شێخ مەحموود لە ناوچەکانی تریش هەبوون بۆ بەرەنگاریکردنی داگیرکەران و هەوڵ و تەقەلای ئازادی کوردستان، چاکە لێرەدا، چ لە سەرچاوە ئینگلیزیەکان و چ لە سەرچاوە کوردیەکانەوە، کورتە کرۆنۆلۆژییەکی پاش گرتنی شێخ مەحموود و داشکاندنی شۆڕشەکەیتان بۆ بنووسین و بڵێین:- لەم هەموو پێکدادانەدا، کە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری بەرەنگاری کوردە، بۆ سەلماندنی مافی نەتەوایەتی خۆی، نەك تەنیا سەرباز، بەڵکوو کۆمەڵێ لە ئەفسەرە بەرز و دەسەڵاتدارەکانی بریتانیا لە کوردستان کوژراون. ئەحمەد خواجە بەم شێوەیە ناوی هەندێکیانی بۆ مێژوو تۆمار کردووە:

- لە هەولێر: یاریدەدەری حاکمی سیاسی و مدیری پۆلیسی هەولێر،
- لە مووسڵ: "کۆلۆنێل لچمەن"ی حاکمی سیاسی مووسڵ و کاپتن "بێل"ی یاریدەدەری حاکمی سیاسی،
- لە زاخۆ: کاپتن ووکر، کاپتن پێرسۆن،
- لە ئامێدی: کاپتن ویلی و کاپتن ماکدۆناڵد،
- لە عقرە: کاپتن سکۆت (بڕوانە: ل٩٠ی چیم دی).

بۆیە حاڵەتی دەروونی بریتانیەکان بەرامبەر بەم ڕووداوانە زۆر شپرزە بوو. ئەوەتا David Fromkin"دەیڤد فرۆمکن"بەم شێوەیە وەسفی حاڵەتەکە دەکات: ((حاڵەتی نەفسی و تووڕەیی

(١٢)

# شارەوانیەکان

لەم ڕووەوە دەڤەری کەرکووک شەش شارەوانی تێدایە: قەرەتەپە، کفری، توزخورماتوو، تاووق، کەرکووک، ئاڵتوون کۆپری. بارودۆخی هەریەك لەم شارەوانیانە لە گەورەوە تا پچووکیان زۆر زۆر جیاوازە، بەڕادەیەك کە زۆر گرانە بیر لە یەك شێوازی کار بکرێتەوە بۆ چاودێریکردنیان. بەڵام دەشێ ئەو چاودێریکردنانە بە کاری ساڵێکی سەرکەوتن و پەرەپێدان ڕەچاو بکرێن. لە هیچ کارێكو هیچ شارەوانییەکدا سوود لە کۆمەك و یارمەتی دارایی حکوومەت نەبینراوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، هەموو شارەوانیەکان ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە کە هەمیشە داهاتیان لە خەرج و دەرهاویشتەیان زیاتر بووە.

سەرچاوەکانی داهاتەکانیان کە لە خشتەی خوارەوەدا پیشان دران، هەرچەندە زۆر ڕێك و تەواو نییە، بەڵام بە ئاسانی دەکرێ چاك بکرێتەوە تا دوا ژمارەی داهاتی، بە ڕاست و دروستی پیشان بدرێ. ژمارەکانی ناو خشتەکە، بەگشتی— هەڵبەتە لە سەد نا— داهاتەکانی ساڵی 1919ی شارەوانیەکان پیشان دەدەن:

پارەکان بە ڕووپێ

---

بریتانیەکان بەرامبەر بە نائارامی و یاخیبوونەکان و کوشتنە دوانەبڕاوەکان، گەیشتبوە ڕادەیەکی گەلێ ترسناك. بۆیە حکوومەتی هیندی—بریتانی لە مانگی ئوکتۆبەری ١٩١٩دا، ئەفسەرێکی شارەزای ناردە شوێنەکە، لەپاش ماوەیەك ئەویش کوژرا (ل٤٥١ی دەیڤد فرۆمکن)—پێم وایە مەبەستی "کابتن بێڵ"ـە کە بە کۆڵۆنێلی لەگەڵ کاپتن سکۆت لە عەقرە کوژران. هەروەها حاڵەتە دەروونیەکەی دەسەڵاتدارانی ئینگلیز بەرامبەر بە پەرەسەندنی بارودۆخەکە، ئەوەندە شپرزە و خراپ ببوو، کە یەکێکی وەك کاپتن لیچمەن بوێری هەستی ئاڵۆز و نامرۆڤانەی خۆی بەم ڕستەیە دەربڕی: تەنیا ڕێگە بۆ وەستاندنی ئەم عەشایرانە "قەسابخانەی گشتی"یە (بڕوانە: ل٢٠٨ی کتێبی Leachman, OC Desert).

| سەرچاوەی داهات (باج) | شارەوانی قەرەتەپە | کفری | توز | تاووق | کەرکووک | ئاڵتوون کۆپری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خانوو | ٢,٠٤٠ | ٦,٠٠ | ٢,٧٢٤ | ٢٠٠ | ٣٠٨٠ | ٩٩٠ |
| بیناکردن | ٦٠ | ١٢٠ | ٦٠ | ٦٠ | ٤,٣٠٠ | ٥٠٠ |
| قەسابی | ١٢٠ | ٦٠٠ | ٦٧٠ | ٣٠٠ | ٢٠,٠٠ | ١,٠٠٠ |
| بەلەموان | ٧٦٠ | ٨٠٠ | – | – | – | ٢٥,٦٠٠ |
| جەزا | ١٢٠ | ٦٠٠ | ١٢٠ | ٧٥ | ٥,٢٠٠ | ١,٠٠٠ |
| باجی نەوت | – | – | – | – | ٢,٥٠٠ | – |
| جامبازی دانەوێڵە | – | – | ٤٠٠ | ٥٠٠ | – | – |
| دەلالی | ١١٠ | ٩٠٠٠ | ٥٠٠ | – | ٢٧,٦٠٠ | ٢,٠٠٠ |
| جامبازی ئاژەڵ | ٤٢٠ | ٦٠ | ٤,٣٢٠ | ٥٠٠ | – | – |
| باجی قەپان | ١,٢٦٠ | ٩,٣٠٠ | ١,٠٠٠ | ٤٠٠ | ٩,٩٦٠ | ٦٢٥ |
| ولاخی کاروان | ٨٤٠ | ١,١٠٠ | – | ٥٠٠ | ٦,٩٠٠ | ٨٠٠ |
| ئەرزیە | – | – | – | – | ٤٠٠ | ٢٠٠ |
| کرێ | – | – | – | – | ٨٠٠ | ١٠٠ |
| داهاتی ئامرازی مۆسیقا | ١٥٠ | ١٥٠ | ١٥٠ | ٢٠ | – | ٤٠ |
| باجی پیشەکان | – | ٢٠٤٠ | ٧٨٠ | ٥٠٠ | – | – |
| کاسبانە | ٤٨٠ | ٢٩٠ | ٢٤٠ | ١٠٠ | – | – |
| شتیتری جۆراوجۆر | ٦٨٤ | ٦٠٠ | ٥٠٠ | ٣٠٠ | ١٠٠٠ | ١٥٠ |
| **گشتی** | ٧,٠٤٤ | ٢٣,١٠٠ | ١١,٤٦٤ | ٣,٤٥٥ | ٨٩,٩٤٠ | ٣٢,١٠٥ [٦٦] |

بنکەی ژین
www.zheen.org

[٦٦] لەوە دەچێ ئینگلیز بیری لە هەموو شتێ کردبێتەوە کە داهاتی هەیە و دەکرێ باج و ڕەسمی لێ بسەندرێ. لە بواری کشتوکاڵ و مەڕومالاتدا هەتا ڕاوەماسیش لەبیر نەچوەتەوە. لەناو بازاڕو کاروباری شارو شارۆچکەکانیشدا، هەتا باجی لەسەر ولاخی کاروانیش وەرگرتووە ! هەروەها لەوەدەچێ بۆ چۆنیەتی خەرجکردن و سنوورەکانی خەرجکردنی ئەو داهات و باجانەش،

**لە شارەوانییە بچووکوکاندا، ڕێژەی مووچەی فەرمانبەران، ئەوەندە زۆرە کە لە ڕێژەی هەموو یا سەرجەمی خەرجیەکانی تر زۆرترە. خەرجیەکانی تر زیاتر بۆ ڕێگەوبان، پرد، کاروباری پاکوخاوێنی، چاککردنەوەی بیناکان و کۆمەککردنەوەی بیناکان و کۆمەککرنی هەژاران سەرف دەکرێن. کفرییەکان (شارەوانی کفری) هەتا مووچەی دکتۆرکەشیان پەرداخت دەکەن. لە ئاڵتوون کۆپری خەرجی قوتابخانەکەو، لە کەرکووکیش خەرجی خانەی هەتیوان و شتی تر لە پارەی شارەوانی دابین دەکرێن.**

**دەشێ مرۆڤ دژ بە مانەوەی شارەوانیە بچووکەکانی وەك تاووق قسە بکات، چونکە ئەو سوودانەی کە دەیبەخشن، جگە لە مسۆگەرکردنی مووچەی کارمەندان و هەندێ "کەناسی" نابەدڵی کارەکە و ڕووپێی بە ڕووکەش خۆشحاڵکەری سواڵکەرەکان، هیچ سوودێکی ئەوتۆیان نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە لەئارادان، هێشتا دەبێ هان بدرێن و دەستخۆشی کارکارکردنیان لێ بکرێ. لەبەر ئەوەی بەگشتی زەرەرمەند نین و، خۆیان پشتیوانی ماددی خۆیان مسۆگەر دەکەن. ئەوان کاری مامۆستایی دەکەن، ئەرز بۆ گەشەپێدانی ناوچەکەیان تەرخان دەکەن، لەوەشە جێگە بۆ باخچەی منداڵان مسۆگەر بکەن. ئەمساڵ لە سەرتاسەری دەڤەرەکەدا، ناتەواوی هەبوو، بەڵام زۆربەی ئەو کەمی و کەسرییانە بەرامبەر بە ویستی بەرەوپێشچوون و هەڵکشانی کارەکان، وردە وردە نەماوە و لابراوە.**

**کرێکاری بینا لە هەموو شوێنێ کەم ودەگمەنە و نرخیشیان گرانە. وەستاکان کرێ و دەستمزیان دووقات کردووە، کرێکاری دەستڕەنگین هێنراون.**

---

**سنوور و جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرایان کێشابێ. باجی گومرگ و کشتوکاڵ و مەڕوماڵات و دادگاو تەلەفۆن و پۆست و تەلگراف و پۆستە و ئەو جۆرە داهاتانەیان بە حەقی خۆیان زانیوە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی ئیداری و عەسکەرییان. بەڵام هەرچی پەیوەندی بە بازاڕ و داهاتی ناو شارەوانیەکانەوەیە، بە هەق و مافی شارەوانیەکانیان زانیوە. دەبێ ئەوشمان لەبیر نەچێ کە دەسەڵاتی سەرەکی هەر ئەنجومەنێك لە ئەنجومەنی شارەوانیەکان، وەك خۆشیان ڕوونیان کردۆتەوە، هی خۆیان و، سەردەستی ئەنجومەنەکانیش ئینگلیز بوون.**

دارتاشەکان‌و کرێکاری بینا دروستکردن، بێ ئەندازە لە ویست و داوای بازاڕ کەمترن. بەتایبەت لێرەش، هەر هیچ نەبێ لە کەرکووک، سوپا هەرچەند زۆر شارەزای ئەم کارانە نییە، بەڵام ڕایگەیاندووە کە جۆرە مسوگەری و کۆنترۆڵکردنێکی بۆ بەردەوامی کارەکانی خۆی کردووە.

"ئاسن" لە هەموو شوێنێك زۆر کەمە. گەچ، کەرەستەی سەرەکی بیناکردنە، دەکرێ دەست بکەوێ، بەڵام بە دە قاتی نرخی ئاسایی خۆی. لێرە هێشتا خشتی تەنوور زۆر بەکارنایەت، لەوانەیە لەبەر گرانی سووتەمەنی بێ، هەتا بەگوێرەی خشتی ئاساییش، واتە خشتی دەستکرد، پارەی کرێنی کا دەبێ هەمیشە ڕەچاو بکرێ. دارتاشەکان کە زۆر کەمن و دەست ڕەنگین نین، کەرەستەی کارو دارو تەختەی وشکیان زۆر کەمە. لەگەڵ ئەو هەموو کەمیەشدا کە ئاماژەمان پێ کرا، بەرەوپێشەوەچوونێکی زۆر باش لە هەموو شوێنێکی چاککردنەوەی بیناکان، کردنەوەی دوکانەکان و چاککردنەوەی خراپەکاریەکانی وەختی جەنگدا بەدی دەکرێن.

ئەم خشتەیە تێگەیشتنێك سەبارەت بە قەوارەی ئەو شارەوانیانە دەخاتە بەرچاو:

| شارەوانیەکان | ژمارەی موختارەکان | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی دوکانەکان | کانوونی یەکەم |
|---|---|---|---|---|
| قەرەتەپە | ٢ | ١٥٠٠ | ١٧ | ٤٥ |
| کفری | ٢ | ٣٢٠٠ | ١٣٥ | ١٧٧ |
| تووز | ٥ | ٢٧٠٠ | ٥٣ | ٧٠ |
| تاووق | ٤ | ١٢٠٠ | - | ١٦ |
| کەرکووك | ١٦ | ٢١,٠٠٠ | ٣٧٥ | ١,٠٣٧ |
| ئاڵتوون کۆپری | ٤ | ٢,٥٠٠ | ٧ | ٤٦[٦٧] |

[٦٧] خوێندنەوەیەکی سەرپێیی ئەم خشتەیە، بە گەڕانەوە بۆ ئەو سەرژمێریەی کە لە بەشی "سەرژمێری خەڵکەکەدا هاتووە، بۆمان ڕوون دەکەنەوە:

١- بۆ سەرژمێری خەڵکانی ناو شاری کەرکووك، ٢.١٦١کەس جیاوازی هەیە، لەم خشتەیەدا ژمارەی خەڵکەکە ٢١.١٠٠٠ کەسە، بەڵام لە هی "سەرژمێری خەڵکەکە"دا ١٨.٨٣٩ کەسە.

**هەندێ تێبینی سەبارەت بە هەریەکە لەو شارەوانیانە:**

**قەرەتەپە:**

**شارەوانییەکی پاك و خاوێن و بەئاسایشە، لەگەڵ توانایەکی بێسنووری نەشونماکردندا. بازاڕەکەی زۆر چاك ڕاگیراوە، جادەکانی پاك وخاوێنن. لە کۆتایی ساڵدا ماوەی حیساباتەکەی–لە ٣١ی کانوونی یەکەمدا–٤.٢٠٠ ڕووپیێ بووە، هیچ خەرج و پڕۆژەیەکی تایبەتی شارەوانیەکە بەجێنەماوە[(٦٨)].**

**کفری:**

**بەشێوەیەکی گشتی، پەیوەندی و هەماهەنگی کار لەنێوان فەرمانبەرانی شارەوانیەکەدا ڕێکوپێك نەبوون. لە سەرەتای ساڵدا چەند شپرزەییەك لە کاردا و**

---

ئەمەش ژمارەیەکی جێی سەرنجە و تا ڕادەیەکی زۆر ئەو بۆچوونانەی پەراوێزی ژمارە "٩" دەسەلمێنن. هەرچی سەبارەت بە شارۆچکەی کفرییە، جیاوازییەکەی ئەوەندە نییە، تەنیا ٥٥ کەسە.

٢- ئەگەر ئەم خشتانە حیسابی ڕاستییان بۆ بکرێ، یا ئەگەر بڵێین تا ڕادەیەك نزیك بە ڕاستی بوون، ئەوا دەتوانین ڕێژەی دانیشتوانی شارو شارۆچکەکان بەرامبەر بە دانیشتوانی گوند و ڕەوەندەکان، بەم شێوەیە حیساب بکەین:

لە "سەرژمێری خەڵکەکە"دا ژمارەی گشتی شارەوانی ئاڵتوون کۆپری و کەرکووك و بەشەکانی تری ناوچەکە ٥٨.٤٧٥ کەسە. جا ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی شارەوانی کەرکووك بەپێی ئەم خشتەیە ٢١،٠٠٠ کەس بێ، دەبێ ڕێژەکانی بەم شێوەیە بن:

- ڕێژەی دانیشتوانی کەرکووك دەکاتە ٣٥.٩٪، کەواتە: ڕێژەی دانیشتوانی گوند و ڕەوەندەکان دەکاتە ٦٤.١٪ و بە گوێرەی کفری و دەوروبەریشی ژمارەی گشتی ٣٢.٧٥٥ کەس بوون و ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی کفریو قەرەتەپەش ٤٧٠٠ کەس بووە.
- واتە ڕێژەی دانیشتوانی شارەوانیەکانی کفری و قەرەتەپە دەکاتە ١٤.٣٪. ڕێژەی دانیشتوانی گوند و ڕەوەندەکان دەکاتە ٨٥.٧٠٪.

هەڵبەتە ئەوسا لە کەس شاراوە نەبوە کە ئەگەر لە ٥٠٪ زیاتری ئەو شارو شارۆچکانە کورد نەبووبن، بێشك لە ٩٠٪ ئەو ڕێژە زۆرەی گوندنشین و ڕەوەندەکان کورد و لە عەشیرەتە کوردەکان بوون.

(٦٨) واتە زیادەی داهاتی بەرامبەر بە خەرجیەکانی ئەو ساڵە، ٤.٢٠٠ ڕووپیێ بووە.

پاشانیش نەبوونی هاوکاریکردنی یەکتر، لەنێو فەرمانبەراندا ڕوویان دا. هەرچۆنێك بێ، ئێستا بارودۆخەکە کەمێك لە جاران ڕێکوپێکترە. لە هەندێ باردا، پاکوخاوێنی جێبەجێ کراوە. ئەم کارانەش بە سەرپەرشتی دکتۆری شارەوانی و بە چاودێری دەسەڵاتی یارمەتیدەری حاکمی سیاسی کراون.

جۆگەکان جۆماڵکراون و، ڕێگەوبانەکان دەستکاری و، پردەکانیش ئامادە کراون و، هاتوچۆیان لەسەر دەکرێ. دارتەلی جادەکان چەقێنراون و، هەندێ درەختی سەر شەقامەکان ڕوێنراون. مەرەخەسی و هەندێ مەرجی کار سەپێنراون، بەسەر ئەوانەدا کە خواردن دەفرۆشن" بەسەر سەرتاشەکان و ... هتد، هەروەك ئەوەی لە کەرکووك کراوە.

ئەندامانی ئەنجومەنێکی ناڕەسمی، بەڵام بەردەوام، مانگی ئاب لەلایەن یارمەتیدەری حاکمی سیاسییەوە دەستنیشان کراون. لەوساتەوە بە شێوەیەکی بەردەوام کۆبوونەوەی خۆیان دەکەن و دەسەڵاتی خۆیان سەلماندووە[٦٩]. لە کۆتاییدا، دەبێ بگوترێ زیادەی داهاتی ئەم شارەوانییە بەرامبەر بە خەرجیەکانی لە کۆتایی ساڵدا ٤.٥٠٠ ڕووپێ بووە.

**تووز:**

سەبارەت بەم شارەوانییە، زانیاری زۆر کەم هەیە کە باس بکرێ. شارەکە بە شێوەیەکی مامناوەندی پاکژ کراوەتەوە. هەندێ پردی تێدا دروست کراوە یا چاك کراوەتەوە. چەند کێشەیەك لەنێوان جووەکان و باقی خەڵکانی شارەکە ڕوویان داوە. زیادەی داهات، بەرامبەر بە خەرجیەکانی شارەوانیەکە، لە کۆتایی ساڵدا ٢.٧٠٠ ڕووپێ بووە.

[٦٩] نازانین مەبەست لە ڕەسمی و ناڕەسمی ئەم کارە چی بووە. ئەگەر مەبەست هەڵبژاردن بێ، ئەوا هەڵبژاردن لە شارەکانی تریش نەکراوە و ئەندامان هەر بە دەست نیشانکردن دانراون. ئەگەر دەخالەت و دەستی تێوەردانی حاکمی سیاسی و دەسەڵاتی ئینگلیزی بێ، ئەوا گشت سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شارەوانیەکان، چ لێرە و چ لە شارەوانیەکانی تر، سپێردراون بە حاکمە سیاسیەکان یاخود بە یارمەتیدەرانی حاکمە سیاسیەکان.

**تاووق:**

شارەکە تاقە شوێنێکە لە ناوچەیەکی فرە عەشایردا، کە دەسەلاتی عەشایری تێدا نییە. بۆیە شارەوانی لە سەرەتای ساڵدا جۆرێ لە شێوازی سیستەمی دامەزراوەیی چەسپاندووە. لە ئاکامدا بەپەلە داواکردنی بەڕێوەبەرێك بۆ شارەوانی کە مەبەستی خەڵك بووە، هاتنی ئەو و هەندێ بۆچوونی نابەجێی ئاکامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیەکە، بوونەتە هۆی ڕووداوێکی سەرەکی ئەمساڵ، بەلام دیسان دەکرێ بڵێین شارەوانی چاك و بەهێز بووە.

شارەکە بازاڕێکی بچووکی هەیە. باجە جۆراوجۆرەکان بە بەردەوامی کۆدەکرینەوە. فەرمانبەران مووچە و بژێوی خۆیان مسۆگەر کردووە و، پێشیان خۆشە ئەنجومەنی شارەوانی بێئاگا و خەولێکەوتوو بێ. لەوانەیە شارەوانی قوتابخانەیەکی دەست نیشانکراو بکاتەوە، بەلام تائێستا هیچ قوتابییەك نەهاتۆتە پێشەوە. ڕەنگە زیاتر هەستکردن بە سوودی ڕێگەوبان و گرنگیدانی زیاتریش بە هاتوچۆ، هەر بە زووترین کات ببنە هۆی هێنانی کەرەستەو کالا و پڕکردنی خانەکان و زۆربوونی دوکانەکان. خەرجی ئەم ساڵی شارەوانیەکە بەرامبەر بە سەرجەمی داهاتی۷۷۰.۷ ڕووپێی زیاتر بووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**کەرکووك:**

کاروباری پزیشکی و تەندروستی ئەم شارەوانییە لە شوێنێکی دیکە باسی لێ کراوە. بارودۆخی شارەکە بەگشتی و، هی بازرگانی بەتایبەتی، ئەمساڵ نەشونمایەکی زۆر بەرچاو بەخۆوە دەبینێ، ئەگەر بتوانرێ ڕێژە و ئاستی باش وەدەست بهێنرێ. کەرکووك۳۰.۰۰ بۆ ۳۵.۰۰ دانیشتووی هەبوە، لەکاتی دووەم داگیرکردندا نزیکەی ۱۰.۰۰۰ کەسی تێدا مابوو. ئێستا ژمارەی دانیشتوانی لەنێوان ۲۰.۰۰۰ بۆ ۲۵.۰۰۰ کەسە. زۆربەی خانوەکانی هێشتا هەر وێرانەن. لەڕاستیدا بەسەرداچوونەوەی تاپۆکان، ئەوەیان پیشان داوە کە نزیکەی ۵۰٪ی خانووەکان ڕووخاون. ئێستا لەوانەیە ژمارەیەکی زۆریان چاك کرابێتەوە و بۆ جارێکی تر خەڵکیان

تێدا نیشتەجێ بووبێ. دوکانەکان بە بەردەوامی چاك دەکرێنەوە، ڕێك دەخرێن و تازە و نوێ دەکرێنەوە. دوکان و ماڵان، ژمارەی تایبەتیان دراوەتێ. هەندێ کێشە لە بازاڕدا، بەهۆی بەرز و نزم بوونەوەی پارەگۆڕینەوە، بەدەرکەوتوون. ئەم حاڵەتە بەگشتی کاریگەری خراپی بۆ سەر کاروباری دوکانداران هەبوە. هەرچۆنێك بێ، لەوە ناچێ ئەم کێشەیە ڕوویداتەوەو، کارەکە بەگشتی پێویستی بە دەست تێوردانی ئێمە نییە. ڕێگەوبانەکان چاك کراونەتەوە" تا بۆ ئەگەری نوێ شیاو بن، قیرتاوکراون. پردەکان و کارێزەکان دەستکاری کراون.

لەشکر ڕۆڵی سەرەکی لە چاککردنەوەی جادە سەرەکیەکاندا بینیوە، بەتایبەت لە چاککردنەوەی پردە سەرەکیەکەی شارەکە و چرا و ئەلەتریکی سەرشەقامەکاندا. لەشکر لە هەقیقەتدا کەمتر لە پێویست، ئەو ڕۆڵەی بینیوە، ئەم کارانە هەر لە سەرەتای ساڵەوە جێبەجێ کراون.

هەبوونی ئافرەتانی سۆزانی، ئەم بەهارە بۆتە هۆی کۆمەڵێ گیروگرفت و کێشە لە گەڕەکەکاندا، ئەم کارە پێویستی بە چارەسەرکردن هەبوە. بۆیە هەموویان لە گەڕەکەکان دەرکراون و لە شوێنیکی تایبەتی بەشی چەپی چەمەکە نیشتەجێ کراون[٧٠]. خانووی هەتیوان لە بنچینەدا بۆ ئەو مەبەستە پارەی بۆ تەرخان نەکراوە کە خانەیەکی هەمیشەیی بێ و ببێتە دەزگایەکی شارەوانی، ئێستا هەم هەتیوخانە و هەم سەر بە شارەوانییە.

ئەمساڵ ٥٠ منداڵی بچووك لەو خانەیە نیشتەجێ کراون و بەخێو و چاودێری دەکرێن. دەیانیان وەك خزمەتکار،ماڵیان بۆ دۆزراوەتەوە. هەندێکیان نێردراون بۆ شاگردی و، گەورەکانیان نێردراون بۆ قوتابخانەی سەرەتایی. هەتیوخانەکە، ساڵی ١٩١٩ نزیکەی ١٤.٠٠٠ ڕووپێ خەرجیی هەبوە. ئەمە ئەو خەرجی و یارمەتیەشی

---

[٧٠] مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، ئەم بابەتە بەشێوەیەکی تر باس دەکات. ئەو دەڵێ: ((قەحبەخانەیەکیان لە خانێکی نزیك بە پۆلیسخانە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی خڕی خاسە نزیك بە "ئەشەك مەیدان" بۆ پۆلیس و سەربازەکانیان کردەوە)) (بڕوانە: كركوك في عهد الاستعمار والعهود التالية).

تێدایە کە لە سەرەتای ساڵەوە تا مانگی ئەیلوول، لەبەر دەرگای هەتیوخانەکەدا پێشکەش کراون بە هەتیوەکانی دەرەوەی هەتیوخانە. ئەم شێوە کۆمەکە لە مانگی ئەیلوولەوە ڕاگیراوە.

خەرجییەکی تری گرنگ و لەبەرچاو، خەرجی ئەو باغچە گشتییەی بەردەم سەرایە. ئەم باغچەیە نزیکەی ٣ هێکتارە. ئەو شوێنە بۆ چەند مانگێ بەشێوەیەکی زۆر ناشایستە وەك زبڵخانە و شوێنی وەستانی لۆری بەکارهێنراوە. ئێستا ڕێك و تەخت کراوە و چیمەنی تێدا ڕووێنراوە. بڕیارە لە وەرزی شیاودا، کۆمەڵێ دارو درختی تیا بڕوێنرێ. دیوارێکی باش و شۆستەیەکی شیاوی بۆ کراوە[٧١].

لە مانگی نیسان بەدواوە، ئەنجومەنی شارەوانی (کە نۆ ئەندامن) هەر دوانزدە ڕۆژ جارێ، لەگەڵ حاکمی سیاسی یا ئەفسەرێکی تردا، بۆ لێدوان و لێکوڵینەوەی کارەکان کۆبوونەتەوە. گرنگی ئەنجومەن و بەهای فێربوونی ئەم کارە دوولایەنەیە، بۆیە دەبێ دەستووری ئەنجومەن بڕیاری لێ بدرێ. هەروەها دەبێ ئامادەبوونی ئەفسەری ئێمە لە کۆبونەوەکاندا تەنیا بۆ ڕێنماییکردن بێ. ئەم ئەنجومەنە پەرلەمانییە، دەبێ خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بکات. زیادەی حیسباتی شارەوانی لەکۆتایی ساڵدا ١١.٦١٦.١٥ ڕووپێ بووە.

www.zheen.org

[٧١] لەڕاستیدا ئەم باغچەیە، لەوەختی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە، بۆ حەسانەوەی فەرمانبەران و ئەفسەرانی دەوڵەتی عوسمانی دروست کرابوو. بەڵام دیارە پاش کزبوونەوەی دەسەڵاتی ئیتیحادیەکان، واتە دەسەڵاتی عوسمانیو، هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی، گرنگییەکی پێ نەدراوە وپشت گوێ خراوە" تا گەیشتۆتە ئەوەی کە ساڵانی ١٩١٨-١٩١٩دا وەك شوێنی زبڵخانەو گەراجی وەستانی لۆری بەکاربهێنرێ. ئەم باغچەیە هەمان باغچەیە کە تا دامەزراندنی عەلی حەسەن مەجید "عەلی کیمیاوی"ی بەرپرسی دەزگای باکووری حیزبی بەعس (١٩٨٧) بەناوی باغچەی مەجیدییەوە مابۆوە.

**ئاڵتوون کۆپری:**

فاکتەری سەرەکی ئاڵتوون کۆپری پردەکەیەتی، کە لە مانگی چواردا بۆ جارێکی تر کراوەتەوە. باجی بەکارهێنانی پردەکە، سەرچاوەی داهاتێکی بەردەوامە. خەرجی پردەکە ٧٦.٠٠٠ ڕووپێیە، کە دەبێ شارەوانی ئەم پارەیە لەماوەی شەش مانگدا بداتەوە. وەك زانراوە چاودێریکردنی پردەکە ئەرکی سوپایە. شارەکە بەهۆی بارودۆخی جەنگەوە، لە نیوە زیاتر کەم بۆتەوە. لە کاتی گرتنیدا زۆر پیس و پۆخڵ بوو. شارەکە بە شێوەیەکی ئاسایی بە بازرگانی کەڵەك دەچێ. ئێستاش ئەم کارە بەردەوامە، بەڵام زۆر لە ئاستێکی نزمدایە. هەڵبەتە لەبەر دوو هۆ" یەك، گرانی چەرمو، دوو، لەبەر ئەوەی ئیتر گواستنەوەی دانەوێڵە بەرەو خوارووی ڕووبارەکە نەماوە. دەرمانخانەیەك لە شارەکەدا هەیە، ئەم دەرمانخانەیە بەو پارەیە بەڕێوەدەچێ کە لەلایەن شارەوانییەوە بۆی تەرخان کراوە. سەربازەکان لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی بەشی چەپی ڕووبارەکەدا، بەسەر ماڵانی شارەکەدا دابەش کران. پاشان لە مانگی ئەیلوولدا، گەڕاونەتەوە ماڵەکانی خۆیان، حیساباتی کۆتایی ساڵ ٥.٧٧٠.١٢ ڕووپی بووە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(١٣)

# پزیشكی و تەندروستی[٧٢]

**ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن R.HAYی پزیشك و نەشتەگەری دەڤەری كەركووكەوە ئامادەكراوە:**

**كارەكان لەماوەی ساڵەكەدا ئەمانە بوون:**

**١ – كاروباری پزیشكی:**

- **كردنەوەی خەستەخانەیەكی مەدەنی لە كەركووك.**
- **كردنەوەی دەرمانخانەیەكی مەدەنی لە كفری.**
- **كردنەوەی دەرمانخانەیەكی مەدەنی لە ئاڵتوون كۆپری.**

---

[٧٢] دەسەڵاتی عەسكەری بریتانی، هەر لە كۆتایی ساڵی ١٩١٨وە، كە بەتەواوەتی كۆنترۆڵی هەرسێ ویلایەتەكەی كرد، یەكێ لەو كێشانەی كە ڕووبەڕووی بووەوە، كێشەی پاكوتەمیزی و تەندروستی خەڵكەكەی بوو. كە سەربازەكان و سەرجەمی ئەو خەڵكانەی كە پەیوەندییان بە لەشكرەكەوە و تێكەڵاویان لەگەڵیاندا هەبوو، بەتایبەت كێشەی پاكوتەمیزی ناو شار و شارۆچكەكانیان بۆ ئاشكرا بوو، بەرە ڕووی چۆنیەتی چارەسەركردنی ئەو نەخۆشییە گرانانە بوونەوە كە ڕۆژانە بە كۆمەڵ خەڵكە هەژارەكەی بەرەو مەرگ و مردن دەبرد. بۆیە هەر زوو سكرتاریەتێكی تایبەتی بۆ تەندرو ستی دامەزراند، بە سەرپەرشتی سەرهەنگ W.R.Battye كە لە بەغداوە سەرپەرشتی كاروباری تەندروستی و پلاندانانی چۆنێتی چارەسەركردنی كێشە تەندروستیەكانی هەموو ناوچەكانی میسۆپۆتامیای دەكرد (بڕوانە: ل١٠٨ی ١٩٥٠-١٩٠٠ IRAQ).

ئینگلیزەكان كاتێ یەكەم هەنگاویان نا بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی تەندروستی ناوچەكە، بەڕاشكاوی ئەوەیان بەدی كرد كە لە پێنجدا چواری خەڵكەكە، بەهۆی كەمی خواردن وپیس و پۆخڵییەوە، تووشی دەیان نەخۆشی وەك مەلاریا بوون. ڕێژەی مردنی منداڵانیش گەورەترین ڕێژە بوو لە هەموو دنیادا. بۆیە وەك چارەسەرییەكی بەپەلە بڕیاری كردنەوەی ٥٠ نەخۆشخانە و تیمارگەیان لە سەرتاسەری شارەكانی میسۆپۆتامیا دەركرد. چەند دانەیەك لەو تیمارگەو نەخۆشخانانە بەر دەڤەری كەركووك كەوتبوون (بڕوانە: ل١١٢-١١٣ی Review كەی مسز بێڵ).

**٢- پاكوخاوێنی:**

**پاككردنەوەی شارەكانی كەركوك، ئاڵتوون كۆپری و كفری. چەسپاندنی سیستەمی پشكنین و چاودێریكردن، كۆمەڵێ بەڕێوبەرایەتی و دەزگا و شوێنە جۆراوجۆرەكانی ژیان و گوزەرانی ناو شارەكە، بەتایبەت ئەوانەی كاریگەرییان بۆ تەندروستی خەڵك هەیە.**

**(١) كەركووك**

**ئـ- تەندروستی:**

**١. خەستەخانە مەدەنیەكان مانگی (   ) كراونەتەوە[٧٣].**

**٢. دوكتۆر نووری ئەڵلاوێردی هەر لە سەرەتاوە بە پلەی لێپرسراوی پزشكی دانراوە[٧٤].**

**٣. كاپتن G.S.Woodman ئەركی نەشتەگەری گشتی كەركووكی پێسپێردراوە. لە ١٩١٩/٣/١وە دەستی بەكار كردووە و لە تەمووزدا چوٚتەوە بۆ بریتانیا.**

**٤. كاتێ R. Hay بووە بە سەرۆكی نەشتەرگەرەكان، دكتۆر نووری تا مانگی تشرینی دووەم كاری كردووە بۆ كاپتن Woodman.**

**٥. هەر لە سەرەتاوە نەخۆشی خەوتوو لە خەستەخانەكەدا تیمار و چارە كراوە.**

www.zheen.org

---

